# گوڵان


پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سییەم (١٣٧٧)- (٢١)ی ئابی ٢٠٢٣





"ئەمریکا هەڵەیەکی گەورەی کرد کە بە بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دوای کەمتر لە ٤٥ ڕۆژ لە هێزێکی ڕزگارکەرەوە خۆی کرد بە هێزێکی داگیرکەر

"هەموو کات هەوڵێك هەبووە بۆ ئەوەی لەسەر حیسابی مافەکانی گەلی کوردستان لایەنەکانی دیکە ڕازی بکرێن

خوێندنەوەیەك بۆ بەرگی شەشەمی کتێبی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد

# نووسینەوەی مێژوو دەروازەیەکە بۆ شرۆڤەکردنی داهاتوو




### کێشەی نێوان عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩٨


## ئەمریکا و بەریتانیا بە توندی عێراقیان بۆردومان کرد


### ٧٨

ساڵی ١٩٩٨، پەیوەندییەکانی نێوان عێراق لە لایەک و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمەریکا و بەریتانیا لەلایەکی ترەوە گرژیی تێ کەوت و زۆر توند و ئاڵۆز بوون. ئەوان وای بۆ دەچوون کە عێراق پابەند نییە بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و پێشێلیان دەکات. ئەو گرژییانە هەر بەردەوام بوون هەتا کار گەیشتە ئەوەی لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٨-دا ئەمەریکا و بەریتانیا زۆر بە توندی چەندین پێگە و شوێنی گرنگی عێراقیان لە بەغدا و دەوروبەری و مووسڵ و تکریت و شوێنەکانی تر بۆردومان کرد. لە کۆتاییدا عێراق پاشەکشەی کرد، هەر چەند ڕووسیا و فەرەنسا و کۆماری عەرەبی و کوفی عەنان[1] هەوڵێکی زۆریان بۆ نێوبژیوانی دا، بەڵام لە کۆتاییدا بۆردومانەکە کرا.

---

(١) کوفی عەنان، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو لە ١٩٩٧ هەتا ٢٠٠٦. ناوبراو، ساڵی ٢٠٠١ براوەی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی بوو




لەم ماوەیەدا دوو کتێبی تازە چاپکران و کتێبخانەی کوردییان پێ دەوڵەمەند بوو، کتێبی یەکەم بە ناوی (شۆڕش لە زاری پێشمەرگەیەك) لە نووسینی (مەجید تەیب).. نووسەری ئەم کتێبە بە شێوەزارە سادەکەی دەشتی هەولێر، هەندێ لە وێستگە سەرەکییەکانی دەستپێك و ژیانی پێشمەرگایەتی و ڕۆژە سەختەکانی شەڕ و هێرش و پەلامارەکانی سوپای حکومەت و لایەنی کارگێڕی و سەندیکایی خۆی تۆمارکردووە، وەك: چۆنێتیی پەیوەندیکردنی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو هێزەکانی پۆلیس و پاشان چوونە ڕیزەکانی پێشمەرگە و شەڕ و قارەمانێتییەکانی ئەو ماوەیە و بوونی بە سەرۆکی یەکێتیی جووتیاران و کۆمەڵێك باس و خواس و بەسەرهاتی دیکە. جگە لەم بوارانەی ئاماژەیان پێکراوە، لە زاری چەندین کەسایەتی و سیاسەتمەداری کورد و هەڤاڵانی خۆیەوە باس لە مەجید تەیب کراوە، لەوانە موحسین دزەیی و سەید کاکە و دکتۆر پیرۆت ئەحمەد و عادل بۆتانی و جەوهەر قەهار گەلاڵی و سەعدی گەورە و مەلا هەمزە باقرتەیی و سەعدی ئەحمەد پیر ە و مەلا عەزیز مەخمووری و مامۆستا عەبدولڕەحمان سدیق و فەریق نایف فارس باوە.

کتێبی دووەم کە بە زمانی عەرەبییە بەناونیشانی ((حضارة آدم - (عليه السلام) قصة الحضارة البشرية بإيجاز)) لە نووسینی (فتحي المدرس)، ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ گێڕانەوەی چیرۆك و سەربردەی مرۆڤایەتی لە زۆر گۆشەی زانیارییەوە، گرنگ ئەوەیە بزانرێت کە لە ڕاستیدا مرۆڤایەتی توانیویەتی زەوی لە نەبوونەوە بنیادبنێت و ئاوەدانی بکاتەوە، پێوەری زانست لای مرۆڤ ڕێژەیی و نەزانراوە، مەرجیش نییە زانستی زۆر ببێتە توخمێك و یارمەتیدەری داهێنان بێت، زۆر جار زانستی کەم دەبینین، بەڵام سوودی بۆ مرۆڤ دەبێت. ئەم کتێبە ئاماژە بە چەندین بابەت و بواری شارستانییەتی ئادەم (سڵاوی خوای لێ بێت) دەکات، لەوانە ئادەم و گەشت و ململانێ لەگەڵ کاتدا، ڕۆڵە و وەچەکانی ئادەم، فەلسەفەی ئادەم بۆ تێگەیشتن لە بوون، لە ئادەمەوە بۆ جیهانگیری و سەرهەڵدانی شارستانییەتەکان، ئادەم کۆمەڵگە و دەوڵەت بنیاد دەنێت، ئادەم و سیستەمی نوێبووەوەی جیهان، جیهانگیریی ئادەم، ئادەم ئایندە دروست دەکات، ئادەم بەدوای بەختەوەری و خۆیدا دەگەڕێت.. تاد.

دەست خۆشی لە نووسەرانی ئەو دوو کتێبە دەکەین، بە ئومێدی بەرهەمی زیاتر.




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر


■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com


چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر
ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری
Web: www.gulanmedia.com

« بڵند محەمەد مەولوود مەم :




## لە هەرێمی کوردستان ٢٨٠٢٨ کۆمپانیای نیشتمانی و ٣٣٤٥ کۆمپانیای بیانی تۆمار کراون

« دکتۆر ئەفرام محەمەد حەسەن :




## چارەسەری ئالوودەبووانی مادده هۆشبەرەکان ئەرکێکی سەرەکیی حکومەتە و پێویستی بە سەنتەری پێشکەوتوو هەیە

« ژیان ڕەزا حەسەن فەیلی :



## کوردانی فەیلی لە عێراقدا لە کارێگەری و شوێنەوارەکانی جینۆساید ڕزگاریان نەبووە و پێگە و مافەکانیان بۆ نەگەڕاوەتەوە

« ئەلینا ڕۆشا مینۆکاڵ :



## دیموکراسی و گەشەی ئابووری دووانەیەکی لێکدانەبڕاو نین

مەغدید عەریف ئەحمەد :



**لە دوای بڕیاری
بەقەزابوونی خەلیفان
گرنگیی زیاتر بە
سنوورەکە دەدرێت**

نێرگز جەلال :

**دەمەوێت بگەم
بە لووتکە و بناسرێم**





بەهار ڕەفیق فەتحوڵڵا: :

**پێشتر بە چەک شەڕیان
لەگەڵ دەکردین،
ئێستاش شەڕی تۆزی
سپیمان لەگەڵ دەکەن**

**هۆکارە هاندەرەکانی
تووشبوون بە شێرپەنجەی
مەمک لە ئافرەتدا**





سیما تەکیەخام:

**منداڵان داهاتووی
نیشتمانن پێویستە
گرنگیی زیاتریان پێ
بدرێت لە هونەردا**

**ڕکابەرێکی جیدی بۆ
مۆبایلە چەماوەکەی سامسۆنگ**



# مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیانی مەهابادی

## زانایەکی وڵاتپەروەر و بارزانی ناس لە چوارچرا و موکریان و سابڵاخ

**دەبێت لێرەدا ئەوە بە بیری خۆم و هەموو لایەك بهێنمەوە کە ئێمە ئێستا سەرقاڵی سوننەتێکی زۆر ڕەسەنی ئایینی و مەزهەبیی خۆمانین، هەر ئەم سوننەتە گەورەیەیە کە ئێمەی ئاوا لە دەوری یەکتری کۆ کردووەتەوە، ئەویش بەرزڕاگرتنی ساڵیادی کەسایەتییەکی بەرزی هەم ئایینی، هەم نەتەوەییە، کە ئەویش (مەلا مستەفای بارزانی)یە، بەڵێ، ئەو هەڵگری ناسناوی پیرۆزی (مەلا)یە و ئێمەیش مەلاین، ئەو مەردە شۆڕشڤانە بە ناسناوی (بارزانی) لە ناو شۆڕشە ئازادیخوازەکانی جیهاندا جێگەی خۆی زۆر بە زەقی و دیاری کردووەتەوە و تیانووسی نیو سەدە خەباتی خۆی بە هەموو جیهان زۆر قارەمانانە نیشان داوە.**

زانای زماننااس و ئایینندار و وڵاتپەروەر مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان، ناوێکی دیارە لە گۆڕەپانی زانست و کوردایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەتایبەتی لە شاری مەهابادی پایتەختی کۆماری کوردستان و مەیدانی چوارچرای یادگاریی پێشەوا (قازی محەممەد)ی یەکەم سەرۆك کۆماری کوردستاندا، مامۆستا ئەحمەدیان هەموو تەمەنی خۆی لە دەستخستنی زانست و پەروەردەکردنی قوتابیان و فەقێیان بە فکری ئاییینداری و نیشتمانپەروەری بردووەتە سەر، نووسینەکانی ئەو و یادی مامۆستا هەژار و مامۆستا هێمن و بابەشێخی سەرۆکوەزیرانی کۆماری مەهاباد و تەواوی شۆڕشگێڕانی گۆڕەپانی کوردایەتی، باشترین شایەتن لەسەر فکری کوردویستی و وڵاتدۆستیی مامۆستا ئەحمەدیان، هەر لەبەر گرنگیی کەسایەتی و پلەی زانستیی مامۆستا، بەندەی نووسەری ئەم وتارە تێزی دکتۆراکەم لە زانکۆی سلێمانی لەسەر جەنابیانە، بە ناونیشانی: (الملاّ عبداللّه أحمديان المهابادي.. جهوده، ومنهجه وآراؤه، في التّفسير، وعلوم القرآن)، و دوای توێژینەوەی لەلایەن پسپۆڕانەوە لە دکتۆر و پرۆفیسۆرەکانی زانکۆکانی هەرێم، بە پلەی (زۆر باشە) پەسەند کرا.

مامۆستا هەمیشە لە نووسینەکانیدا بیری وڵاتپەروەری ئاوێتەی ئیسلامناسی کردووە، ئیسلامی کوردەواری بە تەواوەتی لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، هەردەم



**د. عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد- ئەحمەدئاوا**

بۆ گوڵانی نووسیوە

خۆماڵیبوون بە نووسینەکانیەوە دیار بووە، بۆیە لە بارەی شانازیی ڕۆڵی کورد لە چوارچێوەی پەیامی ئیسلامدا نووسیویەتی: هەر لەو ڕۆژەڕا کە گاوانێکی کورد (جابانی کوردی)، چمچمەکەی هەڵکێشا و فەرەنجییەکەی لەبەر کرد و قەفی گۆچانەکەی بە قۆڵیدا کرد، لە کوردستان ڕا (هەر بەو بەرگە کوردانەیەوە) بەرەو مەدینە وەڕێ کەوت، بڕوای بە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) هێنا، (لە ڕیزی هاوەڵانی بەرزی ڕۆم و فارس و حەبەشە و...) جێگای شیاوی خۆی بۆ کرایەوە، لەو کاتەوە ڕا بە هەزاران زانای گەورە لە چینی موحەددیسین، موتەکەللیمین، فوقەها، موئەڕیخین، موفەسیرین، زانایانی ڕەوانبێژی و ڕێزمانی قورئان. لە ناو گەلی کورددا هەڵکەوتن و بە درێژایی مێژوو زانا ئایینییەکانی وڵاتی کوردەواری نەك هەر لە وڵاتەکەی خۆیان، بەڵکو دەسەڵاتی زانستیی تەواوی وڵاتانی دیکەی جیهانی ئیسلامەتیشیان گرتە دەست.

جا هەر لەم ڕوانگە نەتەوەیی و نیشتمانی و وڵاتدۆستییەوە، لە یەکەمین کۆچیادی باوکی نەتەوەیی کورد مەلا مستەفا بارزانیدا، ژمارەیەك لە مەلا باشەکانی شاری مەهاباد، هەر لەو شارە و لە تەنیشت یادگاریی چوارچرا و پێشەوا قازی محەمەدەوە کەڕنەڤاڵێك بۆ ئەو یادە دەگێڕن، هەرچەندە دۆخەکە زۆر ناساز دەبێت و، لە دەمێکدا ئەوە دەکەن تازە ڕژێمی پاشایەتی ڕووخاوە و دەسەڵاتی نوێ

کەوتووەتەکار، بەڵام هەر دەربەست نابن و وره و حەماسەتی نیشتمانی و ئایینییان بۆ کورد و بارزانی ئەو مەترسییانە لە خەیاڵیان دەسڕێتەوە، دیارترینی ئەو مەلا باشانەی هەستاون بە سازدانی کۆڕەکە، ڕەوانشاد زانای مەزن و ڕاڤیاری قورئان (مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیانی مەهابادی)یە، لەگەڵ (مامۆستا مەلا کەریمی شاریکەندی) و(مامۆستا مەلا مەحموودی سالکی) و (مامۆستا مەلا ڕەشیدی قەرەنی زادە) و (مەلا عەزیزی



تەئید) و چەندینی دیکەش. دوای ئەوەی لەم کۆڕەدا بە تێکڕای دەنگ ماددەی هەشتی ئەوکات (کە لە بەرژەوەندیی پەیڕەوانی ڕێبازی بارزانیدا) نابێت، ڕەت دەکەنەوە، چەندین وتار و باسی گەرم لەسەر کەسایەتیی مەلا مستەفا و شۆڕشەکەی دەخوێننەوە، کە هەر ئەم هۆکارەش بوو دواتر بووە مایەی تیرۆرکردنی (مامۆستا مەلا کەریمی شاریکەندی) و خوا و ڕاسان. (مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای ئەحمەدیان) یش، لە هەوڵی تیرۆرکردن ڕزگاری بوو! لەو کەرنەڤاڵەدا (مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای ئەحمەدیان) وتارێکی نایاب و پڕ لە وشە و دەستەواژەی زێڕین دەخوێنێتەوە، کە پوختە و کورتەی ئەمەیە:

سەرەتا دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت، کە دەستخۆشییەکی زۆر گەرم ئاراستەی ئەوانە بکەم کە ئەم کەرنەڤاڵەی یەکەمینساڵیادی کۆچی دوایی ڕێبەری کەم وێنەی گەلی کورد (مەلا مستەفای بارزانی)یان، ڕێکخستووە، دەستی هەموویان ئەگوشم و چاویان ماچ ئەکەم و شیاوی هەموو پێزانینێکن. دەبێت لێرەدا ئەوە بە بیری خۆم و هەموو لایەك بهێنمەوە کە ئێمە ئێستا سەرقاڵی سوننەتێکی زۆر ڕەسەنی ئایینی و مەزهەبیی خۆمانین، هەر ئەم سوننەتە گەورەیەیە کە ئێمەی ئاوا لە دەوری یەکتری کۆکردووەتەوە، کە ئەویش بەرزڕاگرتنی ساڵیادی کەسایەتییەکی بەرزی هەم ئایینی و هەم نەتەوەییە، کە ئەویش (مەلا مستەفای بارزانی)یە، بەڵێ ئەو هەڵگری ناسناوی پیرۆزی (مەلا)یە و ئێمەش مەلاین، ئەو مەردە شۆڕشڤانە بە ناسناوی (بارزانی) لە ناو شۆڕشە ئازادیخوازەکانی جیهاندا جێگای خۆی زۆر بە زەقی و دیاری کردووەتەوە و تیانووسی نیو سەدە خەباتی خۆی بە هەموو جیهان زۆر قارەمانانە نیشان داوە.

من دڵنیام ئەم کەرنەڤاڵ و یادە نیشانەی هاوئاهەنگی و یەکێتی و یەکگرتوویی نێوان ئێمەی گەلی کوردە، لە هەمبەر یادی یەکێك لە ڕێبەرانیدا، هەروەها وەڵامدانەوەی ئەو ئایەتەی قورئانی پیرۆزە کە دەفەرموێت: (وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعاً وَلا تَفَرَّقُوا وَاذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنْتُمْ أَعْداءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُمْ بِنِعْمَتِهِ إِخْواناً)، ئاڵ عمران: ١٠٣، وە بەم کارەی ئێمەش کە یەکگرتووییمانە، هەروەها وەڵامدانەوەمانە بۆ قورئان، ئێستا ڕۆحی بەرزی مەلا مستەفا ئاسوودەتر بووە و دەبێت، چونکە یەکێتی و یەکگرتوویی گەلی کورد ئاواتی زۆر مەزن و لە مێژینەی مەلا مستەفا بوو، هەموو هەنگاوەکانی ژیانی لە خزمەتی ئەم برایەتی و یەکگرتووییەی نێوان گەلی کوردی موسڵماندا بوو، هەردەم دڵ و دەروونی لە جیاوازی و دووبەرەکی و دژبەریی نێوان گەلەکەی زیز بوو، هەرگیز شتی وای

پەسەند نەدەکرد، ئەو لەم خەسڵەتەیشدا کرۆکی ئایەتی: (وَلا تَنازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ) لە کەسایەتی و رۆحیدا رەنگی دابووەوە، بۆیە هەمیشە دژی دووبەرەکی بوو لە ناوخۆی کورددا، ئەوەی مەلا مستەفا داوای دەکرد بۆ برایەتیی نێوان کورد و فرێدانی تەفرەقە و جیایی، هەمان ئەو داواکارییە کە قورئان لە چەندین جێگەوە داوای کردووە. رۆحی شاد و یادی بۆ هەمیشە زیندوو بێت و دڵخۆش بێت بە گەیشتنەوەی بە پەروەردگار و پەروەردگاریش لەو رازی و دڵشاد بێت.

مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا کوڕی عەبدولقادر و ناسناوی (ئەحمەدیان) لە ساڵی (١٣١٢هەتاوی-١٩٣٣ز) لە گوندی (دەرمان)ـی، سەر بە شاری مەهابادی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بنەماڵەیەکی جووتیار و زەحمەتکێش لەدایک بووە، هەر لە منداڵییەوە لە لای مەلای گوندەکەیان دەست دەکات بە خوێندنی قورئانی پیرۆز و پەرتووکە سەرەتاییەکان، پاش ماوەیەك و لە ساڵی (١٣٢٣هەتاوی- ١٩٤٤ز) شان دەداتە بەر خوێندنی فەقێیەتی و وەك هەموو فەقێیانی وڵاتی کوردەواری رێگەی زانستگە حوجرەییەکان لە دێهاتەکانی کوردستاندا دەگرێتەبەر، بۆ ئەم مەبەستە دەچێتە گوندەکانی (کانی رەش، تازە قەڵا، حەمامیان) و حوجرەکانی شاری بۆکان و لە خزمەت زانایانی گەورە (مامۆستا واژی) و (مامۆستا مەلا حیسامەددینی شەفیعی) و (مامۆستا مەلا عەلی وەڵزی) و (ئوستاد حوسێنی) درێژە بە خوێندن دەدات.

گەشتی شاری بەغدا: دواتر مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان لە ساڵی (١٣٣٢- ١٩٥٣) دەڕوات بەرەو شاری بەغدا و لەوێش لە خزمەت عەللامە مەلا محەممەدی قزڵجی سوودمەند دەبێت، پاشان روو و زێدی خۆی دەقەری (موکریان) دەگەڕێتەوە، لەم مێژووە بە دواوە ماوەی ١٨ ساڵ (١٩٥٣- ١٩٧١) بە کاری تەدریسەوە سەرقاڵ بووە و ئیجازەی عیلمی مەلایەتی بە زیاتر لە پەنجا مامۆستا داوە، لە ساڵی (١٩٧٣) بە دواوە و بۆ ماوەی نۆ ساڵ پێشکەشکاری بەرنامەی ئایینی و ئەدەبی بووە لە رادیۆی شاری مەهاباد، شان بە شانی وانەوتنەوە و نووسین و کاروبارەکانی، نزیکەی سی ساڵ پێشنوێژ و وتاربێژی مزگەوتی (قیبلە) بووە، لە هەمان شار.

مامۆستا ئەحمەدیان بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندنی فەرمی لە ساڵی (١٩٨٩) پەیوەندی کردووە بە زانکۆ فەرمییەکانی ئێرانەوە و لە ساڵی (١٩٩٦) بڕوانامەی دکتۆرای لە شەریعەتی ئیسلامیدا لە زانکۆی تاران وەرگرتووە، تێزێکی زۆر بەهێز و بەپێزی لە پسپۆڕییەکەی خۆیدا بە زمانی فارسی و بە ناوی (قورئان ناسی) نووسیوە و بە پلەی باڵا پەسەند کراوە.

مامۆستا ئەحمەدیان لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٣ - ٢٠٠٣) مامۆستای زانکۆی (ئازادی) ی شاری مەهاباد بووە، جگە لەو پەرتووکانەی کە وەك وانە دەیگوتنەوە، ژمارەیەك پەرتووکیشی بۆ ئەو زانکۆیە نووسیوە، لەوانە: (کەلامی ئەهلی سوننەت، کەلامی جەدید، مێژووی فەرموودە، فەرموودەناسی، ژیاننامەی پێشەوا عومەری کوڕی خەتاب کە بە سەربەخۆیی نووسیویەتی و چەندین جار چاپ کراوەتەوە، طرح طلاق ثلاثة در مثلث نور سفيد، تحقيق جدال أشاعرة و معتزلة دةربارة صفات و عدل إلهي وحلول رمضان و عيد فطر).

کۆچی دوایی: دواجار مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان، لە ساڵی (١٣٨٣هەتاوی — ٢٠٠٤ز) کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی بوداغ سوڵتان لە شاری مەهاباد ئەسپەردەی خاکی نیشتمان کراوە.

ماموستا هەمیشە لە نووسینەکانیدا بیری وڵاتپەروەری ئاوێتەی ئیسلامناسی کردووە، ئیسلامی کوردەواری بە تەواوەتی لە بەرهەمەکانیدا رەنگی داوەتەوە

یەکێتی و یەکگرتوویی گەلی کورد ئاواتی زۆر مەزن و لە مێژینەی مەلا مستەفا بوو، هەموو هەنگاوەکانی ژیانی لە خزمەتی ئەم برایەتی و یەکگرتوویەی نێوان گەلی کوردی موسڵماندا بوو

ئەوەی مەلا مستەفا داوای دەکرد بۆ برایەتیی نێوان کورد و فرێدانی تەفرەقە و جیایی، هەمان ئەو داواکارییە کە قورئان لە چەندین جێگەوە داوای کردووە

ژێدەرەکان:

١- تێزی دکتۆرای نووسەر بە ناونیشانی: (الملاّ عبداللّه أحمديان المهابادي.. جهوده، ومنهجه وآراؤه، في التّفسير، وعلوم القرآن)، لە کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سلێمانی.

٢- پەرتووکی خەزێنە، کۆکراوەی وتار و هەندێ لە نووسینە رۆژنامەوانییەکانی، چاپی یەکەم، تاران — ٢٠٠٧

٣- ئەو بەڵگەنامە و دەستخەت و بابەتانەی رێزدار پارێزەر (جەمال ئەحمەدیان) کوڕی مامۆستا بە سوپاسەوە بۆی ناردووم.


مەسعود بارزانی
بارزانی
و
بزووتنەوەی
ڕزگاریخوازی کورد
بەرگی شەشەم
٢٠٠٣ - ٢٠١٦
کوردستان و عێراقی نوێ
بەشی یەکەم



خوێندنەوەیەک بۆ بەرگی شەشەمی کتێبی

# بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد

نووسینەوەی مێژوو دەروازەیەکە بۆ شرۆڤەکردنی داهاتوو
نەک تەنیا گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو

بەشی یەکەم

ئەو مێژووەی لە بەرگی شەشەمی «بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد»خراوەتە ڕوو، هەستیارترین قۆناغی مێژووی کوردستان و عێراقی هاوچەرخ دەگرێتەوە کە ساڵانی ٢٠٠٢- ٢٠١٦ بووە، لە ماوەی ئەم ١٤ ساڵەی مێژووی کوردستان و عێراقدا، بۆ یەکەمین جارە هەرێمی کوردستان دەبێتە بەشێك لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ دوو شەڕی گەورەی نێودەوڵەتی کە بریتین لە:

١. لە ساڵی ٢٠٠٢ و دوای گرێدانی کۆنگرەی لەندەنی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و پاشانیش ڕازینەبوونی دەوڵەتانی دراوسێی عێراق بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەمریکا و بەریتانیا ببنە هاوپەیمان بۆ ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن، دەرفەتێکی زێرین بۆ هەرێمی کوردستان دێتە پێشەوە، بۆ ئەوەی ببێتە بەشێك لەو هاوپەیمانییە و بەشدار بێت لە شەڕی ڕووخانی ڕژێمی بەعس، کە لە بەرەبەیانی ٢٠ی ئاداری ٢٠٠٣ دەستی پێ کرد و ئێوارەی هەمان ڕۆژ سەرۆك بارزانی لەسەر قەڵای هەولێر ئاگری نەورۆزی کردەوە.

٢. لە ساڵی ٢٠١٤ و دوای ئەوەی تیرۆریستانی داعش مووسڵیان گرت و خەلافەتی ئیسلامیان ڕاگەیاند و، ١١ فیرقەی سوپا و فیرقەیەکی پۆلیسی عێراق خۆیان دا بە دەستەوە و چەکەکانیان ڕادەستی تیرۆریستانی داعش کرد، بەمەش تیرۆریستان گەیشتنە حاڵەتی غرووری و بە ئاسانی چەند پارێزگایەکی دیکەشیان داگیر کرد و گەیشتنە دەروازەکانی بەغدا، ئیدی تیرۆریستانی داعش بوون بەو ئەفسانەی کە هێزێکن لەسەر زەوی لە شکان نایەن، بەڵام کاتێك لە سەرەتای ئابی ٢٠١٤ ئاراستەی هێرشەکەیان گۆڕی بۆ سەر هەرێمی کوردستان، هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە یەکەم هێرشی پێچەوانەدا توانییان مەخموور ئازاد بکەنەوە و لە بەرەی شەڕی ڕۆژئاوای دیجلەش هێزی پێشمەرگە توانییان پێشڕەوییەکانی تیرۆریستان ڕابگرن و پردی سحێلا بپارێزین، ئەم قارەمانییەی هێزی پێشمەرگە جیهانی ڕاچڵەکاند و ئومێدی دروست کردەوە، بۆ هۆکاری ئەوەی هەر لە هەفتەی یەکەمی ئابی ٢٠١٤، جۆزیف بایدن (جێگری ئەو کاتی سەرۆکی ئەمریکا) پەیوەندی بە سەرۆك بارزانی بکات و ئامادەباشیی وڵاتەکەی پیشان بدات، بۆ ئەوەی بە هێزی ئاسمانی هاوکاریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکات، ئەم قارەمانییەی پێشمەرگە وای کرد، دەوڵەتانی جیهان بیر لە دروستکردنی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی بکەنەوە کە لە ١١ی ئەیلوولی ٢٠١٤ لە چوارچێوەی بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی «هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستانی داعش»، بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا ڕابگەیەنێت و ٥٨ دەوڵەتیش ئەندامی ئەو هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییە بوون، یەکەم ناوچەش کە سەرکەوتنی شەڕی بەسەر تیرۆریستانی داعش تێدا ڕاگەیەندرا، هەرێمی کوردستان بوو کە لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٦ سەرۆك بارزانی لە میحوەری باشیك پەیامی سەرکەوتنەکەی بە جیهان ڕاگەیاند.

لە نێو ئەم دوو شەڕە گەورەیە «شەڕی ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن لە ٢٠٠٣ و شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش لە ٢٠١٤» سەرۆك بارزانی هەوڵی داوە، لەم کتێبەدا نەخشەیەکمان بخاتە بەردەست، چۆن هەنگاو بۆ داهاتوو و داکۆکیکردن لەسەر چارەنووسی گەلی کوردستان هەڵبگرین و پێمان دەڵێت:

١. دوای پشتیوانیی خوا، دەبێت پشت بە ئیرادەی گەل و نەتەوەی خۆمان ببەستین و ئەگەر ئیرادەی گەل و نەتەوەی خۆمانمان لەگەڵ بێت، هیچ دوژمنێك ناتوانێت ئەو ئیرادەیە بشکێنێت.

٢. دەبێت زۆر بوێرانە و بە ڕاشکاوی لە خەباتی دیپلۆماتیدا، پێداگری لەسەر ماف و سنووری خاکی کوردستان بکەینەوە و، بارودۆخ چەند ئاڵۆز و سەخت بێت، ناکرێت سازش لەسەر مافی گەل و نەتەوە و جوگرافیای کوردستان بکەین.

٣. ئەو ڕێککەوتنانەی لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان پێش ڕووخانی ڕژێم و دوای ڕووخانی ڕژێم دەکرێن و تەنانەت ئەوانەشی لەگەڵ دەوڵەتە گەورەکان دەکرێت بۆ نموونە ئەمریکا، هەرگیز ئەو ڕێککەوتنانە وەك ئەوە جێبەجێ ناکرێن کە ئیمزایان لەسەر کراوە، بۆیە گرنگە بەردەوام پشت بە ئیرادەی خۆمان

**یەکەم ناوچە کە سەرکەوتنی شەڕی بەسەر تیرۆریستانی داعش تێدا ڕاگەیەندرا، هەرێمی کوردستان بوو کە لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٦ سەرۆک بارزانی لە میحوەری باشیک پەیامی سەرکەوتنەکەی بە جیهان ڕاگەیاند**

**دوای پشتیوانی خوا، دەبێت پشت بە ئیرادەی گەل و نەتەوەی خۆمان ببەستین و ئەگەر ئیرادەی گەل و نەتەوەی خۆمانمان لەگەڵ بێت، هیچ دوژمنێک ناتوانێت ئەو ئیرادەیە بشکێنێت**

**دەبێت زۆر بوێرانە و بە ڕاشکاوی لە خەباتی دیپلۆماتیدا، پێداگری لەسەر ماف و سنووری خاکی کوردستان بکەینەوە و، بارودۆخ چەند ئاڵۆز و سەخت بێت، ناکرێت سازش لەسەر مافی گەل و نەتەوە و جوگرافیای کوردستان بکەین**

ببەستین و بە ئیرادەی خۆمان داکۆکی لەو بڕگە و بابەتانە بکەین کە پەیوەندی بە ماف و چارەنووسی ئایندەی هەرێمی کوردستانەوە هەیە.

٤. هەتا ئاسۆیەك بۆ مافەکانی گەل و نەتەوە و چارەنووسی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەرنەکەوێت، ناکرێت گەلی کوردستان خۆی تێکەڵاوی هیچ پڕۆژەیەکی چارەنووس نادیار بکات، هەر بۆ نموونە:

● پێش ئەوەی هەرێمی کوردستان ببێتە بەشێك لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن، سەرۆك بارزانی پێداگری لەسەر ئەوە کرد، کە دەبێت ئۆپۆزسیونی عێراقی لەسەر سیستمی حوکمڕانی عێراقی دوای سەدام حوسێن ڕێك بکەون و بزانن هەنگاو بەرەو کام سیستمی حوکمڕانی هەڵدەگیرێت، ئەوەی پێی دەگوترێت «عێراقی نوێ»، سەرەنجام ئەمریکا و بەریتانیاش کە لە ساڵی ٢٠٠٢ گەیشتنە قەناعەتی تەواو بۆ ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێن، هەستیان کرد پێویستیان بە سێ هەنگاوە کە ئەوانیش بریتی بوون لە «ڕازیکردنی ڕای گشتیی وڵاتەکەیان، فراوانکردنی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی، گرێدانی کۆنگرەیەك بۆ ئۆپۆزسیونی عێراقی و ڕێککەوتن لەسەر سیستمی حوکمڕانی دوای ڕژێمی بەعس»، ئەم کۆنگرەیە کە بە کۆنگرەی لەندەن ناسراوە و سەرۆك بارزانی ڕۆڵی هەرە دیاری لە سەرخستنی ئەم کۆنگرەیە گێڕاوە، نەخشە ڕێگەیەکی لەناو ئۆپۆزسیۆنی عێراقدا گەڵاڵە کرد، کە دەبێت عێراقی داهاتوو «عێراقێکی فیدراڵی و دیموکراتی و پەرلەمانی و فرەیی» بێت، ئەمەش کرایە مەرج هەر لایەنێکی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی ئەم ڕێککەوتنە ئیمزا نەکات، ئەوا نابێتە ئەندامێك لە سەرکردایەتیی ئۆپۆزسیۆنی عێراق و دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن بەشداری لە بونیادنانەوەی سیستمی حوکمڕانیی عێراقی پێ ناکرێت.

● سەرۆك بارزانی لەم کتێبەدا پێمان دەڵێت: ئەوەی لە کۆنگرەی لەندەن بۆ دوای ڕووخانی ڕژێم بڕیاری لەسەر درابوو و ئەمریکا بەڵێنی بە لایەنەکانی ئۆپۆزسیونی عێراقی دابوو، کە دوای ڕووخانی ڕژێم، ئەمریکا وەك لایەنێکی ڕزگارکردنی عێراق لە دیکتاتۆریەت، هاوکاریی عێراقییەکان دەکات بۆ دووبارە بونیادنانەوەی وڵاتی خۆیان و سەروەریی وڵات ڕادەستی عێراقییەکان دەکاتەوە، بەڵام دوای نزیکەی ٤٥ ڕۆژ لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراق، ئەمریکا لە ٢٢ی ئاداری ٢٠٠٣ و بە بڕیاری ١٤٨٣ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی خۆی لە «ڕزگارکەرەوە گۆڕی بۆ داگیرکەر»، سەرۆك بارزانی لەسەر ئەم وەرچەرخانە لەناکاوەی ئەمریکا بۆ داگیرکەر، ئاماژەی بە قسەیەکی شەهید سامی عەبدولڕەحمان کردووە کە گوتوویەتی «ئەم هەنگاوەی ئەمریکا لەو کەسە دەچێت کە باوکی خۆی بکوژێت، بۆ ئەوەی سوێند بە قەبرەکەی بخوات».

● دوای بوونی ئەمریکا بە هێزێکی داگیرکەر، «پۆل بریمەر»ی بە حاکمی مەدەنیی عێراق دەستنیشان کرد، کە کەسێکی کەم ئەزموون و ناشارەزا بوو بە مێژوو و کەلتووری کوردستان و عێراق، داوای یەکەمین کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرکردە سیاسییەکانی عێراق کردبوو، لەو کۆبوونەوەیەدا بریمەر زۆر بێباك و غروورانە قسەی کردبوو، بە سەرکردەکانی ڕاگەیاندبوو «من بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیم وەك حاکمی مەدەنیی عێراق بۆ هاتووە، ئێوەش وەك سەرکردە سیاسییەکان لێژنەیەك پێکبهێنن وەك ڕاوێژکار». سەرۆك بارزانی لەسەر ئەم ڕووداوە پێمان دەڵێت «بە ڕاستی ئەمە بابەتێکی چاوەڕواننەکراو و ڕووداوێکی سەیر بوو. هەموومان سەیری یەکترمان دەکرد، لە کوێ و لەچی، بۆ کوێ و بە چی گەیشتین؟ بۆیە دوای قسەکانی بریمەر گوتم: من لە شوێن و بە نوێنەرایەتیی خۆم قسە دەکەم، من ڕاوێژکاری کەس نابم. دەگەڕێمەوە هەولێر، ئەگەر جەنابت کارێکتان هەبوو، ئێمە لەوێین».

ئەم ڕووداوەی سەرۆك بارزانی لەم کتێبەدا تۆماری کردووە، تەنیا ڕووداوێك نییە لە ڕابردوو ڕوویاندابێت و کۆتایی هاتبێت، بەڵکو پێمان دەڵێت بە هۆشدارییەوە هەنگاوەکانتان بۆ داهاتوو هەڵبگرن، مەرج نییە ئەوەی ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێت، پاشان وەك خۆی جێبەجێ بکرێت».

● ڕووداوێکی دیکەی چاوەڕواننەکراو و

**هەتا ئاسۆیەک بۆ مافەکانی گەل و نەتەوە و چارەنووسی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەرنەکەوێت، ناکرێت گەلی کوردستان خۆی تێکەڵاوی هیچ پڕۆژەیەکی چارەنووس نادیار بکات**

**ناکرێت لەو مەترسییانە غافڵگیر بین کە بەردەوام لەسەر ئەم قەوارە سیاسییە هەن، کە هەندێک جار ئەم مەترسییانە لە دەرەوەی ئەو دەوڵەتانەش دێن کە بە داگیرکاری کوردستان ناسراون**

**هەموو کات هەوڵێک هەبووە بۆ ئەوەی لەسەر حیسابی مافەکانی گەلی کوردستان لایەنەکانی دیکە ڕازی بکرێن، ئەوەشی ئەم ڕاستییەی بە زاری خۆی ئاشکرا کردووە، غازی یاوەر بووە، کە ئەو کات لە قۆناغی ڕاگواستن سەرۆک کۆماری عێراق بووە**

سەیر کە دیسان سەرۆك بارزانی لەم کتێبەدا تۆماری کردوون، پرسی «پێشمەرگە»یە، پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن ئەمریکا بەڵێنی دابوو «مەشق و ڕاهێنان بە هێزی پێشمەرگە بکات و پڕ چەکی بکات»، بەڵام ئەوەی سەیر و مایەی گاڵتەجارییە، ئەوەیە کە دوای ئەوەی بووە هێزێکی داگیرکەر، پۆل بریمەر حاکمی مەدەنیی عێراق داوا لە سەرۆك بارزانی دەکات، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە بڕیارێك هەڵبوەشێنێتەوە، لە وەڵامدا سەرۆك بارزانی ئەمەی پێ دەڵێت:

یەکەم: پێشمەرگە میلیشیا نییە، جگە لە هێزەکانی ئەمریکا و بەریتانیا هێزێك دەستنیشان بکە، وەك هێزی پێشمەرگە ڕێکخراو و بە دیسپلین و ڕێکوپێك بێت.

دووەم: سوپای مەهدی و بەدر بە بڕیارێك دامەزراون و بە بڕیارێکیش هەڵدەوەشێنەوە. ئەوە پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە، هەڵدەوەشێنەوە، یان نا، بەڵام هۆی پێکەوە بەستنی چارەنووسی پێشمەرگە بەو چەکدارانە چییە و بۆ پێکەوەیان دەبەستیتەوە؟

سێیەم: پێشمەرگە بە خوێن و فرمێسکی گەلەکەمان دروست بووە، نەك بە بڕیاری من، یان کەسێکی تر، بۆیە پێشمەرگە بە هیچ شێوەیەك هەڵناوەشێتەوە. پێشمەرگە هێمای شەرەف و کەرامەتی گەلی کوردە.

ئەم هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی لەسەر چارەنووسی پێشمەرگە و ئایندەی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان ئەوەمان پێ دەڵێت «ناکرێت لەو مەترسییانە غافڵگیر بین کە بەردەوام لەسەر ئەم قەوارە سیاسییە هەن، کە هەندێك جار ئەم مەترسییانە لە دەرەوەی ئەو دەوڵەتانەش دێن کە بە داگیرکاری کوردستان ناسراون».

● دوای یەکلاکردنەوەی پرسی پێشمەرگە لە میانەی هەڵوێستە مێژووییەکانی سەرۆك بارزانی، جارێکی دیکە ئەم کتێبە لە پرسێکی دیکە ئاگادارمان دەکاتەوە کە لە پرۆسەی نووسینەوەی «یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت» ڕووی داوە، ئەویش هەوڵێك بووە لەناو پڕۆژەکەی عەدنان پاچەچی بە گۆڕینی «فیدراڵی لەسەر ئاستی هەرێمەکان بۆ فیدراڵی لەسەر ئاستی پارێزگاکان»، لەسەر ئەم ڕووداوە سەرۆك بارزانی پێمان دەڵێت «لەگەڵ مام جەلال ڕێککەوتین بۆ ئەوەی مەکتەبی سیاسی گفتوگۆی ورد لەسەر ئەو پڕۆژەیە بکەن و ڕا و سەرنجەکانمان بۆ ئامادە بکەن. دکتۆر ڕۆژیش بە مەبەستی ڕادەستکردنیان بە بریمەر سەردانی بەغدای کرد. خاڵی گرنگ بریتی بوو لەوەی کە فیدراڵیی پارێزگاکان لە بنەڕەتەوە ڕەت دەکرێتەوە و بە هیچ شێوەیەك قبووڵ ناکرێت، بە دکتۆر ڕۆژم ڕاگەیاند کە بە بریمەر بڵێت، ئەگەر شێوازی فیدراڵییەتی پارێزگاکان پەسەند بکرێت، بە هەموو شێوەیەك دژایەتی دەکەین».

● یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت کە لە ٨ی ئاداری ٢٠٠٤ ئیمزا کرا، دەکرێت بڵێین بنەما بوو بۆ نووسینەوەی دەستووری عێراق و تیایدا بەرچاوڕوونییەك بۆ چەسپاندنی سیستمی فیدراڵی لەسەر ئاستی هەرێمەکان و هەروەها چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك لە چوارچێوەی ماددەی ٥٨ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت (کە پاشان لە دەستوری عێراقدا بووە ماددەی ١٤٠)، هەر لە سەرەتاوە سەرۆك بارزانی پێداگری دەکرد کە گرنگ و پێویستە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت کە تەنیا یاسای بنەڕەتییە بۆ بەڕێوەبردنی عێراق لە دوای ڕووخانی دیکتاتۆریەت لە بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ئاماژەی پێ بکرێت، وەك ئەیاد عەللاوی کە سەرۆك وەزیرانی حکومەتی ڕاگوزەر بوو، لە نامەیەکدا بۆ سەرۆك بارزانی نووسیویەتی:

● حکومەتی عێراق هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی لە بڕیاری ١٥٤٦ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و لە وتارەکانی (بوش و بلێر و ئەخزەر ئیبراهیم و کۆفی ئەنان)دا، باسی یاسای بەڕێوەبردنی وڵات بکرێت، بریمەر بەڵێنی داوە کە هەوڵێکی تەواو بدات لەم بارەیەوە.

● حکومەتی عێراق هەوڵ دەدات لە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا بنووسرێت «عێراقی دیموکراتی فیدراڵی یەکگرتوو».

● حکومەتی عێراق هەوڵ دەدات هەر لەو بڕیارەدا ئاماژە بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد و مافەکانی مرۆڤ بدرێت.

**هەر دوو لایەنی عەرەبی سوننە و شیعە هاریکاری ئەمریکا نەبوون و دژایەتییان دەکرد، بەڵام زۆر جار ئەمریکا هەوڵی داوە، لەسەر حیسابی ماف و بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان ئەوانی دیکە ڕازی بکات**

**ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆریەت، هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی هێجگار گەورەی لە پاراستنی سەقامگیریی عێراق و دووبارە خستنەوە سەر سکەی پرۆسەی حوکمڕانی گێڕا**



سەرۆك بارزانی هەر لەسەر ئەم پرسە بەڵێنی لە غازی یاوەر (سەرۆك کۆماری ئەو کاتی عێراق) وەرگرتبوو، بەوەی کاتێك سەردانی ئەمریکا دەکات، هەوڵێکی زۆر بدات بۆ ئەوەی یاسای بەڕێوەبردنی وڵات لە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ئاماژەی پێ بکرێت، بەڵام دوای گەڕانەوەی بە سەرۆك بارزانی ڕاگەیاندبوو کە جۆرج بوش ڕایگەیاندبوو «لەبەر ئایەتوڵڵا سیستانی یاسای بەڕێوەبردنی وڵات نەخراوەتە ناو بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی».

ئەم مێژووەی سەرۆك بارزانی لەم کتێبەدا بۆی تۆمار کردووین، جارێکی دیکە ئەو ڕاستییە دووپات دەکاتەوە کە هەموو کات هەوڵێك هەبووە بۆ ئەوەی لەسەر حیسابی مافەکانی گەلی کوردستان لایەنەکانی دیکە ڕازی بکرێن، ئەوەشی ئەم ڕاستییەی بە زاری خۆی ئاشکرا کردووە، غازی یاوەر بووە، کە ئەو کات لە قۆناغی ڕاگواستن سەرۆك کۆماری عێراق بووە.

● سەرۆك بارزانی لەم کتێبەدا ڕاستییەکی زۆر تاڵی ئاشکرا کردووە و نووسیویەتی «هەرچەندە ئێمە بارودۆخی ئەمریکامان زۆر لە بەر چاو دەگرت، بەڵام بە داخەوە ئەمریکا بەو شێوەیە حیسابیان بۆ کورد نەدەکرد، بەڵێنەکانیان بەجێ نەگەیاند و بە تەواوەتی ئەو پەندە کوردییەیان جێبەجێ کرد کە دەڵێت (بەپێیەکان بگرە، بێ پێیەکان هی خۆمانن)، ئێمەش هەڵەیەکی زۆرمان کرد و دەرەفەتی باشمان لە دەست دا».

ئەم هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆریەت، هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی هێجگار گەورەی لە پاراستنی سەقامگیریی عێراق و دووبارە خستنەوە سەر سکەی پرۆسەی حوکمڕانی گێڕا، ئەمە لە کاتێکدا هەر دوو لایەنی عەرەبی سوننە و شیعە هاریکاری ئەمریکا نەبوون و دژایەتییان دەکرد، بەڵام زۆر جار ئەمریکا هەوڵی داوە، لەسەر حیسابی ماف و بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان ئەوانی دیکە ڕازی بکات.

**● هەڵەکانی ئەمریکا لە عێراق و هەڵکشانی تیرۆر و بەرەی مقاوەمە**

ئەمریکا هەڵەیەکی گەورەی کرد کە دوای کەمتر لە ٤٥ ڕۆژ لە ڕزگارکردنی عێراق لە دیکتاتۆریەت بە بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی خۆی کردە داگیرکەر و پۆل بریمەری کردە حاکمی مەدەنی و ستافێکیشی لەگەڵ نارد بۆ ئەوەی عێراق بەڕێوە بەرێت. سەرۆك بارزانی لەسەر ئەم هەڵەیە نووسیویەتی: «دوای ئەوەی ئەمریکییەکان خۆیان لە هێزێکی ڕزگارکەرەوە گۆڕی بۆ هێزی داگیرکەر، ماوەیەکی زۆری نەخایاند کە هێزی بچووك بچووکی تیرۆریستی سەریان هەڵدا و خۆیان ڕێك دەخست و ئەو خەڵکانەی نانبڕاو کرابوون، ئەوانیش خۆیان ڕێکخستەوە و لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٣وە دەستیان بە جموجووڵ و چالاکی دژی هێزەکانی ئەمریکا کردەوە، کەمین و بۆمبی چێنراویان دادەنا و ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراویان دەتەقاندەوە، زۆر کردەوەی تیرۆریستی دژی بارەگا حکوومییەکان و حزبە سیاسییەکان و تیرۆرکردنی ئەو کەسایەتی و سەرکردانەی نزیك لە ئەمریکییەکان ئەنجام دران، لە سەرەتای هاتنی ئەمریکییەکان خەڵکی باشوور بە گوڵ پێشوازییان لێ کردن، کەچی دوای ماوەیەك هەمان خەڵك بوونە دوژمنی ئەمریکییەکان و بوون بە ئامرازی کردەوە و چالاکییەکان دژی ئەمریکا و ئێرانیش زۆر بە باشی سوودی لەو دەرفەتە وەرگرت».

ئەم پەرەگرافەی سەرۆك بارزانی کە زۆر بە وردی هەڵوەستەی لەسەر کردووە، کورتبینی و کەم ئەزموونیی سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکامان لە دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆریەت لە عێراقدا پیشان دەدات و، جۆرێك لە غرووری و بێباکیی ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوشی لێ دەخوێندرێتەوە، کە لە ماوەی یەك دووساڵدا توانی دوو شەڕی گەورە لە ڕووی سەربازییەوە بباتەوە، کە یەکەمیان شەڕی ڕووخاندنی ڕژێمی تاڵیبان بوو لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠١ لە ئەفغانستان، دووەمیشیان شەڕی ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆریەت بوو لە نیسانی ٢٠٠٣ لە عێراق.

سەرکەوتنی سەربازیی ئەم دوو شەڕە بووە

**هەر لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە، ئێران چەندین گرووپی چەکداری وەلائی دروست کردووە، کە بە ئاشکرا بانگەشە بۆ مقاوەمە و دژایەتیی ئەمریکا دەکەن**

**تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێل و دانانی بۆمبی چێنراو بۆ هێزەکانی هاوپەیمانان بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی، گەیشتە ئەوەی ڕای گشتیی ئەمریکا بە تەواوەتی لەو شەڕە بێزار بێت کە ڕۆژانە تەرمی ڕۆڵەکانیانیان بۆ دەهاتەوە**

هۆکاری ئەوەی دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکەش بە تایبەتی «سووریا و ئێران» هەست بە مەترسیی گەورە بکەن، هەر ئەمەش وای کرد کە سووریا ئاسانکاری بۆ ناردنی گرووپە جیهادییە تیرۆریستییەکان بۆ عێراق بکات، هەروەها ئێرانیش لە دوای هەڵوەشانەوەی سوپای عێراق و دامەزراوەکانی پۆلیس و ئاسایش هەوڵی دا لە ڕێگەی هاوپەیمانەکانی لەناو لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی شیعە کۆنترۆڵی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس و تا ڕادەیەك سوپاش بکات، بەڵام بە شێوەیەکی تایبەتی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس لەبەر ئەوەی هەر لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ەوە هەتا ئێستا لە کابینەی وەزاری (وەزارەتی ناوخۆ) لای پێکهاتەی شیعە بووە، ئەم وەزارەتەیان بە هەموو شێوەیەك بۆ بەرژەوەندیی خۆیان کۆنترۆڵ کردووە، لەمەش زیاتر هاوشانی ئەم کۆنترۆڵکردنە هەر لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە، ئێران چەندین گرووپی چەکداری وەلائی دروست کردووە، کە بە ئاشکرا بانگەشە بۆ مقاوەمە و دژایەتیی ئەمریکا دەکەن.

ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوش هەر زوو هەستی کرد کە ئەو بڕیارەی هەڵە بووە، بەتایبەتی کە هەر لە سەرەتاوە و دوای ڕاگەیاندنی «ئەنجومەنی حوکم» لە ١٩ی ئابی ٢٠٠٣ سێرجیۆڤییرا دی میلۆ نوێنەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا تیرۆر کرا، هەروەها لە ٢٩ی ئابی ٢٠٠٣ سەرکردەی بەناوبانگی شیعە «محەمەد باقر حەکیم» تیرۆر کرا. ئەم دوو کردەوەیە زەنگێکی ترسناك بوون، نەك تەنیا بۆ هێزەکانی ئەمریکا، بەڵکو بۆ دۆستەکانی ئەمریکا و ئەو حکومەتەشی کە ئەمریکا بە نیاز بوو لە عێراقدا لەلایەن لایەنە سیاسییە عێراقییەکانیشەوە پێکبهێنرێت، هەر بۆیە لەگەڵ دەستپێکی ساڵی ٢٠٠٤ و هەوڵەکانی بۆ نووسینەوەی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت و پێکهێنانی حکومەتی قۆناغی ڕاگواستن، توانای گرووپە تیرۆریستییەکان گەیشتبووە ئەو ئاستەی چەند جارێك ئەو شوێنانە بە هاوەن بۆردمان بکەن کە لایەنە سیاسییە عێراقییەکان کۆبوونەوەیان تێدا دەکرد.

بەردەوامیی کردەوە تیرۆریستییەکان و تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێل و دانانی بۆمبی چێنراو بۆ هێزەکانی هاوپەیمانان بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی، گەیشتە ئەوەی ڕای گشتیی ئەمریکا بە تەواوەتی لەو شەڕە بێزار بێت کە ڕۆژانە تەرمی ڕۆڵەکانیان بۆ دەهاتەوە و ئەمریکاش خۆی کردبوو بە داگیرکەر، بۆیە لەناو ناوەندەکانی فیکر و توێژینەوە لە ئەمریکا ئەو پرسیارە دەورووژێندرا کە «کاتێك سەرۆك بوش دەڵێت لە عێراق سەرکەوتووین، ئایا مانا و پێناسەی سەرکەوتن لای سەرۆك بوش چییە؟»، لە باری واقعیشدا ئەم پرسیارە لەبەر ئەم هۆکارانە لە جێگەی خۆیدا بوو:

١. پێش دەستپێکردنی شەڕی عێراق بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆریەت، ئیدارەی ئەمریکی ڕای گشتیی ئەمریکای بەوجۆرە جۆش دابوو کە عێراق لە دیکتاتۆریەتەوە دەگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی ئازاد و دیموکراتی و فیدراڵی و عێراقییەکان خۆیان حوکمڕانیی وڵاتی خۆیان دەکەن، بەڵام دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆریەت، ئەمریکا بووە هێزێکی داگیرکەر و وەك داگیرکەر مامەڵەی لەگەڵ عێراقییەکان دەکرد، تەنانەت لە شاری مووسڵ هێزەکانی ئەمریکا تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد لە بەردەم بینایەی پارێزگای مووسڵدا.

**دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆریەت، ئەمریکا بووە هێزێکی داگیرکەر و وەک داگیرکەر مامەڵەی لەگەڵ عێراقییەکان دەکرد، تەنانەت لە شاری مووسڵ هێزەکانی ئەمریکا تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد لە بەردەم بینایەی پارێزگای مووسڵدا**

٢. ئەمریکا نەیتوانی هاوسەنگی لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق (کورد، عەرەبی سوننە، عەرەبی شیعە» دروست بکات، بەپێچەوانەوە زەمینەیەکی ئەوتۆی دروست کرد، کە بە ئاسانی عەرەبی شیعەی عێراق باڵادەست بن و، بوارێکی وای ڕەخساند کە عەرەبی شیعە بە ئاسانی بتوانن تۆڵە لە عەرەبی سوننە بکەنەوە، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی بەشێك لە عەرەبی سوننە و ئەو ئەفسەر و پلەدارانەی سەردەمی بەعس لەگەڵ گرووپ و تاقمە تیرۆریستییەکان هاوسۆز بن و بچنە ناو ئەو گرووپە تیرۆریستانەوە.

**ئەمریکا نەیتوانی هاوسەنگی لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق (کورد، عەرەبی سوننە، عەرەبی شیعە» دروست بکات، بە پێچەوانەوە زەمینەیەکی ئەوتۆی دروست کرد، کە بە ئاسانی عەرەبی شیعەی عێراق باڵادەست بن و، بوارێکی وای ڕەخساند کە عەرەبی شیعە بە ئاسانی بتوانن تۆڵە لە عەرەبی سوننە بکەنەوە**

٣. لە دەستپێکی ساڵی ٢٠٠٦ دەستێکی نادیار مەرقەدی دوو ئیمامی گەورەی لە سامەرا تەقاندەوە، ئەم کارە تیرۆریستییە وەك سەرۆك بارزانی ئاماژەی پێ کردووە، وەك ئەوە بوو بەنزین بەسەر ئاگری شەڕی مەزهەبیی



**لە دەستپێکی ساڵی ٢٠٠٦ دەستێکی نادیار مەرقەدی دوو ئیمامی گەورەی لە سامەڕا تەقاندەوە، ئەم کارە تیرۆریستییە وەک سەرۆک بارزانی ئاماژەی پێ کردووە، وەک ئەوە بوو بەنزین بەسەر ئاگری شەڕی مەزهەبیی نێوان عەرەبی سوننە و شیعە بکرێت**

نێوان عەرەبی سوننە و شیعە بکرێت، بارودۆخەکەی بە ئاستێك بردە قۆناغێکی مەترسیدار کە پیتەر گالبرێس بە «کۆتایی عێراق» لە قەڵەمی دا، لە کتێبەکەشیدا کە ساڵێ دواتر بە هەمان ناونیشان بڵاوی کردەوە، تێیدا ئاماژەی بەوە کردووە «لەم کردەوە تیرۆریستییەدا خانمە ڕۆژنامەنووسی کەناڵی عەرەبیە ئەتوار بەهجەت کوژراوە کە خەڵکی عێراقە و کچی دایك و باوكێکی شیعە و سوننە بووە، بۆیە پەروەردگار شیعە و سوننەی تێکەڵاو کردووە، بەڵام ئێستا لە عێراقدا سوننە و شیعە یەکتری دەکوژن، ئەم دەربڕینەی گالبریس بە تەواوەتی بارودۆخی مەترسیداری ئەو کاتی عێراق پێناسە دەکات.

٤. ئەم ڕووداوانەی عێراق نەك هەر کۆشکی سپی هەژاند، بەڵکو کۆنگرێس و سەناتی هێنایە سەر ئەو قەناعەتەی کە پێویستە سەرلەنوێ دیراسەتی بارودۆخی عێراق بکرێت، بۆ ئەمەش لێژنەیەك بە ناوی «گرووپی دیراسەتی عێراق» بەسەرپەرشتیی جیمس بیکەر لە پارتی کۆماری و وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە سەردەمی بوشی باوك و لی هاملتۆن کۆنگرێسمانی دیموکراتەکان دامەزرا. ئەم لێژنەیە کە بە لێژنەی «بیکەر — هاملتۆن» ناسرا بوو، ماوەی چەندین مانگ لە ڕاوێژ کردن لەگەڵ سەرۆك و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی و وەزیرانی دەرەوە و بەرگریی پێشتری ئەمریکا کە لە ژیاندا مابوون، بەردەوام بوو. هەروەها دوای ڕاوێژکردنێکی زۆر لەگەڵ بەشێکی زۆری سەرکردە عێراقییەکان



و ناوەندەکانی فیکر و توێژینەوە، ڕاپۆرتێکیان ئامادە کرد، بەڵام ئەم ڕاپۆرتە وەك بەشێك لە ناوەندەکانی فیکر و توێژینەوە لە ئەمریکا هەڵسەنگاندیان بۆ کرد، بەو جۆرە وەسفیان کرد «چاوەڕێ بووین شاخ بزێ، بەڵام مشکی بوو».

٥. لە ساڵی ٢٠٠٧ و دوای ئەوەی ڕاپۆرتەکەی «بیکەر – هاملتۆن» هیچ چارەسەرێکی واقیعی بۆ کێشەی شەڕی تیرۆریستان نەبوو (کە ئەوکات ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لقی عێراق بوونی هەبوو)، جۆرج دەبلیو بوش بە ناچاری پەنای بۆ بڕیاری زیادکردنی بەپەلە «surge»ی هێزەکانی لە عێراقدا برد، هەروەها بڕیاری دا کە هێزێك لەناو عەرەبی سوننە بە ناوی «سەحوە» بۆ لێدانی تیرۆریستان پێکبهێنرێت، ئەم هێزەش ڕاستەوخۆ لە ژێر فەرمانی ژەنەڕاڵ پەتریۆس بێت، بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکرێتەوە، ئەم هەنگاوە لەگەڵ ئەوەی تا ڕاددەیەکی باش سەرکەوتوو بوو، بەڵام دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، هەموو بارودۆخەکە هاتەوە ژێر سفر و ئەمجارە زەمینە بۆ دروستبوونی تیرۆریستانی داعش هاتە ئاراوە و ئەو کارەساتەی دروست کرد کە لە بەشەکانی دیکە بە درێژی لەسەر ڕادەوەستین.

٦. ژمارەی کوژراو و بریندارەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان وەك لە کتێبەکەی سەرۆك بارزانی ئاماژەی پێ کراوە بەمجۆرە بووە «ئەمریکا نزیکەی چوار هەزار کوژراو و بیست و چوار هەزار و سێ سەد و چواردە بریندار، بەریتانیا

**ژمارەی کوژراو و بریندارەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان وەک لە کتێبەکەی سەرۆک بارزانی ئاماژەی پێ کراوە بەمجۆرە بووە: ئەمریکا نزیکەی چوار هەزار کوژراو و بیست و چوار هەزار و سێ سەد و چواردە بریندار، بەریتانیا سەد و چل کوژراو، ئیتاڵیا هەژدە کوژراو، پۆڵەندە حەڤدە کوژراو، بولگاریا سێزدە کوژراو، ئیسپانیا یازدە کوژراو، دانیمارک شەش کوژراو، ئوستralیا دوو کوژراو**

سەد و چل کوژراو، ئیتاڵیا هەژدە کوژراو، پۆڵەندە حەڤدە کوژراو، بولگاریا سێزدە کوژراو، ئیسپانیا یازدە کوژراو، دانیمارك شەش کوژراو، ئۆستراليا دوو کوژراو».

ئەو هەڵە گەورانەی ئەمریکا لە عێراقدا کردنی، بووە هۆکاری ئەوەی عەرەبی سوننە و شیعە هەر یەکەیان بە شێوازێك دژی ئەمریکا ڕابوەستنەوە و بە سەدان سەربازی ئەمریکی بکوژن و بریندارییان بکەن، لەمەش زیاتر بووە هۆکاری ئەوەی کە زەمینەیەکی زۆر لەبار بێتە پێشەوە بۆ دووبارە گەشەسەندنەوەی تیرۆریستان لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا و پاکستان و ئەفغانستان، بووە هۆکاری ئەوەش لە ناو کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا فیکری توندڕۆیی ئیسلامی ڕادیکاڵی گەشە بکات و بە پۆل بچنە ناو ڕێکخراو و گرووپە تیرۆریستییەکان، ئەمەمان زۆر بە ئاشکرا و بە فراوانی بینی، کاتێك تیرۆریستانی داعش خەلافەتی ئیسلامیان لە عێراق و سووریا ڕاگەیاند، بەڵام لە بەرانبەردا تەنیا شوێنێك کە زۆر جوامێرانە پێشوازیی لە سوپای ئەمریکا کرد، هەرێمی کوردستان بوو، کە هیچ سەربازێکی ئەمریکی هیچی بەسەر نەهات، بەڵام وەك سەرۆك بارزانی زۆر جوان ئاماژەی پێ کردووە، لەگەڵ ئەوەی ئێمە زۆر بارودۆخی ئەمریکامان لەبەرچاو دەگرت، بەڵام ئەمریکییەکان وەك پێویست حسابیان بۆ کورد نەدەکرد. بەداخەوە.

**ئەو هەڵە گەورانەی ئەمریکا لە عێراقدا کردنی، بووە هۆکاری ئەوەی عەرەبی سوننە و شیعە هەر یەکەیان بە شێوازێک دژی ئەمریکا ڕابوەستنەوە و بە سەدان سەربازی ئەمریکی بکوژن و بریندارییان بکەن**

**تەنیا شوێنێک کە زۆر جوامێرانە پێشوازیی لە سوپای ئەمریکا کرد، هەرێمی کوردستان بوو، کە هیچ سەربازێکی ئەمریکی هیچی بەسەر نەهات، بەڵام وەک سەرۆک بارزانی زۆر جوان ئاماژەی پێ کردووە، لەگەڵ ئەوەی ئێمە زۆر بارودۆخی ئەمریکامان لەبەرچاو دەگرت، بەڵام ئەمریکییەکان وەک پێویست حسابیان بۆ کورد نەدەکرد**

### ● وەرچەرخان و گۆڕانکارییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان دوای ئەوەی ئەمریکا وەك هێزێکی داگیرکەر خۆی نیشان دا

لەگەڵ ئەوەی بۆ ئێمە وەك گەلی کوردستان و عەرەبی عێراقیش بەتایبەتی عەرەبی شیعە، ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس خەونێك بوو و هاتە دی و، تەنانەت عەرەبی شیعە لە باشوور بە گوڵ پێشوازییان لە هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان کرد، بەڵام لەبەرچاونەگرتنی زەمینەی شەڕی عێراق بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس کە تەواو لە زەمینەی شەڕی ئەفغانستان بۆ ڕووخاندنی ئیماراتەکەی تاڵیبان جیاواز بوو، هەڵەکانی ئەمریکا وای کرد، وەرچەرخان و گۆڕانکاریی زۆر بەرچاو لەسەر ئاستی هەرێمی «دەوڵەتانی دراوسێی عێراق» هەروەها لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش لەناو دەوڵەتانی هاوپەیمانیی ناتۆ دروست بێت کە بەرانبەر ئەمریکا هەڵوێست وەربگرن. لێرەدا بە چەند خاڵێك ئاماژەیان پێ دەکەین:

١. ئەمریکا نەیتوانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ شەڕی عێراق و ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس بگەیەنێتە قەناعەت و بڕیارێك دەربچێت و لە چوارچێوەی شەرعییەتی نێودەوڵەتی شەڕەکە ئەنجام بدات، تەنانەت یەکێك لەو دەوڵەتانەی زۆر بەرهەڵستیی ئەمریکای دەکرد، فەرەنسا بوو کە ئەندامێکی کاریگەری پەیمانی ناتۆیە.

٢. لە دوای ڕووخانی ڕژێمی عێراق لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣ ئەمریکا سیاسەتێکی پێچەوانەی ئەو سیاسەتی پیادەکرد کە بەڵێنی بە سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە کۆنگرەی لەندەن دابوو، هەروەها بە پێچەوانەی بڕیارەکانی کۆنگرەی لەندەن هەنگاوی بۆ حوکمڕانیی عێراق هەڵگرت.

٣. پۆل بریمەر کە وەك حاکمی مەدەنی بۆ عێراق دیاری کرابوو، پێشتر کاری لەسەر دۆسیە و سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بەعێراق نەکردبوو، بۆیە زۆر بە نەشارەزایی هاتە ناو پرۆسەکە و وەك سەرۆك بارزانی لە کتێبەکەی ئاماژەی پێ کردووە، چەندین جار لەسەر پرسی پێشمەرگە و مافەکانی گەلی کوردستان، سەرۆك بارزانیی ناچار کردووە کە هەڕەشەی کشانەوە لە پرۆسەی سیاسیی عێراق بکات.

٤. دەوڵەتانی عەرەبی کە بە شێوەیەکی گشتی بە هاوپەیمانی ئەمریکا ناسراون، دوای ئەوەی ئەمریکا عێراقی داگیر کرد و زەمینەی ئەوە دروست بوو کە عەرەبی شیعە تۆڵە لە عەرەبی سوننە بکاتەوە، لە هەڵوێستی ئەمریکا زۆر نیگەران بوون و هەستیان کرد ئەمریکا وەك بەعس مامەڵە لەگەڵ هەموو عەرەبی سوننەی عێراق دەکات.

٥. تورکیا لەوە دەترسا کە هەژموونی ئێران بە تەواوەتی لە عێراقدا بگاتە لووتکە و عەرەبی سوننەی عێراق بەتەواوەتی تەسلیمی ئەو واقیعە بن، لە سەرووی ئەمانەشەوە دەترسا کە هەرێمی کوردستان لەم بارودۆخەدا ببێتە

**ئەمریکا نەیتوانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ شەڕی عێراق و ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس بگەیەنێتە قەناعەت و بڕیارێک دەربچێت و لە چوارچێوەی شەرعییەتی نێودەوڵەتی شەڕەکە ئەنجام بدات**

دەوڵەتێکی سەربەخۆ، هەر ئەمانەش وای کرد کە ڕێگە نەدات ئەمریکا لە تورکیا بەرەی باکوور بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس بکاتەوە، ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی تورکیاش ئەندامی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسییە کە ئەمریکا سەرکردایەتی دەکات.

٦. ئێران لەوە دەترسا، کە عەرەبی شیعەی عێراق کەم ئەزموونن لە سیاسەتی حوکمڕانیدا و بە درێژایی مێژووی دەوڵەتی عێراق لە حوکمڕانیدا پەراوێز خراون، بۆیە دەترسا کە ئەمریکا جڵەوگیریان بکات و بارودۆخەکەی لەدەست دەربچێت، هەروەها دەترسا کە کورد لە هاوپەیمانیی شیعە بێتە دەرەوە و زیاتر ببێتە هاوپەیمانی ئەمریکا، ئەگەر ئەمریکاش لەم هەنگاوەی سەرکەوتوو بێت، ئەوا هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی کۆماری ئیسلامی دروست دەبێت. بۆیە هەر لە سەرەتاوە هەوڵی دا بە شێوازی جۆراوجۆر ڕیسەکەی ئەمریکا بکاتەوە بە خوری و لەم کارەشیدا سەرکەوتوو بووە. لە بەرانبەردا لە بری ئەوەی ئەمریکا جڵەوگیری نفووزی ئێران لە عێراقدا بکات، دەستی کرد بە کاری ئیستفزازی، کە نەك ئێران، بەڵکو حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستانیش پێیان قبووڵ نەکرا، هەر بۆ نموونە وەك سەرۆك بارزانی لە کتێبەکەی ئاماژەی پێ کردووە «هەڵیان کوتایە سەر کونسوولخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەولێر و دەستگیرکردنی کارمەندەکانیان و، ویستبوویان بە ڕێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر بیانگوازنەوە بۆ بنکەکانی خۆیان، کە پاشان سەرۆك بارزانی قبووڵی نەکرد و هێزێکی زێرەڤانی نارد بۆ ئەوەی گەمارۆی فڕۆکەخانەی هەولێر بدەن و ڕێگرییان لێ بکرێت، ئەو کارە نەکەن»، ئەم کارەی ئەمریکا لە هەولێر کارێکی دوور لە دابونەریتی دیپلۆماتی و مامەڵەکردن لەگەڵ باڵیۆزخانە و کونسوولخانەکانی وڵات بووە.

٧. سووریا کە لەوێش لقێکی دیکەی حزبی بەعس بە ناوی «حزبی بەعسی سووری» لە دەسەڵاتدایە، دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق، ترسی ئەوەی هەبوو، ئیدی سەرەی ئەو بێت لەلایەن ئەمریکاوە و ڕژێمەکەی بڕووخێندرێت، زەمینەی لەباریش هەبوو، لەبەر ئەوەی سووریا لەناو ئەو میحوەردا خۆی دەبینییەوە کە زیاتر دژی میحوەری ئەمریکایە، بۆیە هەر زوو دەستی کرد بە قۆستنەوەی بارودۆخی دوای گۆڕینی هێزی ئەمریکا لە ڕزگارکەرەوە بۆ داگیرکەر و، سووریای کردە دەروازەیەك بۆ هاتنی تیرۆریستانی ئەلقاعیدە و پەیوەندیکردنیان بە لقی قاعیدە لە عێراقدا، ئەم کارەی سووریا بە ئاستێك حکومەتی عێراقی هەراسان کرد، کە گەیشتە ئەوەی نووری مالیکی سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی عێراق گازندە لە سووریا بکات و بە ئاشکرا ڕایبگەیەنێت کە سووریا بووەتە دەروازەی هاتنە ناوەوەی تیرۆریستان بۆ عێراق.

ئەم خاڵانەی ئاماژەمان پێ کردن، جیا لەوەی بەرەی دژ بە ئەمریکای بەهێز کرد، لە هەمان کاتدا بێ متمانەیی و دڕدۆنگی لەناو دەوڵەتانی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی و تەنانەت دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپاش دروست کرد، هەر ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە ڕووسیا بێ منەتانە بتوانێت لە ساڵی ٢٠٠٨ هێرش بکاتە سەر جۆرجیا و ددان بە سەربەخۆیی ئەبخازیا و ئوسیتا بنێت و کاریگەریشی لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ڕووسیاش نەبێت.

ئەم گۆڕانکاری و وەرچەرخانانە لەسەر ئاستی ڕای گشتیی ئەمریکاش بە تایبەتی دوای ئەوەی جارێکی دیکە سەرۆك بوش لە ساڵی ٢٠٠٤ دووبارە هەڵبژێردرایەوە، کاریگەرییەکی زۆر گەورەی هەبوو، بووە هۆکاری ئەوەی کە ڕای گشتیی ئەمریکا بەرانبەر سیاسەتی کۆمارییەکان لە عێراقدا گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا بێت، لەمەش زیاتر دیموکراتیەکان پلانی «B»یان داڕشت وەك سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر عێراق لەو کاتەی دیموکراتەکان لە هەڵبژاردنی داهاتوو دەچنە کۆشکی سپی، هێزەکانیان لە عێراق دەکشێننەوە و کۆتایی بە شەڕی ئەمریکا لە عێراقدا دەهێنن و دەسەڵات و سەروەریی وڵات دەگێڕنەوە بۆ عێراقییەکان.

ئەوجا لەگەڵ ئەوەی جورج دەبلیو بوش لە ساڵی ٢٠٠٨ هەنگاوی بۆ ئەوە هەڵگرت کە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی وەرگرتنی ڕێوشوێنی تازە «سۆفا» بۆ مانەوەی هێزەکانی لە

**پۆل بریمەر کە وەک حاکمی مەدەنی بۆ عێراق دیاری کرابوو، پێشتر کاری لەسەر دۆسیە و سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بەعێراق نەکردبوو، بۆیە زۆر بە نەشارەزایی هاتە ناو پرۆسەکە و وەک سەرۆک بارزانی لە کتێبەکەی ئاماژەی پێ کردووە، چەندین جار لەسەر پرسی پێشمەرگە و مافەکانی گەلی کوردستان، سەرۆک بارزانیی ناچار کردووە کە هەڕەشەی کشانەوە لە پرۆسەی سیاسیی عێراق بکات**

**تورکیا لەوە دەترسا کە هەژموونی ئێران بە تەواوەتی لە عێراقدا بگاتە لووتکە و عەرەبی سوننەی عێراق بەتەواوەتی تەسلیمی ئەو واقیعە بن، لە سەرووی ئەمانەشەوە دەترسا کە هەرێمی کوردستان لەم بارودۆخەدا ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ**

**ئێران لەوە دەترسا، کە عەرەبی شیعەی عێراق کەم ئەزموونن لە سیاسەتی حوکمڕانیدا و بە درێژایی مێژووی دەوڵەتی عێراق لە حوکمڕانیدا پەراوێز خراون، بۆیە دەترسا کە ئەمریکا جڵەوگیریان بکات و بارودۆخەکەی لەدەست دەربچێت**



**سووریا کە لەوێش لقێکی دیکەی حزبی بەعس بە ناوی «حزبی بەعسی سووری» لە دەسەڵاتدایە، دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق، ترسی ئەوەی هەبوو، ئیدی سەرەی ئەو بێت لەلایەن ئەمریکاوە و ڕژێمەکەی بڕووخێندرێت**

عێراق و هەتا ٣١ی١١ی ٢٠١١ هەر کاتێك عێراق داوا بکات هێزەکانی بکشێنێتەوە، بەڵام هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨ی دۆڕاند و، دیموکراتەکان بە سەرۆکایەتیی باراك ئۆباما لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٩ هاتنە دەسەڵات.

لەگەڵ ئەوەی لە ئیدارەی یەکەم و دووەمی ئۆباما، جوزیف بایدن (سەرۆکی ئێستای ئەمریکا)، جێگری سەرۆك ئۆباما بوو، بایدنیش کە پێشتر سەرۆکی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێس بوو، جیا لەوەی زۆر شارەزا بوو لە سیاسەتی عێراق و پێشتریش سەردانی هەرێمی کوردستانی کردبوو، زۆر ئاشنای هەرێمی کوردستان بوو، بەڵام سیاسەتی ئیدارەی ئۆباماش بەرانبەر عێراق سەرکەوتوو نەبوو، بەتایبەتی لە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ی پەرلەمانی عێراق و پێداگریی ئیدارەی ئەمریکی بە هاوشێوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ دووبارە کاندیدکردنەوەی نووری مالیکی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران، وەك سەرۆك بارزانی لە کتێبەکەی ئاماژەی پێ کردووە، جێگەی سەرسوڕمان بوو، هەروەها ڕاستەوخۆش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ٣١ی١٢ی ٢٠١١ بەبێ گوێدانە ڕاوبۆچوونی بەشێکی زۆری لایەنە سیاسییەکان و سەرکردەکانی عێراق کە هۆشدارییان بە ئەمریکا دا، کشانەوەی بەپەلەی هێزەکان کارەسات بە دوای خۆیدا دەهێنێت، بەڵام ئیدارەی ئەمریکا هەموو



ئەمانەی فەرامۆش کرد و لە کاتی خۆیدا هێزەکانی کشاندەوە، ئەمەش لە بارودۆخێکدا کە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هۆی ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی ئاڵۆز و ناسەقامگیر بوو، شەڕی سووریاش دەستی پێ کردبوو، جیا لەوەی ئێران پشتگیرییەکی گەورەی مانەوەی حکومەتەکەی بەشار ئەسەدی دەکرد، بە دەیان گرووپی میلیشیای شیعەکانی عێراق و حزبوڵڵای لوبنانی چووبوونە ناو سووریا و بەرگرییان لە مانەوەی حکومەتەکەی ئەسەد دەکرد، لە ناوەڕاست و باشووری عێراقیش، سەرەتای ناڕەزایی و خۆپیشاندانەکان دەستی پێ کردبوو، بارودۆخەکە بەرەو ئەوە دەچوو لە هەر ساتێکدا بتەقێتەوە، دەتەقایەوە.

لە دوماهی ئەم بەشەدا، جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە بەشی یەکەممان تەرخان کرد بۆ ئەو وانە و پەندانەی لە کۆی بەرگی شەشەمی «بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد» لەم بەرگە فێری دەبین و، بێگومان بابەتی گەلێك گرنگی دیکەش ماون کە پێویستیان بەوەیە هەڵوەستەی جددی لەسەر بکرێت، بەتایبەتیش وەك بابەتی «نووسینەوەی دەستووری ٢٠٠٥، بەشداریی کورد لە پرۆسەی سیاسیی عێراق، شەڕی دژی داعش و قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگە لە بەتاڵکردنەوەی ئەفسانەی تیرۆریستانی داعش» کە لە بەشەکانی دیکەدا زیاتر هەڵوەستەیان لەسەر دەکەین.

**جیا لەوەی ئێران پشتگیرییەکی گەورەی مانەوەی حکومەتەکەی بەشار ئەسەدی دەکرد، بە دەیان گرووپی میلیشیای شیعەکانی عێراق و حزبوڵڵای لوبنانی چووبوونە ناو سووریا و بەرگرییان لە مانەوەی حکومەتەکەی ئەسەد دەکرد**



ژیان ڕەزا حەسەن فەیلی
بۆ گوڵان:

# کوردانی فەیلی لە عێراقدا لە کاریگەری و شوێنەوارەکانی جینۆساید ڕزگاریان نەبووە و پێگە و مافەکانیان بۆ نەگەڕاوەتەوە

# ئیدریس بارزانی لە کوردە فەیلییەکان زۆر نزیک بوو، بۆیە ڕێزێکی تایبەتیان بۆی هەبوو

**ڕژێمی سەدام ٤٣ ساڵ لەمەوبەر لە جینۆسایدێکی پڕ لە ڕق و قیندا دژ بە کوردبوونیان هێرشی کردە سەر کوردانی فەیلی و ماڵ و حاڵیانی تالان کرد و گەنجەکانیانی خستە ناو زیندانەکانەوە و بێسەروشوێنی کردن، سەرۆك بارزانی لە کۆنفرانسی بەجینۆسایدناسانی کوردانی فەیلی ئەم تاوانەی بە بیری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هێنایەوە، کە هیچی کەمتر نەبووە لە جینۆسایدەکانی دیکەی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق و داعشە تیرۆریستەکان، گۆڤاری گوڵان لە زنجیرە چاوپێکەوتنێکیدا بۆ هەڵدانەوەی ڕۆژە ڕەشەکانی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی پێشووی عێراق دژ بە کوردانی فەیلی، دیدارێکی لەگەڵ ئەندازیار ژیان ڕەزا حەسەن فەیلی سازدا، ژیان ڕەزا لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر و کەسایەتییەکی ناسراوی ناو کوردانی فەیلییە و باوك و دایکی لە ساڵی ١٩٦١دا لە شۆڕشی ئەیلوول بەشدار بوون و لە کۆنفرانسی بەجینۆسایدناساندنی کوردانی فەیلی ئەندامێکی کارای کۆنفرانسەکە بوو، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** ئەگەرچی جینۆسایدی ساڵی ١٩٨٠ی کوردانی فەیلی لە قۆناغ و سەردەمێکی هەستیاردا ئەنجام درا و جۆرێك لە پەراوێزخستن و شاردنەوەی پێوە دیارە، بەڵام تاوانێکی نێودەوڵەتی بووە دژ بە نەتەوەی کورد، پرسیار لێرەدا ئەوەیە وەکو ئافرەت و کەسایەتییەکی ناو کوردانی فەیلی ئەم پاکتاوکردنە دەخەیتە خانەی چ شێوازێکی جینۆسایدەوە؟**

- کوردانی فەیلی لە عێراقدا بە هۆی کوردبوونیان و پشتگیرییان بۆ شۆڕشی ئەیلوول ڕووبەڕووی جینۆسایدێکی بەرنامە بۆ دارێژراو بوونەوە، بابەتەکە تەنیا بەزۆرەملێی ڕاپێچکردنیان نییە بۆ ئێران لە ساڵی ١٩٨٠، بەڵکو ڕاپێچێکی زۆرەملێی دیکەش لەلایەن ڕژێمەکانی پێشووەوە لە نێوخۆی عێراقدا ڕووی داوە، کە چۆڵکردن و تەعریبکردنی ناوچەکانیانی لێ کەوتەوە، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ زیندانیکردن و کوشتنی گەنجەکانمان و ژمارەیەکی زۆریشیان تاکو ئێستا سۆراخیان نییە و بێسەروشوێنن، بەو پێیەی زۆربەی کوردانی فەیلی دانیشتووانی بەغدا و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە و بەشێکیان لە ناوچە جێناکۆکەکان بوون و ناوچەکانیان دەوڵەمەند و بەپیتە لە سامانی سەر زەوی و ژێر زەوی، بۆیە ڕووبەڕووی تەعریبێکی بەرنامەبۆدارێژراو بوونەوە. لە دوای ساڵی ١٩٨٠ سەدام گوتی ئەوەی ژنی کوردی فەیلی هێناوە، دەبێت تەڵاقی بدات، چونکە کوردە فەیلییەکان تەرحیل دەکەین و نابێت وەچەتان لێیان هەبێت، بەمەش تەنانەت دەستیان بۆ تێکدانی شیرازەی پیرۆزی خێزانەکانیش برد، بۆیە جینۆسایدی کوردانی فەیلی دەچێتە قاڵبی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و بە تێپەڕبوونی کاتیش شوێنەوارەکان و تاوانەکان ناسڕێنەوە، بەتایبەتی ئەم جینۆسایدە کە ئامانج لێی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیەکە. گەورەترین مەترسی لەوەدایە هەروەکو چۆن سەرۆك بارزانی ئاماژەی پێ دا، تاکو ئەمڕۆ پەراوێزخستن و فەرامۆشکردنی کوردانی فەیلی لە بەغدا و ناوچەکانیان بەردەوامی هەیە و قەرەبووی ماددەی و مەعنەوی نەکراونەتەوە.

*** ئاماژەت بە شۆڕشی ئەیلوول و ڕۆڵی کوردانی فەیلی کرد، ئایا تاچەند کوردانی فەیلی پاڵپشتیی شۆڕشەکەیان کردبوو؟**

- کوردانی فەیلی کە پێکهاتەیەکی بنەڕەتیی کۆمەڵگەی کوردین و تایبەتمەندێتیی نەتەوەیی و مەزهەبییان هەیە، لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە

**لە دوای ساڵی ١٩٨٠ سەدام گوتی ئەوەی ژنی کوردی فەیلی هێناوە، دەبێت تەڵاقی بدات، چونکە کوردە فەیلییەکان تەرحیل دەکەین و نابێت وەچەتان لێیان هەبێت**

**جینۆسایدی کوردانی فەیلی دەچێتە قاڵبی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و بە تێپەڕبوونی کاتیش شوێنەوارەکان و تاوانەکان ناسڕێنەوە**

**لە ساڵی ١٩٧٠ ڕەگەزنامەی عێراقییان لە کوردانی فەیلی سەندەوە و بە ئێرانییان دانان، کەچی کاتێک ڕاپێچی ئێران کران، لەوێش بە عێراقییان دادەنان**

ڕووبەڕووی شاڵاوێکی فراوان بوونەوە و سەرەتا لە ساڵی ١٩٧٠ ڕەگەزنامەی عێراقییان لە کوردانی فەیلی سەندەوە و بە ئێرانییان دانان، کەچی کاتێك ڕاپێچی ئێران کران، لەوێش بە عێراقییان دادەنان، لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٦٣ و دواتر لە شۆڕشی ئەیلوول لە ١٩٦١ ڕژێمی بەعس بە هۆی هەڵوێستی کوردانی فەیلی ئەم ڕق و قینەی بەرانبەریان هەبوو، بۆیە چەندین تاوانی قێزەونی نامرۆڤانەیان ئەنجام دا، ئەمەش بە هۆی ئەوەی خۆشەویستی و ڕێزێکی زۆریان بۆ مەلا مستەفا بارزانی هەبوو و بە داکۆکیکارێکی سەرسەختی خۆیانیان دادەنا و بە ڕۆح و گیان فیدای مەلا مستەفا بارزانی بوون، لە شۆڕشی ئەیلوول زۆر لە کوردانی فەیلی بە کۆکردنەوەی کۆمەك و بەشداریکردن لە ناو ڕێکخستنەکانی پارتی ڕۆڵێکی کارایان لە ناو شۆڕشەکەی مەلا مستەفا بارزانی هەبوو، لە سەردەمی حەرەس قەومی باوکم لەگەڵ ژمارەیەکی دیکەی کوردانی فەیلی لە گەڕەکە کۆڵان تەسکەکانی ئەو سەردەمەی بەغدا چەك و تەقەمەنییان لە ژێر عەبای خێزانەکانیان لە بەغداوە دەگواستەوە بۆ سەر شەقامەکان، کە لەوێ ئۆتۆمبێلەکان چاوەڕوانی دەکردن و دواتر لە ناو ئۆتۆمبێلەکان دەشاردرایەوە و دەنێردرا بۆ شاخ، ئەو دەمەی باوکم وەکو یاریدەدەری پزیشك بە سیفەتی پزیشك چووە ناو ڕیزەکانی شۆڕش و لە کاکە ئیدریس بارزانی نزیك بوو، پێکەوە بە ڕۆح و گیان نەك بۆ پۆست و پارە و دەسەڵات، کوردایەتییان دەکرد، دایکیشم مامان بوو، سەرپەرشتیی منداڵبوونی خێزان و خانەوادەی بارزانی و پێشمەرگەکانیشی دەکرد، کوردانی فەیلی ڕێز و خۆشەویستییەکی زۆریان بۆ ئیدریس بارزانی هەبوو، چونکە جگە لەوەی کوڕی مەلا مستەفا بارزانی بوو، گرنگییەکی زۆریشی بە کوردانی فەیلی دەدا و لێیانەوە زۆر نزیك بوو. لە ڕێککەوتنامەی ئادار لە ساڵی ١٩٧٠ لە ناو گۆڕەپانی تەحریری بەغدا لە ناو ئاپۆڕای جەماوەریدا کوردانی فەیلی پاڵپشتییان لە مەلا مستەفا بارزانی و ڕێککەوتنامە مێژووییەکە دەکرد، لەو ئاپۆرایەی خەڵکدا کە بەڵگەنامە و وێنەکان ماون، بە ڕوونی دەردەکەوێت کە چۆن کوردانی فەیلی پاڵپشتیی مەلا مستەفایان دەکرد. یەدوڵڵاو کوڕەکانی و جەعفەر محەمەد کەریم و حەبیب محەمەد کەریم و زەکییە ئیسماعیل حەقی فەیلی و سەدان کوڕی گەنج و کەسایەتیی بەناوبانگی دیکە لە بەغدا پاڵپشتیی مەلا مستەفا بارزانییان دەکرد. ئەو سەردەمە پارتی خاوەنی پارە و داراییەکی باش نەبوو، پشتی بە کۆمەکی بازرگان و کاسبکار و پیشەوەرەکانی کوردانی فەیلی دەبەست، تەنانەت ئامێرەکانی ئێزگەی ڕادیۆ لەلایەن کوردانی فەیلییەوە گواسترایەوە بۆ شاخ، ژمارەیەکی زۆری کاسبکار و بازرگان و پیشەوەران بەشدارییان لەو ڕێپێوانانە دەکرد کە بۆ پاڵپشتیکردنی مەلا مستەفا بارزانی لە ناو جەرگەی بەغدا ڕێك دەخرا، هەر ئەمەش بوو وای کرد لە ساڵی ١٩٨٠دا ٤٠٠ بازرگانی کوردی فەیلی بانگهێشت کرانە ناو هۆڵێك بە بیانووی پێدانی مۆڵەتی نوێی بازرگانی کە لەلایەن تەها یاسین ڕەمەزان بەڕێوە چوو، لە دەرگای پشتەوە بە زۆر خرانە ناو پاس و بەرەو سنوورەکانی ئێران ڕاپێچ کران و دواتریش نیو ملیۆن کوردی فەیلی بەپێی بڕیاری ٦٦٦ لە ١٩٨٠/٥/٧ دەست بەسەر ماڵ و حاڵیاندا گیرا و، خانوو کەلوپەلەکانیان تالان کران و ڕاپێچی ناوچە سنوورییەکانی نێوان عێراق و ئێران کران و بە کۆڕەوێکی پڕ لە مەترسی و مردنی ژمارەیەکی زۆری منداڵ و کەسی بەتەمەن، گەیشتنە ئۆردوگاکانی ئێران، ئەو ئۆردوگایانەی هەرگیز جێگەی ژیان نەبوون، بەمەش دەیان هەزار کوردی فەیلی لە گەڕەکەکانی بەغدا و کوت و خانەقین و بەدرە و جەسان و بەسرە و دیالە و میسان و کوفە و ناسرییە لە ماوەی چەند مانگێکدا لەلایەن پیاوانی موخابەراتی بەعسەوە دەستنیشان کران و بە شەو هەڵیانکوتایە سەریان و گەنجەکانیان دەستگیر کردن، لە گرتووخانەکانی کازمییە و فەیسەڵییە و سەدر و ئەبوغرێب و حەبانییە بێسەروشوێن کران، من خۆم و خانەوادەکەم و کەسوکارەکەم لە وەجبەی یەکەمی بەزۆرەملێی ڕاپێچکردنەکەدا بووین، لە وەجبەی دووەم گەنجەکانیشیان دەستبەسەرکرد و ڕاپێچی زیندانەکانیان کردن.

**لە شۆڕشی ئەیلوول زۆر لە کوردانی فەیلی بە کۆکردنەوەی کۆمەک و بەشداریکردن لە ناو ڕێکخستنەکانی پارتی ڕۆڵێکی کارایان لە ناو شۆڕشەکەی مەلا مستەفا بارزانی هەبوو**

**ئەو دەمەی باوکم وەکو یاریدەدەری پزیشک بە سیفەتی پزیشک چووە ناو ڕیزەکانی شۆڕش و لە کاکە ئیدریس بارزانی نزیک بوو، پێکەوە بە ڕۆح و گیان نەک بۆ پۆست و پارە و دەسەڵات، کوردایەتییان دەکرد**

**ئەو سەردەمە پارتی خاوەنی پارە و داراییەکی باش نەبوو، پشتی بە کۆمەکی بازرگان و کاسبکار و پیشەوەرەکانی کوردانی فەیلی دەبەست**

**خۆم و خانەوادەکەم و کەسوکارەکەم لە وەجبەی یەکەمی بەزۆرەملێی ڕاپێچکردنەکەدا بووین، لە وەجبەی دووەم گەنجەکانیشیان دەستبەسەرکرد و ڕاپێچی زیندانەکانیان کردن**

*** لە دوای بەزۆرەملێ ڕاپێچکردنی کوردانی فەیلی بۆ ئێران، لەوێش تراژیدیایەکی دیکە دەستی پێ کرد، بەو پێیەی خێزانەکەی خۆتیش دەربەدەر کران، دەکرێت، دەمانەوێت باس ژیانی ناو ئۆردوگاکان بکەیت؟**

- بە هۆی کوردبوونمانەوە لە عێراق پێمان دەوترا ئێرانی، لەوێش پێمان دەوترا عێراقی، ئۆردوگاکانیش سادەترین بنەماکانی ژیانی تێدا نەبوو، ئەو دەمە ئێران لە سەروبەندی شۆڕشێکی نوێی کۆماری ئیسلامیدا بوو، جیهان پاڵپشتی لێ نەدەکرد و عێراقیش دەستی بە هێرشکردنە سەر ئێران کرد و زۆربەی دانیشتووانە سەر سنوورییەکانی ئەو وڵاتە ئاوارە بوون، بەمەش برسێتی و نەخۆشی و نەبوونی پێداویستییەکانی ژیان تراژیدیا و ئازارێکی نوێی ئاوارەبوونی کوردانی فەیلی دەستی پێ کرد و چەندین ساڵی خایەند، تەنانەت زۆر لە پیاوان و ئافرەتانی بەتەمەن و منداڵ لە نەخۆشی و ژیانێکی قورسدا گیانیان بەخشی.

*** وێڕای ئەم تراژیدیا و پاکتاوکردنە کەچی لە عێراقی دوای بەعس کەیسی جینۆسایدی کوردانی فەیلی پشتگوێ خرا و گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نەدرا، تەنانەت قەرەبوو نەکرانەوە و پێگە و دەسەڵات و مافەکانیان بۆ نەگەڕێنرایەوە، ئایا هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- جینۆساید وا تا تاوانی تاوانەکان و بە هۆکاری سیاسی و نەتەوەیی ئەنجام دراوە، لە ناوخۆدا پەرلەمانی عێراق و زۆر دادگا و تەنانەت حکومەت و ئەنجومەنی پارێزگای بەغدا بە جینۆسایدی ناو بردووە، تا ڕادەیەك ڕەگەزنامەی عێراقییان بە ژمارەیەك لە کوردانی فەیلی بەخشی، بەڵام کەس نەبووە ئەم کەیسە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بناسێنێت، بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق بخاتە ژێر باری یاسای تاوانکاریی نێودەوڵەتی، عێراقی دوای ساڵی ٢٠٠٣ نەیتوانی مافەکانی گەلی کورد زامن بکات، ئیتر چۆن دانپێدانان بە جینۆساید و دووبارە ماف بۆ خاوەن مافەکان دەگەڕێننەوە؟ من خۆم کە ڕەگەزنامە و نفووسم گۆڕی بۆ کارتی نیشتمانی داوای نوسخەیەکی ڕەگەزنامەی باوکمیان کرد، کە پێم دان، گوتیان دەبێت لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕەگەزنامەی عێراق هەموو بۆکسەکەمان بۆ ڕەوانە بکەن، تاوەکو بزانین خۆت و خێزانەکەت تەجمید نەکراون، ئەمەش ڕۆتین و هێنانەوەی برۆبیانووە، حکومەتی عێراق لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە ئیدعای ئاسانکاری بۆ کوردانی فەیلی دەکات، بەڵام لە ڕووی کردارەوە وا نییە، برینی کوردانی فەیلی و شوێنەوارەکانی جینۆساید تا ئێستاش ساڕێژ نەبووە.

*** کۆنفرانسی بە جینۆسایدناساندنی تاوانی دژ بە کوردانی فەیلی ئومێدێکی گەڕاندەوە بۆ دووبارە ناساندنی تاوانەکە، ئایا لە دوای کۆنفرانس پێشنیازی چی دەکەیت بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکان و گەڕانەوەی مافەکانتان؟**

- سەرۆك بارزانی نوێنەرایەتی و بەرگریکاری مافەکانی هەموو چین و توێژەکان و پێکهاتە و ئایین و ئایینزا و نەتەوەکانی کوردستانە، هەرواش بۆ ئێمەی کوردانی فەیلی پشت و پەنایە، کۆنفرانسەکە گرنگی و بایەخی گەورەی هەبوو، وەکو لایەنی زانستی و زیندووکردنەوەی تاوانەکە، بۆیە داواکارین لە سەرۆك بەردەوام بێت لە گرنگیدان بەم کەیسە و گەڕانەوەی مافەکانی کوردانی فەیلی و قەرەبووکردنەوەیان، هەروەکو چۆن ئەرکی حکومەتی عێراقە ڕەگەزنامە بداتەوە بەو کوردانەی فەیلی کە لە زەمەنی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقدا نەیاندراوەتێ، یان لێیان زەوت کراوە، کوڕ و کچەکانیان لە دامەزراوەکانی عێراق دابمەزرێنن، هەر هیچ نەبێت لە ناو نەتەوەکەی خۆماندا لە شاری هەولێر بەشێك لە مافەکانیان بۆ بگەڕێتەوە، چونکە ئەگەر چاوەڕوانی ڕژێمی ئێستای عێراق و دادگا و هەیئەی نیزاعی موڵکییە بکەین، ئەوا لە بازنەیەکی داخراودا بە هۆی کوردبوونمانەوە دەمانهێنن و دەمانبەن، قەرەبووکردنەوەی ماددی و مەعنەوی زۆر پێویستە، تەنانەت لەبەر وەزعی ئەمنی و ئەو حزبایەتی و شۆڤێنییەتەی لە عێراقدا لە هەڵکشاندایە، ڕەنگە زۆر لە کوردانی فەیلی (ئەوانەی لە ئێران و لە هەندەرانن) نەتوانن بگەڕێنەوە بۆ سەر زێدی باوك و باپیرانیان، ئێ خۆ دەبێت لە کوردستان نیشتەجێ بکرێنەوە، لێرە داواکارین کوردانی فەیلی لەلایەن سەرۆك بارزانییەوە پێگەیەکی زیاتریان پێ بدرێت.

**عێراقی دوای ساڵی ٢٠٠٣ نەیتوانی مافەکانی گەلی کورد زامن بکات، ئیتر چۆن دانپێدانان بە جینۆساید و دووبارە ماف بۆ خاوەن مافەکان دەگەڕێننەوە؟**

**سەرۆک بارزانی نوێنەرایەتی و بەرگریکاری مافەکانی هەموو چین و توێژەکان و پێکهاتە و ئایین و ئایینزا و نەتەوەکانی کوردستانە، هەرواش بۆ ئێمەی کوردانی فەیلی پشت و پەنایە**

**ئەگەر چاوەڕوانی ڕژێمی ئێستای عێراق و دادگا و هەیئەی نیزاعی موڵکییە بکەین، ئەوا لە بازنەیەکی داخراودا بە هۆی کوردبوونمانەوە دەمانهێنن و دەمانبەن**

**لەبەر وەزعی ئەمنی و ئەو حزبایەتی و شۆڤێنییەتەی لە عێراقدا لە هەڵکشاندایە، ڕەنگە زۆر لە کوردانی فەیلی (ئەوانەی لە ئێران و لە هەندەرانن) نەتوانن بگەڕێنەوە بۆ سەر زێدی باوک و باپیرانیان**




ئەلینا ڕۆشا مینۆکاڵ

تویژەری بواری دیموکراسی لە زانکۆی بێرمینگهام بۆ گوڵان:

# دیموکراسی و گەشەی ئابووری دووانەیەکی لێکدانەبڕاو نین

**پرسی دیموکراسی و پرسیاری ئەوەی ئایا وڵاتە دیموکراسییەکان دەتوانن باشتر گەندەڵی کۆنترۆڵ بکەن، هەروەها بابەتی پەیوەندیی نێوان دیموکراسی و گەشەی ئابووری و ئایا دیموکراسی بە شێوەیەکی حەتمی سەردەکێشێت بۆ گەشەی ئابووری، یان بە پێچەوانەوە دەستەبەرکردن و بەدیهێنانی گەشەی ئابووری لە کۆتاییدا چەسپاندنی پایەکانی دیموکراسی لێ دەکەوێتەوە؟ کۆمەڵە پرسێك بوون کە گوڵان کردیە تەوەری دیدارێکی لەگەڵ ڕۆشا مینۆکاڵ کە توێژەری باڵایە لە پرۆگرامی سەرکردایەتیی پەیوەست بە گەشەپێدانەوە لە زانکۆی بێرمینگهام، کە کار لەسەر دەستەبەرکردن، یان گەڵاڵەکردنی ڕێگەچارەی سیاسی دەکەن. ئەلینا تایبەتمەندی و شارەزایی هەیە لە بواری تەحەددییەکانی پەیوەست بە دیموکراتیکردن و بە نامەرکەزیکردن و پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە و بنیادنانی دەوڵەت، هەروەها چەندین توێژینەوەی لە بارەی پرسەکانی پەیوەست بە گەندەڵی و چۆنێتی بەرنگاربوونەوەی گەندەڵییەوە هەیە.**

• ماوەیەکی زۆرە باس و خواس لە بارەی ئەو پرسەوە دەکرێت کە پێی دەگوترێت «پاشەکشە، یان داکشانی دیموکراسی»، واتە ناڕەزایەتییەك هەیە لە ئەدای سیستەمە دیموکراسییەکان، ئەمە لە کاتێکدا کە دەگوترێت لە سایەی دیموکراسیدا بواری گەندەڵکاری کەم دەبێتەوە، تێڕوانینی ئێوە چییە لە بارەی هۆکاری هاتنەئارای ئەم ناڕەزایەتییە و ئایا دەرئەنجامەکانی چی دەبن؟

- لە ڕاستیدا ئەمە پرسیارێکی گرنگە، من دەمەوێت لەم خاڵەوە دەست پێ بکەم، کە هیچ شتێك نییە لە نێو دیموکراسیدا، یان با بڵێین سرووشتی دیموکراسی بە چەشنێك نییە کە خۆی لە خۆیدا ببێتە هۆی کەمکردنەوە و سنووردارکردنی گەندەڵی، دەبێت ئەم ڕاستییەمان لەبەرچاو بێت، ئەمە لە کاتێکدا دەبێت ئەوەش نادیدە نەگرین کە هەندێ لە ڕژێمە خۆسەپێنەکان کاراتر و کاریگەرترن لە جڵەوکردنی گەندەڵی. هەرچەندە نابێت ئەوەش لە یاد بکەین کە چەندین ڕژێمی خۆسەپێنیش هەن کە هەموو چەشنە گەندەڵییەکیان تێدا بەربڵاوە و لە ئاست خواست و چاوەڕوانیی خەڵکەکەیاندا نین، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین ڕژێمی دیموکراسیشمان هەن کە لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی گەندەڵیدا تەواو سەرکەوتوون، دواتر ئەگەر بگەڕێینەوە سەر پرسیارەکەی ئێوە، ئەوا ڕاستە کە چەندین توێژینەوە هەن کە ئاماژە بە نائومێدییەکی قووڵ دەکەن لە ئاست حوکمڕانیی دیموکراسیدا، ئەم پرسەش پەیوەندیدارە بەوەی چۆن لە حکومەتێکی دیموکراسی دەڕوانرێت، و ئایا تا چەند ئەم حکومەتە لە ئاست ئەولەوییەت و پێداویستی و خواستی خەڵکدا بووە، کە لەم ڕووەوە هەندێ کەس هەست بە نائومێدی دەکەن، من پێم وایە بەشێك لە تەحەددییەکە پەیوەستە بەو پەرۆشی و حەماسەوە کە لە بارەی شەپۆلی بەدیموکراتیکردن لە ئارادا بوو، ئەوە بوو لە سەروەختی بڵاوبوونەوەی ئەم شەپۆلەدا باس لە کۆتایی مێژوو و سەرکەوتنی سەرمایەداری و دیموکراسی دەکرا، واتە لەم ڕووەوە حەماسێکی زۆر چاوەڕوانییەکی زۆر لە ئارادا بوو، چاوەڕوانییەکە ئەوە بوو کە دیموکراسی دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ هەموو چەشنە کێشەیەکدا بکات،و ئەدایەکی باشتری دەبێت و پتر لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا دەبێت و گەندەڵییەکی کەمتری تێدا ڕوو دەدات و مایەی ئاشتی و ئارامی دەبێت، واتە هەموو ئەم خەسڵەتانە درانە پاڵ دیموکراسی، مەبەستم ئەوەیە دەبێت هەموو ئەمانەمان لەبەرچاو بێت، کاتێك دەمانەوێت ئەم پرسە تاوتوێ بکەین. دواتر با ئێمە لە ڕوانگەیەکی دیکەوە لەم پرسە بڕوانین و پرسیاری ئەوە بکەین: ئایا دیموکراسی چییە و چی نییە؟ ئەگەر لە پێناسەکەیەوە لەم بابەتە بڕوانین، ئەوا دیموکراسی شێواز و ئالییەتێکە بۆ هەڵبژاردن، بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر و دەسەڵاتەکان و گەڵاڵەکردنی بڕیارەکان بە چەشنێکی بەشداری ئامێز و بە شێوازێکی کراوە، واتە پرۆسەیەکە تێیدا بوار و توانای بەشداریکردن بۆ خەڵکی دەڕەخسێندرێت، هەرچەندە دەبێت لەم ڕووەوە بڵێین کە ئەم پێناسەیە تەنیا ڕەهەندی ڕێکارەکان لەبەر چاو دەگرێت، واتە جەخت لەسەر ئالییەت و ڕێوشوێنەکان دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر

**چەندین ڕژێمی خۆسەپێن هەن کە هەموو چەشنە گەندەڵییەکیان تێدا بەربڵاوە و لە ئاست خواست و چاوەڕوانیی خەڵکەکەیاندا نین**

**چەندین توێژینەوە هەن کە ئاماژە بە نائومێدییەکی قووڵ دەکەن لە ئاست حوکمڕانیی دیموکراسیدا**

ئێمە لە ڕوانگەی دەرئەنجامەکانەوە حوکم لەسەر دیموکراسی بدەین، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر لە ڕوانگەی ئەوە حوکم بدەین تا چەند دیموکراسی دەتوانێت ئەدای باشی هەبێت و دەرئەنجامی ڕازیکار دەستەبەر بکات، ئەوا ئێمە لەم کاتەدا گوشارێکی زۆر دەخەینە سەر دیموکراسی، کە دەبینین لەم ڕووەوە تەنانەت ئەو وڵاتانەی کە بە لانکەی دیموکراسیش دادەنرێن کێشە و گیروگرفتیان هەیە.

**• هەر لە پەیوەندی بەم پرسەوە، ئایا دەتوانین باس لەوە بکەین کە مەرج نییە دیموکراسی و گەشەی ئابووری دووانەیەکی لێکدانەبڕاو بن، مەبەستمان ئەوەیە لە ئێستادا باس لەوە دەکرێت کە لە سایەی ڕژێمە خۆسەپێن و تاکڕەوەکانیشەوە دەکرێت گەشەی ئابووری دەستەبەر بکرێت، هەندێ جار ڕژێمە دیموکراسییەکانیش ناتوانن وەك پێویست ئەم گەشەکردنە ئابوورییە بەدی بهێنن؟**

- لە ڕاستیدا ڕەنگە بتوانین بڵێین کە پەیوەندییەك نییە لە نێوان دیموکراسی و گەشەی ئابووریدا، ئەگەر ئێمە لەم ڕووەوە باس لە ئەزموونی چین بکەین، ئەوا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە لە سەرەتادا چین ئاراستە و ئاقارێکی گرتەبەر کە لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و مرۆییەوە باجێکی زۆری دا، پێش ئەوەی بتوانێت ئاراستەیەکی دیکە بگرێتەبەر کە بتوانێت هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵگرێت، بەڵام دیسان دەبێت لێرەدا ئەوەش لە یاد نەکەین کە چەندین نموونەی ئەو وڵاتە دیموکراسییانەمان هەن کە توانیویانە درێژە بە گەشەی دیموکراسی بدەن و پارێزگاری لێ بکەن، مەبەستم ئەوەیە لەم ڕووەوە مشتومڕێکی زۆر هەن و پرسیاری ئەوە دەکرێت، ئایا دیموکراسی سەردەکێشێت بۆ گەشەی ئابووری، یان ئەوەتا گەشەی ئابووری لە کۆتاییدا دەبێتە وێ هاتنەئارای دیموکراسی؟ ئایا کامیان پێشمەرجی کامیانن؟ ئەوەی لەم ڕووەوە جێی سەرنجە ئەوەیە کە دەتوانرێت بەڵگە بۆ هەردوو بۆچوون و تێڕوانینەکە بهێنرێتەوە، بە هەرحاڵ لە ئێستادا هەلومەرجێك لە ئارادایە کە تێیدا چەندین وڵات لە ئەزموونی چین دەڕوانن و پێیان وایە ئەزموونێکی سەرکەوتووە، لە کاتێکدا چەند وڵاتی دیموکراسی هەن کە لە قەیران و تەنگژەدان. بۆ ئەوەی ئەم وڵاتە دیموکراسییانەش بتوانن ئەم ڕەوتی تەنگژەیە پێچەوانە بکەنەوە، ئەوا پێویستە بتوانن لە ئاست خواست و چاوەڕوانیی خەڵکەکەیاندا بن، بە چەشنێك ئەم خەڵکە پشت نەکەنە دیموکراسی.

**• ئەوەندەی ئێوە توێژینەوەتان ئەنجام داوە، ئایا هیچ وڵاتێك هەبووە کە لە دۆخی دوای ناکۆکی و شەڕدا توانیبێتی بە گرتنەبەری دیموکراسی کێشەکان تێپەڕێنێت و ئاشتی و گەشەکردن دەستەبەر بکات؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر قورسە، لەگەڵ ئەوەشدا من دەتوانم لەم ڕووەوە ئاماژە بە وڵاتێك یان ئەزموونی وڵاتی غانا بکەم، کە وڵاتێکی پڕ لە کێشە بوو لە ناوچەیەکی پڕ لە کێشەدا، دواتر ئەگەر ئەم وڵاتە بەراورد بکەین بە دەوڵەتە دراوسێکانی، ئەوا تا ڕاددەیەك فۆرم و شێوازێکی دیموکراسی تێیدا پیادە کراوە، کە ئاشکرایە غانا یەکێکە لە وڵاتانی تازەگەشەکردوو، بەڵام ئەم وڵاتە توانیی بەرەوپێشچوونێکی لەسەرخۆ و هەنگاو بە هەنگاو بەدەست بهێنێت بە ئاراستەی چەسپاندنی دیموکراسی، هەرچەندە ئەم دیموکراسییە لە چەندین ڕەهەندەوە کێشەی قووڵی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پشتوانیی خەڵکی بەدەست هێناوە و تا ڕاددەیەك باش بەڕێوە چووە لە وڵاتێکی فرە ئیتنی و فرە زمان و هەمە چەشندا. دواتر مەرج نییە ئێمە تەنیا باسی ئەزموونی وڵاتانی دوای شەڕ و ناکۆکی بکەین، چونکە دەتوانین لەم ڕووەوە ئاماژە بە ئەزموونی هەندێ لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین بکەین لە پەیوەندی بەو تەحەددییانەی ڕووبەڕووی حوکمڕانیی دیموکراسی دەبنەوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت، توانیوانە هەندێ بەرەوپێشچوون بەدەست بهێنن، بۆ نموونە وڵاتی چیللی، کە ڕژێمێکی خۆسەپێنی هەبوو، بەڵام سەرکەوتوو بوو، دواتر ئەم ڕژێمە لە ژێر گوشاری خەڵکدا ناچار بوو هەنگاو بەرەو دیموکراسی هەڵبگرێت، لەم ڕووەوە کەم تا زۆر سەرکەوتوو بوو لە ئیدارەدانی پرۆسەی وەرچەرخان بەرەو دیموکراسی، هەرچەندە لە ئێستادا ڕووبەڕووی دژواری بووەتەوە و هەوڵی ئەوە دەدات، چۆن چاکسازییەکی دیاریکراو ئەنجام بدات، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بڵێین ئەوەی لەم وڵاتەدا ڕوو دەدات، چیرۆکێکی سەرکەوتنە، بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەوانەی کە ئاماژەیان پێ کرا، ئەوا ئاسان نییە بتوانرێت خواست و ویستی خەڵکی بەدی بهێنرێت، هەر لەبەر ئەوەشە کە تەنانەت لە نێو وڵاتە دیموکراسییەکانیشدا نارەزایەتی و خۆپیشاندان ڕوو دەدەن.

**تەنانەت ئەو وڵاتانەی کە بە لانکەی دیموکراسیش دادەنرێن کێشە و گیروگرفتیان هەیە**

**لە ئێستادا هەلومەرجێک لە ئارادایە کە تێیدا چەندین وڵات لە ئەزموونی چین دەڕوانن و پێیان وایە ئەزموونێکی سەرکەوتووە، لە کاتێکدا چەند وڵاتی دیموکراسی هەن کە لە قەیران و تەنگژەدان**

**غانا یەکێکە لە وڵاتانی تازەگەشەکردوو، بەڵام ئەم وڵاتە توانیی بەرەوپێشچوونێکی لەسەرخۆ و هەنگاو بە هەنگاو بەدەست بهێنێت بە ئاراستەی چەسپاندنی دیموکراسی**

**ئاسان نییە بتوانرێت خواست و ویستی خەڵکی بەدی بهێنرێت، هەر لەبەر ئەوەشە کە تەنانەت لە نێو وڵاتە دیموکراسییەکانیشدا نارەزایەتی و خۆپیشاندان ڕوو دەدەن**



دیمانەی تایبەت

### پڕۆفیسۆر ئولریک بروکنەر بۆ گوڵان:

# ڕووسیا و ڕۆژئاوا یەکتریان تووشی سەرسوڕمان کردووە

ئولریك بروکنەر، پڕۆفیسۆری دیراساتی ئەورووپییە لە زانکۆی ستانفۆرد لە بەرلین. پێشتر مامۆستا بووە لە بەشی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی بەرلینی ئازاد و وانەبێژ بووە لە زانکۆی فودان لە شانگهای، زانکۆی سابانجی لە ئەستەنبول و زانکۆی لیوبلیانا لە سلۆڤینیا. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا بۆ تاوتوێکردنی چەند پرسێکی پەیوەست بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و لێکەوت و ئاکامەکانی ئەم شەڕە و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

**هەمیشە ڕووسیا دەتوانێت ڕێگایەک بدۆزێتەوە بۆ خۆدزینەوە لە سزاکان و هەمیشە لایەنێک هەیە، بە چەشنێک مامەڵە بکات کە لە بەرژەوەندیی ڕووسیا بێت**

**داگیرکارییەکەی ئەم جارەی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا ناکۆکییەکی پەیوەست بە خاک و هەرێمایەتییەوە نەبوو لە نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا، بەڵکو ئەمە هێرشکردن بوو بۆ سەر ئەوەی کە ڕۆژئاوا بەرجەستەی دەکات**

**پێویستە بە پەلە هاوسەنگیی هێز بگۆڕدرێت، بە چەشنێک کە نوێنەرایەتیی وڵاتانی باشووریش لەخۆ بگرێت، وڵاتانی وەک هیندستان و ژاپۆنیش بگرێتەوە کە چیتر لە ژێر باڵادەستیی ڕۆژئاوادا نین**

**ئەگەرچی چین و ڕووسیا ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانن، بەڵام ڕووسیا دەبێت بە هاوبەشێکی لاوازتری چین**

*** ئاشکرایە کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا چەندین ئاکامی مرۆیی لێ کەوتووەتەوە لە ڕووی کوژران و بریندابوونی سەربازان و کەسانی مەدەنییەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاکامی وێرانکاریی ئابووریشی لێ کەوتووەتەوە، لە هەمان کاتدا ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی ئەمریکا چەندین سزای ئابوورییان بەسەر ڕووسیادا سەپاندووە، ئێوە چۆن لە کاریگەریی ئەم سزایانە لەسەر خودی ڕووسیا و تێکڕای شەڕەکە دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا زۆر کەس پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە سەپاندنی سزاکان ببێتە هۆی ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕەکە، کە ئاشکرایە زیادەڕۆییەک کرا لە پەیوەندی بە پێشبینییەکانی پەیوەست بەو کاریگەری و ئاکامانەی دەکرێت سزاکان بیانهێننەئاراوە. بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە ڕووسیا وڵاتێکی گەورە و بەرفراوانە و چەندین پەیوەندی باشی لەگەڵ بەشەکانی جیهاندا هەیە، واتە ئەگەرچی ڕۆژئاوا ڕۆڵێکی گەورەی هەبێت، وەک دەستەبەرکاری تەکنەلۆژیا و کەرەستە بەکاربراوەکان، ئەوا هەمیشە ڕووسیا دەتوانێت ڕێگایەک بدۆزێتەوە بۆ خۆدزینەوە لە سزاکان و هەمیشە لایەنێک هەیە، بە چەشنێك مامەڵە بکات کە لە بەرژەوەندیی ڕووسیا بێت، مەبەستم ئەوەیە ڕووسیا دەتوانێت ڕێگایەك بدۆزێتەوە بۆ بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای دەگمەن. خاڵێکی دیکە کە دەمەوێت لێرەدا ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە شێوازی مامەڵەی ڕۆژئاوا لەگەڵ ڕووسیا لە دوای داگیرکردنی هەرێمی کریمیا بژاردەیەك نەبوو بۆ ئەوەی ئەم جارە بگیرێتەبەر، چونکە زۆر ڕوون بوو کە داگیرکارییەکەی ئەم جارەی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا ناکۆکییەکی پەیوەست بە خاک و هەرێمایەتییەوە نەبوو لە نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا، بەڵکو ئەمە هێرشکردن بوو بۆ سەر ئەوەی کە ڕۆژئاوا بەرجەستەی دەکات، مەبەستم ئەوەیە ئۆکرانیا بڕیاری دابوو کە ببێتە بەشێك لەو کۆمەڵگە سیاسی و مەدەنییەی کە ڕۆژئاوا بەرجەستەی دەکات، هەر لەبەر ئەمەش بوو کە کاردانەوەی ڕۆژئاودا جیاواز بوو لەو پەرچەکردارەی گرتیەبەر دوای داگیرکردنی هەرێمی کریمیا، کە تەنیا چەند سزایەکی ئابووری و دارایی کەمی بە سەر ڕووسیادا سەپاند. هەرچۆنێك بێت پێم وایە ڕووسیا و ڕۆژئاوا یەکتریان تووشی سەرسوڕمان کرد، چونکە ڕووسیا ڕۆژئاوای ڕووبەڕووی سەرسوڕمان کردەوە بە شێوازی ئیدارەدانی ئاکامەکانی سزا سەپێندراوەکان بە سەریدا، لە هەمان کاتدا خودی ڕووسیا تووشی سەرسوڕمان بوو کە چۆن ڕۆژئاوا توانی ئیدارەی کێشەکان بکات و تەنگژەی کەموکورتیی وزە چارەسەر بکات، ئەوە بوو خەڵکی لە سەرمادا ڕەق نەبوونەتەوە و کێشە و ئاژاوە و پشێوی کۆمەڵایەتیش لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا نەهاتە ئاراوە.

*** ئەگەر لە وێنە گەورەکە بڕوانین، کە مەبەستمان لە ڕکابەری و ململانێی نێوان هێزە مەزنەکانی جیهانە، ئایا دەکرێت بڵێین ئەم شەڕەی ڕووسیا و ئۆکرانیا بووەتە هۆی ئەوەی شەڕێکی دیکەی سارد بێتەوە ئارا؟ ئایا دروستە بڵێین کە ئەمە بزمارێکی دیکەیە لە تابووتی ئەو سیستمە جیهانییە درا کە لە ئارادا بوو؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی پێی دەڵێن سیستمە جیهانییەکە، یان هاوسەنگیی هێز، یان پرسی ئەوەی کێ ئەندامە لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەوا ئەمە سیستمێکە کە لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانەوە هاتەئاراوە و دروست بوو، واتە ئەوە زیاتر لە ٧٠ ساڵ تێپەڕیوە و ئێستاش ئێمە لە جیهانێکی جیاوازدا دەژین، لەبەر ئەوە پێم وایە پێویستە بە پەلە هاوسەنگیی هێز بگۆڕدرێت، بە چەشنێك کە نوێنەرایەتیی وڵاتانی باشووریش لەخۆ بگرێت، وڵاتانی وەك هیندستان و ژاپۆنیش بگرێتەوە کە چیتر لەژێر باڵادەستیی ڕۆژئاوادا نین. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە وڵاتی چین پشتیوانیی ڕووسیا دەکات، ئەگەرچی ڕایگەیاندووە کە بێلایەنە، بەڵام چۆن چین بێلایەنە لە کاتێکدا هەموو ئەو وزەیە لە ڕووسیا دەکڕێت، کە ڕووسیا ناتوانێت بە بەکاربەرانی ڕۆژئاوای بفرۆشێت. لەبەر ئەوە دەبینین کە ڕووسیا زیاتر و زیاتر پشت بە چین دەبەستێت، هەرچەندە ناکرێت بڵێین چین و ڕووسیا دۆست و هاوپەیمانن، بەڵام

خاڵ و خواستی هاوبەش هەیە لە نێوانیاندا، کە هەر دوولا دەیانەوێت سیستمە جیهانییەکە و ئەو دامەزراوانە بگۆڕن کە ڕۆژئاوا- لە پێش هەمووشیانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا- باڵادەستە بە سەریاندا. کەواتە ئەگەر لە ئاکامی درێژخایەنی ئەم شەڕە بڕوانین، ئەوا ڕووسیا زیاتر پشتبەستوو دەبێت بە چین، واتە ئەگەرچی ئەم دوو وڵاتە (چین و ڕووسیا) ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانن، بەڵام ڕووسیا دەبێت بە هاوبەشێکی لاوازتری چین. هەروەها کاریگەرییەکی دیکەی دوورمەودای ئەم شەڕە ئەوەیە کە ئەوروپاش زیاتر و زیاتر پشتبەستوو دەبێت بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. کە پێم وایە ئەمەی دواییان کێشەیەکی ئەوتۆ نابێت، ئەگەر سەرۆکێکی وەك جۆ بایدن جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوە بێت لە نێو کۆشکی سپیدا، بەڵام هەر کاتێك سەرۆکێکی وەك دۆناڵد ترەمپ دەسەڵاتی گرتەدەست لە ئەمریکا، ئەوا ئەمە دەبێتە کێشەیەکی جددی بۆ وڵاتانی ئەوروپا. کەواتە ئەوروپا دەبێت ئەوەی لەبەرچاو بێت کە پشتبەستن بەو ئاسایشەی ئەمریکا بۆی دەستەبەرکردوون، لە بەرانبەر تێچوویەکی کەم لەسەر ئەوروپا کارێکی ڕەوایە و بەدەستهێنانی وزەی هەرزان لە ڕووسیا و هاوردەکردنی کەرەستەی هەرزان لە چینەوە سیاسەت و ستراتیژیەتێك نییە کە بتوانێت درێژەی پێ بدات و بیگرێتەبەر لە مەودای دووردا. کەواتە ئەگەر ئەوروپا بیەوێت لەم ڕووەوە سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت و مرونەتی هەبێت لە بەرانبەر پێشهات و ئەگەرەکان، ئەوا دەبێت سیاسەتەکانی بە چەشنێك دابڕێژێتەوە کە ببێتە هۆی گۆڕینی ئەولەوییەتەکان، ئەمەش وەبەرهێنانێکی زۆری دەوێت، چونکە لەم کاتەدا دەبێت ئەوروپا بایەخ بە چەند پرسێك بدات لە یەك کاتدا، وەك کێشەی کەشوهەوا و ئاسایشی وڵاتەکانی، هەروەها دەستەبەرکردن و بەرهەمهێنانی ئەو کەرەستانەی پێویستیەتی، ئەمەش پێویستی بە چاکسازیکردن هەیە لە چەندین لایەن و ڕەهەندی سیاسەتی پیشەسازی لە ئەوروپا، بەڵام ئەنجامدانی ئەم چاکسازییانەش کارێکی زەحمەتە لە کۆمەڵگەیەکی فرەییدا، بە پێچەوانەی ئەو وڵاتانەی کە ڕژێمە خۆسەپێن و تاکڕەوەکان زاڵن بە سەریاندا کە دەتوانن بڕیارەکە بدەن و ڕاستەوخۆ دەست بە جێبەجێکردنی بکەن، هەر کەسێکیش ناڕازی بێت، ئەوا دەگیرێت و دەخرێتە زیندانەوە.

*** کەواتە پێت وایە ئەم هەلومەرجەی هاتووتە ئاراوە، دەرفەت و بوارێك بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی وڵاتانی ئەوروپا پتر بە خۆیاندا بچنەوە و زیاتر هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی هەڵبگرن لە ڕووی ئاسایشی وزە و بەرگرییەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە بەندە بەوەی تا چەند متمانە بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکرێت، چونکە ئێمە دەزانین وڵاتانی ئەوروپا لە سەروەختی شەڕ و لە کاتی تەنگژەی وزەدا پشتیان بە ئەمریکا بەستووە. دواتر من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە وڵاتانی ئەوروپا ویستیان پەرە بە پەیوەندییەك بدەن لەگەڵ وڵاتی چین لەسەر بنەمای ئەوەی کە چین لە ئەوروپادا وەبەرهێنان بکات، لە هەمان کاتدا کۆمپانیاکانی ئەوروپاش لە چین وەبەرهێنان بکەن و، لەم ڕووەوە دۆخێك دروست بێت کە لە بەرژەوەندیی هەردوولا بێت، واتە ئەوروپا ویستی هەڵوێستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ چیندا نەگرێتەبەر، بەڵام ئەوەی ئەوروپا لەم پرسەدا فەرامۆشی کرد، ڕەهەندی ئەمنی بوو. واتە ئەوەی ئەوروپا لە بەر چاوی نەگرت، ئەوە بوو کە چی دەبێت، ئەگەر چین دەستڕۆیشتوویيەکی زۆری هەبێت لە وەبەرهێنانە ستراتیژییەکاندا، بۆ نموونە لە بەندەرەکان و لە پڕۆژەی پشتێنە و ڕێگا، کە تێیدا وڵاتە بچووکەکان لە ڕووی داراییەوە پتر پشتبەستوو بوون بە وەبەرهێنانی چین. کەواتە ئەمریکا داوا لە ئەوروپا دەکات، کە هەڵوێستی دڵسۆزانە بگرێتەبەر و تەنانەت ئەگەر کەسێکیش ئاماژە بە گرتنەبەر، یان گەڵاڵەکردنی هەڵوێستێکی سەربەخۆ بکات، وەك ئەوەی سەرۆکی فەڕەنسا ئیمانۆێڵ ماکرۆن کردی لە میانەی سەردانێکیدا بۆ چین بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی تایوان، ئەوا ئەمە مشتومڕێکی زۆر بە دوای خۆیدا دەهێنێت، کە چۆن کەسێك بوێریی ئەوە دەکات کە گومان لە هەڵوێستی یەکگرتووی ئەوروپا بکات.

**ئەوروپا دەبێت ئەوەی لەبەرچاو بێت کە پشتبەستن بەو ئاسایشەی ئەمریکا بۆی دەستەبەرکردوون، لە بەرانبەر تێچوویەکی کەم لەسەر ئەوروپا کارێکی ڕەوایە**

**دەبێت ئەوروپا بایەخ بە چەند پرسێك بدات لە یەك کاتدا، وەك کێشەی کەشوهەوا و ئاسایشی وڵاتەکانی، هەروەها دەستەبەرکردن و بەرهەمهێنانی ئەو کەرەستانەی پێویستیەتی، ئەمەش پێویستی بە چاکسازیکردن هەیە**

**وڵاتانی ئەوروپا لە سەروەختی شەڕ و لە کاتی تەنگژەی وزەدا پشتیان بە ئەمریکا بەستووە**

**وڵاتانی ئەوروپا ویستیان پەرە بە پەیوەندییەك بدەن لەگەڵ وڵاتی چین لەسەر بنەمای ئەوەی کە چین لە ئەوروپادا وەبەرهێنان بکات، لە هەمان کاتدا کۆمپانیاکانی ئەوروپاش لە چین وەبەرهێنان بکەن**



بڵند محەمەد مەولوود مەم
بەڕێوەبەری گشتیی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بۆ گوڵان:

# لە هەرێمی کوردستان ٢٨٠٢٨ کۆمپانیای نیشتمانی و ٣٣٤٥ کۆمپانیای بیانی تۆمار کراون

# هەمواركردنەوەی یاسا و بەئەلەكترۆنیكردنی تۆماری كۆمپانیاكان پاڵپشتییەكی گرنگی حكومەتی هەرێمی كوردستان بوو

## پێشتر لە ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەكان بۆ پێدانی ناوی بازرگانی پارەیەكی زۆر وەردەگیرا كە نزیكەی یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار بوو، بەڵام لە ئێستادا تەنیا ٥٠ هەزار دینار بۆ وەرگرتنی ناوی بازرگانی وەردەگیردرێت

**ژمارە و ڕێژەی كۆمپانیا خۆماڵی و بیانییەكان لە كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا ڕووی لە زیادبوون كردووە و، ئەو گۆڕانكاری و چاكسازییانەی كە هەر لە ناوی بازرگانی و شوێنكارە بازرگانییەكانەوە تاوەكو چاكسازییە یاساییەكان پەیڕەو دەكرێت، ڕۆڵی لە بەهێزبوونی جوولەی كاری كۆمپانیاكان هەبووە، لە ئێستادا لە ماوەی كەمتر لە ٢٤ كاتژمێردا كۆمپانیا تۆمار دەكرێت. بۆ قسەكردن لەسەر ئەم بابەتە و چەند تەوەرەیەكی دیكەی پەیوەندیدار گۆڤاری گوڵان دیدارێكی لەگەڵ مافپەروەر بڵند محەمەد مەولوود مەم بەڕێوەبەری گشتیی تۆماركردنی كۆمپانیاكان سازدا.**

*** باس لەوە دەكرێت لە چوارساڵی ڕابردوودا ژمارە و ڕێژەی كۆمپانیا خۆماڵی و بیانییەكان ڕووی لە زیادبوون كردووە، سەرەتا دەكرێت بزانین ژمارەی كۆمپانیاكانی خۆماڵی و بیانی چەندن؟**

- دوای كۆتاییهاتنی شوێنەوارەكانی كۆرۆنا و دووبارە دەستپێكردنەوەی جوولەی بازرگانی و پیشەسازی و كشتوكاڵی ژمارە و ڕێژەی كۆمپانیا خۆماڵییەكان (نیشتمانییەكان) و بیانییەكان ڕووی لە زیادبوون كردووە، لە ئێستادا لە هەرێمی كوردستان ٢٨٠٢٨ كۆمپانیای نیشتمانی و ٣٣٤٥ كۆمپانیای بیانی تۆمار كراون، ئەمە وێڕای كردنەوەی دەیان لقی كۆمپانیا بیانییەكان، یان نوێنەرایەتیی كۆمپانیا بیانییەكان.

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تۆماركردنی كۆمپانیاكان كە یەكێكە لە دامەزراوە گرنگ و هەستیارەكانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و لە پارێزگاكانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك بەڕێوەبەرایەتیی تۆماركردنی كۆمپانیاكانی هەیە و، بەم نزیكانەش لە پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆش ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دادەمەزرێت، تاوەكو كۆمپانیاكان، یان لقەكانی كۆمپانیا بیانییەكان و نوێنەرایەتیی كۆمپانیا بیانییەكان تۆمار بكەن، فەرمانگەكەمان بڕوانامەی تۆماری كۆمپانیاكان دەبەخشێت، بەڵام هەر كۆمپانیایەك سێكتەر و جۆری تایبەت بە خۆی هەیە لەلایەن وەزارەتی پەیوەندیدارەوە مۆڵەتی پێ دەدرێت، بۆ نموونە كۆمپانیا كشتوكاڵییەكان لە وەزارەتی كشتوكاڵ

**پێشتر لە ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەكان بۆ پێدانی ناوی بازرگانی پارەیەكی زۆر وەردەگیرا كە نزیكەی یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار بوو، بەڵام لە ئێستادا تەنیا ٥٠ هەزار دینار بۆ وەرگرتنی ناوی بازرگانی وەردەگیرێت**

و بیناسازییەکان لە دەستەی وەبەرهێنان. ئەرکێکی دیکەی بەڕێوەبەرایەتییەکانمان پێدانی بریکارنامەی بازرگانییە بەوەی هەر کەسێك سرووشتی بێت، یان مەعنەوی واتا کۆمپانیا بێت، دەتوانێت بریکارنامەی بازرگانی وەربگرێت، تاوەکو کاڵا لە دەرەوەی وڵات بهێنێت، هەروەها بابەتی تایبەتمەندێتی پێدانی ناوی بازرگانی و شوێنکارە بازرگانییەکان کە ماوەی کەمتر لە ساڵێك لەلای ژوورە بازرگانییەکان بوو، هێنراوەتەوە لای خۆمان و لە چوارچێوەی پرۆسەی چاکسازیدا بوو، پێشتر لە ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکان بۆ پێدانی ناوی بازرگانی پارەیەکی زۆر وەردەگیرا کە نزیکەی یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار بوو، بەڵام لە ئێستادا تەنیا ٥٠ هەزار دینار بۆ وەرگرتنی ناوی بازرگانی وەردەگیردرێت، بەمەش حکومەتی هەرێمی کوردستان هاندان و پاڵپشتییەکی زۆر گەورەی پێشکەش بەو کەسانە کرد کە دەیانەوێت ناوی بازرگانی وەربگرن.

*** واتا پرۆسەی چاکسازی کاریگەریی باشی هەبوو لەسەر کەمکردنەوەی ڕۆتین و مۆڵەتدان بە کۆمپانیاکان و کەمکردنەوەی ڕسوماتەکان، ئایا لە ڕووی یاساییەوە چی کراوە بەتایبەتی کە باس لەوە دەکرێت، زۆر لەو یاسایانەی هەیە، کۆنن و بۆ ئەم قۆناغ و سەردەمە ناگونجێن؟**

- پرۆسەی چاکسازی لە ڕیزبەندی یەکەمی کارەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، ئەمەش لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازییەوە دەستی پێ کردووە، لەم چوارچێوەیەدا تۆماری کۆمپانیا و کارەکانیشی گرتەوە و زنجیرەیەك چاکسازی ئەنجام دران، لەوانە چاکسازییە یاساییەکان بوو، ئەوەی پەیوەست بوو بە هەمواری یاسایی ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان کران و هەموار کرانەوە، وەکو یاسای (بازرگانی و ژوورە بازرگانییەکان و یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و.. تادوایی) ئەمەش وای کرد، لە ڕووی یاساییەوە هەنگاوی باش بنێین، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ پرۆسەی بەئەلەکترۆنیکردنی تۆماری کۆمپانیاکان کە بەپێی سیستەمێکی نیشتمانییە و بە سەرپەرشتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت، ئەمەش وای کرد لە ماوەیەکی کەم و بە تێچوونێکی کەم پرۆسەی تۆماری کۆمپانیاکان بەڕێوە بچێت.

*** کەواتە دەتوانین بڵێین کۆمپانیا نیشتمانی و بیانییەکان توانیویانە جموجووڵێکی باشی بازرگانی دەستەبەر بکەن و کاڵا و پێداویستییەکان بۆ هاووڵاتیان لەجاران باشتر دابین بکەن؟**

- لە ساڵی ٢٠١٤ بە هۆی قەیرانی دارایی و بڕینی بودجە و مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان و پەتای کۆرۆنا و شەڕی داعش ئەمانە هەمووی وای کردبوو، سستییەك بکەوێتە ناو جووڵەی بازرگانی و بازاڕەوە، بەڵام لە ئێستادا و بەتایبەتی لەم کابینەیەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ کۆمەڵێك ڕێککەوتنی ئەنجام دا لەسەر بنەمای ئەوەی بودجەیەکی شایستە بۆ هەرێمی کوردستان زامن بکات و جێگەی هەموو سێکتەر و کەرتەکانی تێدا بێت، بەمەش کۆمپانیا نیشتمانییەکان بەتایبەت و لقی کۆمپانیا بیانییەکانیش بە شێوەیەکی ڕێکوپێك دەست بە کارەکانیان دەکەنەوە و بەرەو پێشەوە دەچن و دەبێتە هۆی خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیان و دەستەبەرکردنی هەلی کار. ساڵانەش بەو پێیەی ژمارەیەکی زۆر پرۆسەی نوێکردنەوەی خۆیان ئەنجام دەدەن و میزانییەی کۆتاییان نیشانمان دەدەن، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کۆمپانیاکان کار دەکەن و زیندوون.

*** لە سەرەتای قسەکاندا باسی تۆماری کۆمپانیاکان و ناوی بازرگانیت کرد، پرسیار ئەوەیە تۆماری کۆمپانیا و ناوی بازرگانی چی پێویستە و ڕێکارە سەرەکییەکانی چین؟**

- هەر کەسێك بیەوێت کۆمپانیایەك دامەزرێنێت، سەرەتا دەبێت تۆماری بایۆمەتری ئەنجام بدات و تەمەنی لە ١٨ ساڵ زیاتر بێت و مووچەخۆر (فەرمانبەر)ی حکوومی نەبێت، جگە لە خانەنشینی و ناسنامە و ڕەگەزنامە و کارتی نیشتمانی دەبێت هاووڵاتی هەرێمی کوردستان بێت، بۆ بیانییەکانیش دەبێت پاسپۆرت و مۆڵەتی نیشنگەی هەبێت و کۆمپانیا سنووردار بێت، نابێت سەرمایەکەی لە ملیۆنێك دینار کەمتر بێت، کۆمپانیای سادە و تاکەکەسیش سەرمایەکەی ٥٠٠ هەزار

**پرۆسەی چاکسازی لە ڕیزبەندی یەکەمی کارەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، ئەمەش لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازییەوە دەستی پێ کردووە**

**لە ساڵی ٢٠١٤ بە هۆی قەیرانی دارایی و بڕینی بودجە و مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان و پەتای کۆرۆنا و شەڕی داعش ئەمانە هەمووی وای کردبوو، سستییەک بکەوێتە ناو جووڵەی بازرگانی و بازاڕەوە**

دینار بێت، بەڵام کۆمپانیای بەڵێندەرایەتی گشتی سەرمایەکەی دەبێت ٢٥٠-٣٥٠ ملیۆن دینار بێت و کۆمپانیای بیناسازی ٢٠٠ ملیۆن دینار کەمتر نەبێت، بە شێوەیەکی گشتی کۆمپانیاکان بەپێی ئەو سێکتەرەی کاری تێدا دەکات سەرمایەکەی بۆ دیاری دەکرێت.

*** ئایا لە تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ڕەچاوی سوودی ئابووری بۆ ئەو کۆمپانییانە دەکەن؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی یاسای کۆمپانیاکان و بەپێی دوایین نووسراوی ئەنجومەنی ئابووریی حکومەتی کوردستان، باوەڕی بە بازرگانیی ئازاد و ئابووریی بازاڕ هەیە، بەم پێیە ناکرێت حکومەت ئاراستەی بازرگانان و کۆمپانیاکان بکات، چونکە بوونی بازرگانییەکی سەرکەوتوو لە هەرێمی کوردستان بەندە بە هەماهەنگیی نێوان کەرتی تایبەت و گشتی و فەرزکردن لە کاری بازرگانی و کۆمپانیاکان لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە بە کارێکی ڕاست و دروست نازانرێت، مەبەستی سەرەکیش لەو بنەمایانە بەرەوپێشچوونی کاری کۆمپانیا و بازرگانییەکانە، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر گەشەکردنی هەرێمەکەمان دەبێت، وەك ئەوەی ئێستا لەبەر چاوە لە کابینەی نۆیەمدا.

*** لەگەڵ نزیکبوونەوەی نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ باس لەوە دەکرێت جووڵەی بازرگانی زۆر باش بووە لە نێوان هەرێم و ناوەند، ئایا لە ئێستادا ئەو پەیوەندییانە چۆن ڕێك خراونەتەوە؟**

- هەماهەنگی و پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ هاوشانی خۆمان لە حکومەتی عێراقی فیدراڵ هەیە، لە ڕێگەی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە بەغدا سیستەمێکی ئەلەکترۆنیمان داناوە، بەو ڕێگایەوە ڕۆژانە واژوو لەسەر هەر نووسراوێك دەکەین بۆ بەغدا، واتا پێش ئەوەی هاووڵاتی بگاتە بەغدا لە ماوەی یەك تا پێنج خولەك نووسراوکە دەگاتە فەرمانگەی مەبەست و بە پێچەوانەشەوە مامەڵەکانی ئەوانیش بە ئێمە دەگات، ئەمەش وای کردووە جووڵەیەکی باشی بازرگانی لە نێوان هەرێم و بەغدا دروست بێت. هەروەها لە ڕێگای پەیوەندیی کەسی و فەرمییەوە هەماهەنگی لە هەموو کارەکانی یەکتر دەکەین، بەتایبەتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی پارە و تیرۆر و کارە نایاساییی و ڕێگاپێنەدراوەکان، هاوکات لە دادگا و پرسە یاسایی و دادوەرییەکانیش هەماهەنگ و هاوکاری تەواوی یەکترین.

*** هەر سەبارەت بە کاری نایاسایی ئایا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم حاڵەتانە، پەیوەندییەکانتان لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟**

- سەبارەت بەو کۆمپانیانەی کاری سپیکردنەوەی پارە یان هەر کارێکی نایاسایی لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەی بۆیان دیاری کراوە دەکەن، بەو پێیەی بڕوانامەیان وەرگرتووە، ئەوە ئیجرائاتی یاسایی پێویست و توندیان بەرانبەر دەکرێت، بەڵام ئەو کۆمپانییانەی کاری سپیکردنەوەی پارە بکەن، لە وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان دەستەیەك دامەزراوە بە ئەندامیەتیی زۆری فەرمانگە و لایەنە پەیوەندیدارەکان کە ئێمەش وەك بەڕێوەبەرایەتیی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان تێیدا بەشدارین، لەو دەستەیەدا ئەو جۆرە کۆمپانییانە ڕووبەڕووی لێپێچینەوە دەکرێنەوە. هەر کۆمپانیایەکیش کاری نایاسایی بکات، یان لە کار و چالاکییەکانی کەمتەرخەم بێت، ئەوە بەپێی یاسای کۆمپانیاکان ماددەی سزایی هەیە لە ماددەکانی (٢١٣ و ٢١٦و٢١٧و ٢١٨) بەپێی ئەو ماددانە سزای دارایی دەدرێت و هەشیانە دەدرێنە دادگاکان تا دەگاتە زیندانیکردن.

*** پەیوەندیتان لەگەڵ کۆمەڵە و سەندیکا ناحکومییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چۆنە؟**

- ئێمە لەگەڵ سەندیکا و کۆمەڵە و دامەزراوە هاوشانەکانی خۆمان هەڵسوکەوت و مامەڵەیەکی فەرمیمان هەیە، بەڵام بەپێی دوایین گشتاندنی بەڕێز ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کە داوای کردووە لە دامەزراوەکان بە زووترین کات پرۆژە پێشکەش بکەن و ناکرێت سەندیکا کاری دەوڵەتداری بکات، بەڵکو سەندیکاکان دەکرێت بۆ بەرەوپێشەوەچوونی کاروبار و پرۆسەکانی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای چاکسازی و شەفافییەت و نەهێشتنی ڕۆتین هاوکار بن.

**بوونی بازرگانییەکی سەرکەوتوو لە هەرێمی کوردستان بەندە بە هەماهەنگیی نێوان کەرتی تایبەت و گشتی و فەرزکردن لە کاری بازرگانی و کۆمپانیاکان لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە بە کارێکی ڕاست و دروست نازانرێت**

**پێش ئەوەی هاووڵاتی بگاتە بەغدا لە ماوەی یەک تا پێنج خولەک نووسراوکە دەگاتە فەرمانگەی مەبەست و بە پێچەوانەشەوە مامەڵەکانی ئەوانیش بە ئێمە دەگات**



**دکتۆر ئەفرام محەمەد حەسەن**

**پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان و شارەزا لە چارەسەری ئالوودەبوونی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان بۆ گوڵان:**

# چارەسەری ئالوودەبووانی مادده هۆشبەرەکان ئەرکێکی سەرەکیی حکومەتە و پێویستی بە سەنتەری پێشکەوتوو هەیە

# لە یاسای نوێی مادده هۆشبەرەکاندا کەسێک هەوڵی چارەسەرکردن بدات وەکو تاوانبار سەیر ناکرێت

بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و ئالوودەبوونی، بە تیرۆری سەردەم ناو دەبرێت، یەکێك لە مەترسییەکانی بەکارهێنانی ئەم مادده هۆشبەرانە تێکچوونی شیرازەی خێزان و کۆمەڵگە و ڕاکێشانە بەرەو زیانگەیاندن بە تەندروستی و لادانی ڕەفتار و دواتر زیانگەیاندن بە دەوروبەرە. ئامار و داتاکانی ژمارەی ئەو کەسانەی مادده هۆشبەرەکان بەکار دەهێنن لە هەرێمی کوردستان لە هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) و لە ناو نەوجەوانانیدا زەنگێکی مەترسیدارە، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە کۆی ٥١٠٣ زیندانی سزادراوی ناو چاکسازییەکانی گەوران و ئافرەتان ١٠٣٨ سزادراوی ماددەی هۆشبەر بە بازرگانیکردن و بەکارهێنانی لە هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) هەیە، لەم ژمارەیەش ٥٨٩ کەسیان بە تاوانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان سزا دراون، لە نێویاندا ژمارەی ئەوانەی بەکارهێنەرن ڕووی لە هەڵکشان کردووە.

ئەگەر سەیری ئامارەکانی ناو عێراق بکەین، ئەوا تەنیا لە ٦ مانگی ئەمساڵ (٢٠٢٣) زیاتر لە ١٠٠٠ کەس لە عێراق دەستگیر کراون و ڕاپێچی زیندانەکان کراون، بەمەش لە عێراقدا ژمارەی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر بۆ نزیکەی ٨٠٠٠ کەس بەرز بووەتەوە. خۆ ئەگەر باسی وڵاتانی دەوروبەر بکەین کە تێکەڵاوبوونی لەگەڵ کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان زۆرە، ئەوا ژمارەکە بۆ چەندین هێندە بەرز بووەتەوە، بەتایبەتی کە لە ناوچەکەدا لە ئەفغانستان و ئێرانەوە بڕە ماددەیەکی زۆری هۆشبەر بۆ بازرگانیکردن بە هەرێمی کوردستاندا تێپەڕ دەبێت و تەنانەت لە ئێستادا بووەتە بازاڕێك بۆ ساغکردنەوە و بەکارهێنانی.

لە ژمارەکانی پێشووی گۆڤاری گوڵاندا وەزیری تەندروستی و ژمارەیەك لە دادوەر و شارەزا و کەسایەتیی ئەکادیمی و توێژەری کۆمەڵایەتی و بەرپرسانی چاکسازییەکان، لە بازنەی گفتوگۆ و دیمانەکانماندا جەختیان لەسەر مەترسیی ئالوودەبوونی گەنجەکان بە هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) کردەوە، لەم ژمارەیەی گۆڤاری گوڵانیشدا تیشك دەخەینە سەر لایەنێکی دیکەی ئەم دۆسیەیە، ئەویش چارەسەرکردنی گەنجە تووشبووەکانە کە ئالوودەی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بوون، لە ناو چاکسازییەکانیشدا لەبری ئەوەی چارەسەر بکرێن، ڕووبەڕووی زیندانیکردن بوونەتەوە و لە قوربانییەوە بوونەتە تاوانبار، لە بری ئەوەی چارەسەر وەربگرن و بکرێنەوە تاکێکی ئاسایی، زیاتر تێکەڵ بە جیهانێکی تاوان و تاوانکاری بوون، لە کاتێکدا لە یاسای نوێی مادده هۆشبەرەکاندا کەسێك ئارەزووی چارەسەرکردنی هەبێت، وەکو تاوانبار سەیر ناکرێت و دەبێت لەژێر سەرپەرشتیی پزیشك و کادیری شارەزادا چارەسەر بکرێت. بۆ قسەکردن لەسەر دۆسیێی چارەسەرکردنی ئالوودەبووان بە مادده هۆشبەرەکان، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر ئەفرام محەمەد حەسەن پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان و شارەزا لە بواری چارەسەریی ئالوودەبووانی مادده هۆشبەرەکان کرد، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.

**لە کۆی ٥١٠٣ زیندانی سزادراوی ناو چاکسازییەکانی گەوران و ئافرەتان ١٠٣٨ سزادراوی ماددەی هۆشبەر بە بازرگانیکردن و بەکارهێنانی لە هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) هەیە**

*** بـەو پێیـەی پسـپۆڕایەتی و شـارەزاییەکی باشـت لـە نەخۆشـییە دەروونییەکانـدا هەیـە و، هـاوکات شـارەزایت لـە چارەسـەری ئالوودەبـووان و بەکارهێنانی مـاددە هۆشـبەرەکانیش هەیە، کە زۆربـەی جار گەنجەکانمـان بـۆ خۆئارامکردنـەوە لـە بـارودۆخ و ژینگەیەکـی خراپـدا پەنـای بـۆ دەبـەن، کەچـی ڕووبـەڕووی دۆخێکـی نەخوازراوی خراپتر دەبنـەوە، ئایا مەرجە کەسی تووشـبووی بەکارهێنانـی مـاددە هۆشـبەرەکان نەخۆشـێکی دەروونـی بێـت؟**

- کێشـەی ئالوودەبـوون و هەڵکشـانی بەکارهێنانـی مـاددە هۆشـبەرەکان مەترسـی و هەڕەشـەیەکی گەورەیـە لەسـەر کۆمەڵگـە و خێـزان و تـاك، بەداخـەوە ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ بەکارهێنانـی ئـەم مـاددە هۆشـبەرانە و ئالوودەبوونـی ڕووی لـە زیادبوونـە، سـەبارەت بـە پرسیارەکەشـتان مـەرج نییـە ئـەوەی ئالـوودە بێـت لـە بەکارهێنانـی مـاددە هۆشـبەرەکان نەخۆشـیی دەروونـی هەبێـت، بەشـێکی زۆریـان خەڵکـی ئاسـایین و پەنایـان بردووەتـە بـەر بەکارهێنانـی ئـەم مـاددە هۆشـبەرانە، کـە بـە زۆری لـە نـاو گەنجەکاندایـە، ئەمـەش بەهـۆی خراپیی دۆخـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و بێـکاری و هـەژاری و دۆخێکـی نەخـوازراو و گرفتـی کۆمەڵایەتـی و تێکەڵبـوون لەگـەڵ هـاوڕێ و کەسـی خـراپ، هەندێـك جـار حاڵەتـی دەروونییـش وا دەکات، تـاك بـۆ خۆئارامکردنـەوە پەنـا بباتـە بـەر ئـەم مـاددە هۆشـبەرانە، بێگومـان ماددەی هۆشـبەر کاریگەریـی ئارامکردنـەوەی لەسـەر تـاك بـۆ ماوەیەکـی کەمـە و دواتـر تووشـی ئالوودەبـوون و گرفتـی گـەورە دەبێتـەوە، ئەمـەش هەمـووی بۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، گەنجەکانمان بە هـەر دوو ڕەگـەزی (نێـر و مـێ) نازانـن بـە شـێوەیەکی تەندروسـت مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو فشـار و پاڵەپەسـتۆ و گرفتـە کۆمەڵایەتـی و دۆخـە نەخوازراوانـە بکـەن، کـە تووشـی دەبـن، هەندێـك جاریش تێکەڵبـوون لەگەڵ کۆمەڵگەکانی دیکـە کـە ڕێـژەی بەکارهێنانـی مـاددە هۆشـبەرەکان تێیـدا بـەرزە، یـان تێکچوونـی شـیرازەی خێـزان و لەدەسـتدانی کۆنتڕۆڵـی بـاوکان و دایـکان لەسـەر منداڵەکانیـان و هاوڕێـی خـراپ هـۆکارن، زۆربـەی گەنجان سـەرەتا بە مـاددە کحولییـەکان، یـان هەندێـك دەرمانـی هێمنکـەرەوە دەسـت پـێ دەکـەن، کـە لـە سـەرەتادا ڕەنگـە ئـەم ماددانـە هەندێـك ئارامبەخـش بـن، بـەڵام دواتـر ڕوو لـە زیادبـوون دەکات و دەبێتـە ڕۆژانـە و بـەرەو ئالوودەبوون دەچێت. ئێمە وەکو پسپۆڕ و شارەزا لـە ڕوانگـەی زانسـتی پزیشـکییەوە بەکارهێنانـی مـاددە هۆشـبەرەکان هەروەکـو چـۆن نەخۆشـیی خەمۆکـی و شـیزۆفرینیا بـە نەخـۆش دادەنێیـن، بـەو شـێوەیە بـە کەمێـك جیاوازییـەوە ئالوودەبـوون بـە مـاددە هۆشـبەرەکان بـە نەخۆشـییە دەروونییـەکان دادەنێیـن.

*** لـە قسـەکانتدا ئامـاژەت بـە دۆخـی نەخـوازراوی گەنجـان و قوربانـی و تووشـبوون و هۆکارەکانی ئالوودەبـوون بە مـاددە هۆشـبەرەکانت کـرد، تەنانـەت ئەمـەش وەکـو نەخۆشـییەکی دەروونـی لـە ڕوانگـە زانستییەکەیەوە دادەنرێـت، کەواتـە نابێت ئەمانـە بـەو شـێوەیە وەکو سزادراو و تاوانـکار مامەڵەیـان لەگـەڵ بکرێـت؟**

- سزادانی بەکارهێنەرانـی مـاددە هۆشـبەرەکان و ئالوودەبووانـی هەڵەیەکـی گەورەیـە و ئالوودەبـوو زۆر جیـاوازە لـە بازرگانیکـردن بـە مـاددە هۆشـبەرەکان، لـەم دوو ساڵەی ڕابـردوودا گۆڕانـکاری لـە یاسـای مـاددە هۆشـبەرەکاندا کـراوە و جیـاکاری لـە نێـوان بەکارهێنانـی مـاددە هۆشـبەرەکان و بازرگانیکردنـی مـاددە هۆشـبەرەکان کـراوە، لـەم یاسـا نوێیـەدا ئەگـەر کەسـێك مـاددەی هۆشـبەر بـەکار بهێنێت، بـەڵام هەوڵـی چارەسـەرکردنی ئالوودەبوونـی بـە مـاددە هۆشـبەرەکە بـدات، ئـەوا هیـچ دامودەزگایەکـی حکومـەت نییـە سـکاڵای لەسـەر تۆمـار بـکات و سـزای بـدات، لەبـەر ئـەوەی ئـەم کەسـە لەژێر پرۆسـەی چارەسـەردایە، تەنانـەت ئـەو سزایانەی دانـراوە بـڕی بەکارهێنانـی مـاددە هۆشـبەرەکەی دیـاری کـردووە و جیاوازیـی زۆری هەیـە لـە یاسا کۆنەکـە. بـە شـێوەیەکی گشـتی مـن ناڵێم ئـەم یاسایە ١٠٠٪ تـەواوە و هەمـوو ئامانجەکانی ئێمـەی پێـکاوە، بـەڵام کۆمەڵێـك گۆڕانکاریـی گـەورەی تێـدا کـراوە و تەنانـەت دەزگاکانـی حکومەتیـش ئـەم کەسـانە وەکـو نەخۆشـێك سـەیر دەکـەن، نـەك وەکـو کەسـێکی بازرگانـی مـاددەی هۆشـبەر تـا سـزای گـەورە و تونـدی بەسـەردا بسـەپێندرێت.

**لە عێراقدا ژمارەی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر بۆ نزیکەی ٨٠٠٠ کەس بەرز بووەتەوە**

**زۆربەی گەنجان سەرەتا بە مادده کحولییەکان، یان هەندێک دەرمانی هێمنکەرەوە دەست پێ دەکەن، کە لە سەرەتادا ڕەنگە ئەم ماددانە هەندێک ئارامبەخش بن، بەڵام دواتر ڕوو لە زیادبوون دەکات و دەبێتە ڕۆژانە و بەرەو ئالوودەبوون دەچێت**

**سزادانی بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان و ئالوودەبووانی هەڵەیەکی گەورەیە و ئالوودەبوو زۆر جیاوازە لە بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان**

*** ئایا ئەم حاڵەتە نوێیە و ئەم یاسا نوێیە پێویستی بە دامەزراندنی سەنتەرێکی تایبەت نییە بۆ چارەسەرکردنی ئالوودەبووانی مادە هۆشبەرەکان، چونکە دوای دەرچوونی یاساکە و بەپێی ڕەچاوکردنی لایەنی زانستی ڕەنگە زۆربەی ئەو کەسانەی بەکارهێنەری مادە هۆشبەرەکان بن و ئالوودە بوون، دواجار قوربانی بن و پێویستیان بە چارەسەرکردن هەیە؟**

- بەداخەوە تا ئێستا هیچ سەنتەرێکی حکوومی و ئەهلی نییە بۆ چارەسەرکردنی ئالوودەبووانی مادە هۆشبەرەکان، ئەوەی هەیە بەشێکی بچووک و چەند ژوورێکی چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکانە، ئومێدمان زۆرە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەم سەنتەرانە لە پارێزگاکانی کوردستاندا بکرێنەوە، کە پزیشکی پسپۆڕی دەروونی و توێژەری دەروونی و چارەسازی دەروونی لەخۆ بگرێت، لە ئێستادا هەفتەیەك بۆ ١٠ ڕۆژ ئالوودەبووانی مادە هۆشبەرەکان لە نەخۆشخانە حکوومییەکان دەخەوێندرێن، دوای ئەوەی لەشی لە ژەهراویبوونەکە پاك دەکرێتەوە، دواتر پزیشکی دەروونی و چارەسازی دەروونی هەوڵی ئەوە دەدەن بۆ جارێکی دیکە ئەو کەسە ئامادە بکەنەوە تا بچێتەوە ناو کۆمەڵگە.

*** کەواتە چارەسەرکردنی ئالوودەبووان بە مادە هۆشبەرەکان بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێت و کەسی نەخۆش پێویستی بە مانەوە و چارەسەرکردنی درێژخایەن هەیە؟**

- سەرەتا پێویستە کەسەکە ئارەزووی چارەسەرکردنی هەبێت و ئامادەیی تێدا بێت، لەشی لەو ژەهرە پاك بکرێتەوە، دواتر پێویستی بە قۆناغی ڕاهێنان هەیە لەژێر سەرپەرشتیی پزیشکی دەروونی و چارەسازی دەروونی و توێژەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی تێدا دەبینن، تاوەکو ئەو کەسە ئاشنا بکەنەوە بە کۆمەڵگە و ئەو کەسە بگەڕێتەوە ناو کۆمەڵگە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستمان بە سەنتەری چارەسەرکردنی ئالوودەبووان بە مادە هۆشبەرەکان هەیە، بەپێی ئەو یاسایەی کە دانراوە، دەبووایە لە مانگی ١٠ی ساڵی ڕابردوو لە هەر سێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك سێ سەنتەری گەورەی چارەسەرکردنی مادە هۆشبەرەکان بکرایەتەوە، لە ئێستادا لە هیچ کام لەو سێ پارێزگایە ئەم سێ سەنتەرە نەکراوەتەوە، بڕیارە سەنتەرێکی چارەسەری مادە هۆشبەرەکان لە هەولێر بکرێتەوە، لە سلێمانی شوێنێکی کۆنیان وەرگرتووە و نەخۆشخانەکە نۆژەن دەکرێتەوە و بەشێکی بۆ چارەسەری مادە هۆشبەرەکان تەرخان دەکرێت، لەمەدا من بڕوام بە سەنتەری ئەهلی بۆ چارەسەرکردنی مادە هۆشبەرەکان هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی بڕە پارەیەکی زۆری تێدەچێت، بۆیە دەبێت حکومەت لە ڕووی داراییەوە پاڵپشتی بکات، مانەوەی کەسێك لە ناو ئەم سەنتەرانە زۆربەی جار لە مانگێك زیاتر دەخایەنێت، خۆ ئەگەر بە شێوەیەکی سادە سەیری نەخۆشێکی ئالوودەبووی مادە هۆشبەرەکان بکەین، تەنیا مانەوەی ١٠ نەخۆش بۆ دوو هەفتە لە سەنتەرێکدا نزیکەی سێ ملیۆن دینار تێچووی دەبێت و دەرمان و چارەسەری زۆری دەوێت، ئێ خۆ کەسی ئالوودەبوو بە مادە هۆشبەرەکان هەموو کێشەکانی تەنیا بەو دوو هەفتەیە چارەسەر نابێت و بۆ چەند مانگێك پێویستی بە چارەسازیی دەروونی و توێژەری کۆمەڵایەتی هەیە، تاوەکو ئەو کەسە دەبێتەوە بە کەسێکی وەك پێش ئالوودەبوونەکەی، ئەمەش پرۆسەیەکی دیکەیە و خەرجییەکی زۆرتری پێویستە. لە وڵاتان چارەسەری ئالوودەبووانی مادە هۆشبەرەکان ئەرکێکی سەرەکیی حکومەتە و سەنتەری پێشکەوتوویان هەیە، ئەرکە هەرە قورسەکانی حکومەت تەنیا دامەزراندنی سەنتەرەکانی چارەسەری ئالوودەبووانی مادە هۆشبەرەکان نییە، هێندەی گرفتی پێگەیاندن و ئامادەکردنی کادیری تایبەت و شارەزا هەیە کە بەردەوام ڕاهێنانیان پێ بکات، بوونی سەرچاوە مرۆییەکان پێش گرفتی ئامادەکردن و کردنەوەی سەنتەر و بینایە دێت. بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر کەسێکی ئالوودە بە مادە هۆشبەرەکان ئارەزوو و ویستی چارەسەرکردنی هەبێت، لە هەر قۆناغێکی ئالوودەبوونەکەدا بێت، ئومێدی چارەسەرکردنی هەیە و قۆناغەکان بە ئاسانی تێپەڕ دەکات، هەروەکو چۆن تێکەڵبوونی بە هەمان ژینگە و هاوڕێیەتی و بارودۆخ مەترسی دووبارە تووشبوونەوەشی لێ دەکرێت.

**تا ئێستا هیچ سەنتەرێکی حکوومی و ئەهلی نییە بۆ چارەسەرکردنی ئالوودەبووانی مادە هۆشبەرەکان، ئەوەی هەیە بەشێکی بچووک و چەند ژوورێکی چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکانە**

**دەبووایە لە مانگی ١٠ی ساڵی ڕابردوو لە هەر سێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆک سێ سەنتەری گەورەی چارەسەرکردنی مادە هۆشبەرەکان بکرایەتەوە**

**تەنیا مانەوەی ١٠ نەخۆش بۆ دوو هەفتە لە سەنتەرێکدا نزیکەی سێ ملیۆن دینار تێچووی دەبێت و دەرمان و چارەسەری زۆری دەوێت**

**لە وڵاتان چارەسەری ئالوودەبووانی مادە هۆشبەرەکان ئەرکێکی سەرەکیی حکومەتە و سەنتەری پێشکەوتوویان هەیە**



مەغدید عەریف ئەحمەد
بەڕێوەبەری شارۆچکەی خەلیفان بۆ گوڵان :

# لە دوای بڕیاری بەقەزابوونی خەلیفان گرنگیی زیاتر بە سنوورەکە دەدرێت

## پۆندێک بۆ کۆکردنەوەی ئاوی باران دروست دەکرێت

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەقەزابوونی خەلیفان و بەناحیەبوونی سرێشمەی ڕاگەیاند، خەلیفان پێگە و شوێنێکی زۆر گرنگ و ستراتیژیی لەسەر ڕێگەی گشتیی هامڵتۆن هەیە و ناوچەیەکی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و گەشتیارییە، گۆڤاری گوڵان بۆ بەدواداچوونی بڕیارەکە و کاریگەریی لەسەر فراوانبوونی خزمەتگوزارییەکان و ئەنجامدانی پڕۆژەکان، دیدارێکی لەگەڵ مەغدید عەریف ئەحمەد بەڕێوەبەری شارۆچکەی خەلیفان ئەنجام دا، بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** بڕیاری بەقەزابوونی خەلیفان لەلای ئێوە و خەڵکی دەڤەرەکە چۆن پێشوازی لێ کراوە، بەقەزابوونی خەلیفان و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان چۆن دەبێت؟**

- خەڵکی سنووری خەلیفان پێشوازییەکی زۆریان لە بڕیارەکەی بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، بڕیارەکە بۆ خەڵکی و داهاتووی ناوچەکە گرنگیی تایبەتی هەیە بۆ قەزا و گوندی سرێشمە، ئەو بڕیارە ئەوە دەسەلمێنێت سەرۆکی حکومەت خەمخۆری هەموو ناوچە و شوێنێکی هەرێمی کوردستانە بە بێ جیاوازی و دەیەوێت هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی وڵاتێکی جوان و سەردەمییانە و پێشکەوتوو دەربکەوێت، بوون بە قەزا بۆ شوێنێکی وەك خەلیفان واتە زیاتر خزمەتکردن و گەیاندنی باشترین و زۆرترین پڕۆژەی ستراتیژی و خزمەتگوزاری و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە سەرەوە بۆ خوارەوە و، بواری زیاتر دەڕەخسێت بۆ خزمەتکردن و جێبەجێکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان.

خەلیفان لە ساڵی (١٩٦٧) بووەتە ناحیە و (٦١) گوند لە سنوورەکەیدا هەیە و ژمارەی دانیشتووانەکەی بە گشتی زیاتر لە (٤٢) هەزار کەسە و سەنتەری خەلیفانیش سەرووی (٢٠) هەزار کەس دانیشتووی هەیە، خۆشبەختانە پێش ئەم بڕیارەش لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە، بەتایبەت لە کابینەی نۆیەمدا گرنگیی زۆر بە خەلیفان و سنوورەکەی دراوە، ئەو بڕیارەش کە خەلیفان ببێتە قەزا و گوندی سرێشمە بە ناحیە، وادەکات کۆنتاکی باشتر و خێراتر لە نێوان ئێمە و ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بۆ ڕاپەڕاندنی کار و جێبەجێکردنی پڕۆژەکانمان دەستەبەر ببێت.

*** وەکو ئاماژەت پێ دا، خەلیفان پێگەیەکی جوگرافیی گرنگی هەیە و کەوتووەتە سەر ڕێگەی هامڵتۆن، ئایا ماستەرپلان هەیە بۆ ئەوەی کە فراوان بکرێت و ئاستەنگ و گرفت دروست نەبێت؟**

- لە دوای بڕیاری بەقەزابوونی خەلیفان لەلایەن ئیدارەی سەربەخۆی سۆرانەوە گرنگیی زیاتر بە خەلیفان دەدرێت، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانەوە کار و پڕۆژەی پێویست لە سێکتەرە جیاجیاکاندا ئەنجام دەدرێت، سەبارەت بە ماستەرپلانی خەلیفانیش لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانییەکانی سۆرانەوە لیژنەیەك ڕاسپێردراوە کە کار بۆ سنووری شارەوانیی خەلیفان لە ڕووی ماستەرپلانەوە بکرێت، تاوەکو لەسەر شێوازێکی نوێ ماستەرپلانەکەی دابڕێژدرێت، ئێستا لیژنەکان دەستبەکار بوون و بۆ ئەو مەبەستە زانیارییەکان کۆدەکەنەوە، تاوەکو داتا و زانیارییەکان پێشکەش بە لیژنەی تایبەتمەند بکرێت، تاوەکو ماستەرپلانێکی هاوچەرخ ئامادە بکەن کە لەگەڵ واقیعی ئێستای خەلیفان بگونجێت، بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەك ڕاسپێردراوە ئەو شوێنانەی گونجاوە لە ماستەرپلانەکەی خەلیفان دابنرێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت پاش پێداچوونەوە کاری لەسەر بکرێت بۆ نیشتەجێبوون و بەرفراوانبوونی شارۆچکەکە.

*** خەلیفان ناوچەیەکی بەرچاوی کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییە، ئایا ئەم کەرتە تا چەند کاری بۆ کراوە و داواکاریی جووتیاران چییە بۆ زیاتر بەرەوپێشوەچوونی ئەو کەرتە؟**

**سەرۆکی حکومەت خەمخۆری هەموو ناوچە و شوێنێکی هەرێمی کوردستانە بە بێ جیاوازی و دەیەوێت هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی وڵاتێکی جوان و سەردەمییانە و پێشکەوتوو دەربکەوێت**

**ماستەرپلانێکی هاوچەرخ بۆ خەلیفان دادەنرێت**

**پێشوازی لە وەبەرهێنانەران دەکەین تا پڕۆژەی گەشتیاری لە خەلیفان جێبەجێ بکەن**

**دوو سایدی سپیلک – خەلیفان لە ژێر جێبەجێکردندایە**

- سنووری خەلیفان ناوچەیەکی لەبار و گونجاوە بۆ کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری، لەم سنوورەدا لە دۆڵی ئالانە و مەلەکان خەڵکەکەی بە کاری کشتوکاڵی و لە ناوچەی بیاویش بە ئاژەڵداری و لە سنووری سرێشمەش خەڵکەکە زیاتر بە کاری ئاژەڵداری خەریکن، بەرنامە و پلانی کابینەی نۆیەم گرنگیدانێکی تایبەت بووە بە کەرتی کشتوکاڵ، لەم ڕووەشەوە کاری لەسەر زیادکردنی بەروبوومی کشتوکاڵی کردووە و ساخکردنەوە و بەبازاڕکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیش ئامانجێکی لەپێشینە و سەرەکی بووە، ئەمەش بۆ هاندانی جووتیارانە و ئەمساڵ وەرگرتنی گەنمی جووتیاران لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە یەکێك بووە لەو هاندان و پاڵپشتیکردنانەی جووتیاران، بۆ پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی و زیادبوونی ئاوی ژێر زەوی و کاریگەریی لەسەر کەرتی گەشتیاریش هەیە، بڕیار هەیە کە پۆندێك بۆ کۆکردنەوەی ئاوی بارانبارین و سەرچاوەکانی دیکەی ئاو لە گوندی (گەلی بلە) دروست بکرێت، هاوکات چەند حەوزێکی بەخێوکردنی ماسی لە سنووری گوندەکانی (ساوا و کونەسیخوڕ و ماڵمێنکا و... هتد) هەن کە ڕاستەوخۆ کەوتوونەتە سەر ڕووبار و ئاوەکانی سنوورەکە.

*** خەلیفان کەوتووەتە نێو دۆڵ و چاڵ، کە چیای کۆڕەك یەکێکە لەو چیایانەی بەسەریدا دەڕوانێت و ئێستا بووەتە شوێنێکی گەشتیاریی دیار، لە باکووری خەلیفان تاڤگەی گەلی عەلی بەگ هەیە، ئایا بەپێی پێویست گرنگی بە بواری گەشتیاری لەو ناوچەیە دراوە و کاری وەبەرهێنانی تێدا چۆنە؟**

- خەلیفان ناوچەیەکی لەبار و گونجاوی بۆ گەشتوگوزار هەیە، خەڵکی خەلیفان چەند پڕۆژەیەکی بچووکی گەشتیارییان لە ناوچەکە بەتایبەت لە ڕێڕەوی ڕووبارەکان دروست کردووە کە خۆی لە کەپری حەسیر و چێشتخانە و چەند پڕۆژەیەکی سەرەتایی گەشتیاریدا دەبینێتەوە، گەلی عەلی بەگیش یەکێکە لە شوێنە گەشتیارییەکانی ناوچەکە و یەکێکە لە بەناوبانگترین شوێنە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق، چەندین شوێنی دیکەش هەیە کە دەتوانرێت لە ڕووی گەشتیارییەوە سوودی لێ وەربگیرێت، لە ئێستادا کە خەلیفان بڕیاری بەقەزابوونی بۆ دەرچووە، ئەوە وەبەرهێنەران دەتوانن لە ژێر ڕێنمایی و پلانەکاندا ڕوو لە خەلیفان بکەن و پڕۆژەی جۆراوجۆری هاوچەرخی گەشتیاریی تێدا دروست بکەن و ئێمەش ئاسانکاری و هاوکاریی تەواویان دەکەین.

*** لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا تا چەند لە خەلیفان و سنوورەکەیدا گرنگی بە جێبەجێکردنی پڕۆژەی ڕێگەوبان دراوە؟**

- یەکێك لە سێکتەرە هەرە گرنگەکان کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەموو شار و شارۆچکەکانی گرنگیی زۆر و تایبەتی پێ داوە، سێکتەری ڕێگەوبانە، لەم ڕووەوە وەك لەلای هەموومان دیارە کە ئێستا دوو سایدی (سپیلك – خەلیفان) لە ژێر جێبەجێکردندایە، کە یەکێکە لە پڕۆژە ستراتیژەکان لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، هاوکات گرنگیی زۆر بە تۆڕی ڕێگەوبانی گوندەکانی سنوورەکەش دراوە، لە ساڵی ڕابردوو بەشێکی ڕێگەی دۆڵی مەلەکان نۆژەن کرایەوە و ئەمساڵیش لە بەرنامە و پلاندایە کە بەشەکەی دیکەی ئەم ڕێگەیە کە نزیکەی (٦) کیلۆمەترە تا کۆتایی ڕێگەکە تەواو و قیرتاو بکرێت، هەروەها لە ئەمساڵدا پڕۆژەی چاککردنی ڕێگەی چەند گوندێك لە دۆڵی بیا، خەلان و بیاو گوندەکانی (کونەسیخوڕ و ساوا و دۆمەتێسوو) پڕۆژەکە کۆتایی پێ هات و ڕێگەکەیان بۆ قیرتاو کرا، کە تێچووی ئەو پڕۆژەیە (یەك ملیار و سی و نۆ ملیۆن) دینار بوو، هاوکات چاککردنەوەی چەند ڕێگەیەکی دیکەی سنوورەکە وەك دۆڵی ئالانە لە خەلیفان تاوەکو باڵیسان (ڕێگە سەرەکییەکە) و چەندین پڕۆژەی دیکەی ڕێگەوبان بۆ سنووری خەلیفان بەتایبەت بۆ گوندەکانی لە بەرنامە و پلاندا دانراون بۆ ئەمساڵ و ساڵی داهاتوو جێبەجێ بکرێن، هەروەها لە سەنتەری شارۆچکەی خەلیفانیش چەند گەڕەکێکمان هەیە تا ئێستا کۆڵان و شەقامەکانیان کێشەیان هەبووە و قیرتاو و کۆنکریت نەکراون، لە ئەمساڵدا بە گوژمەی نزیکەی (یەك ملیار و دووسەد ملیۆن) دینار پڕۆژەی شەقام و کۆڵانەکانی چەند گەڕەکێکی سەنتەری شارۆچکەکە لەژێر جێبەجێکردندایە، کە هەندێکیان تەواو بوون و هەندێکیش لەو پڕۆژەی گەڕەکانە لە قۆناغی کۆتاییدایە.

**لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانییەکانی سۆرانەوە لێژنەیەک ڕاسپێردراوە کە کار بۆ سنووری شارەوانیی خەلیفان لە ڕووی ماستەرپلانەوە بکرێت**

**ساڵی ڕابردوو لە ڕێگەی ڕێکخراوی خێرخوازیی بارزانییەوە توانرا بەشێکی فریاکەوتن لە ناو نەخۆشخانەکەی خەلیفان دروست بکرێت**

**بەرنامە و پلانی کابینەی نۆیەم گرنگیدانێکی تایبەت بووە بە کەرتی کشتوکاڵ، لەم ڕووەشەوە کاری لەسەر زیادکردنی بەروبوومی کشتوکاڵی کردووە و ساخکردنەوە و بەبازاڕکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیش ئامانجێکی لەپێشینە و سەرەکی بووە**

**تا ئێستا هۆڵ و بەشی نەشتەرگەری و لەدایکبوون و منداڵان لە نەخۆشخانەی خەلیفان نییە و لە هەوڵ و بەرنامەداین ئەو بەشانەش بکرێنەوە**



*** ئایا لە کەرتی تەندروستیدا نەخۆشخانەی چەند قەرەوێڵەییتان هەیە و لەم کەرتەدا داواکاریتان چییە؟**

- لە سەنتەری خەلیفان نەخۆشخانەیەك هەیە بە شێوەی (٢٤) کاتژمێری دەوامی تێدا دەکرێت، بەڵام لەگەڵ بەقەزابوونی خەلیفان ئەو نەخۆشخانەیەش پێویستی بەوە هەیە بەرفراوان بکرێت و گۆڕانکاریی تەندروستی تێدا بەدی بکرێت، بەوەی کە بکرێتە نەخۆشخانەیەکی گشتی و پزیشکی شارەزا و پسپۆڕ کاری تێدا بکات، ساڵی ڕابردوو لە ڕێگەی ڕێکخراوی خێرخوازیی بارزانییەوە توانرا بەشێکی فریاکەوتن لە ناو نەخۆشخانەکەی خەلیفان دروست بکرێت، لەلایەکی دیکەوە تا ئێستا هۆڵ و بەشی نەشتەرگەری و لەدایکبوون و منداڵان لە نەخۆشخانەی خەلیفان نییە و لە هەوڵ و بەرنامەداین ئەو بەشانەش بکرێنەوە، هەموو ئەو کێشانەی لەو کەرتە لە خەلیفاندا هەیە، بە نەخۆشخانەیەکی چەند قەرەوێڵەیی چارەسەر دەکرێت کە بخرێتە پلان و دروست بکرێت.

*** ئایا کێشە و گرفتتان لە ڕووی ئاوی خواردنەوە هەیە و لەم بارەیەوە پلان بۆ پرۆژەی ستراتیژی چییە؟**

- داواکاری و پلانمان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی ستراتیژیی ئاوی خواردنەوە بۆ سەنتەری خەلیفان و سنوورەکەی پێشکەش کردووە، یەکێ لەو پلانانە گەیاندنی ئاوی بێخمەیە بە (پانەسەر) لەوێشەوە بۆ سەرجەم سنووری خەلیفان، ئەم پرۆژە ستراتیژییەی ئاوی خواردنەوە پێویستی بە بودجەیەکی تایبەت هەیە، هاوکات لە ئێستادا بە بڕی یەك ملیار دینار بۆ شەش شوێن پرۆژەی ئاوی خواردنەوە لە ژێر جێبەجێکردندایە، کە شوێنەکانیش بریتین لە گوندەکانی (دەربەندۆك و کەنیك و ئاڵانە و پەرچین) و گەڕەکی برایەتی و شۆڕش و دروستکردنی حەوزێکی گلدانەوەی ئاوی خواردنەوەش لە گوندی جۆنەرە، ئەو پرۆژانە بەرفراوانکردنی تۆڕی ئاوی خواردنەوەیە بۆ ئەو گوند و شوێنانە و هەروەها ئێستا هەوڵمان داوە سەرچاوەی ئاوی کانیە ڕەش کە بۆ سەنتەری خەلیفان دێت، بەرفراوانی بکەین، هاوکات حەوزی گلدانەوەی ئاوی خواردنەوەی سەنتەری شارۆچکەی خەلیفانیش گەورەتر بکەین.

**داواکاری و پلانمان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی ستراتیژیی ئاوی خواردنەوە بۆ سەنتەری خەلیفان و سنوورەکەی پێشکەش کردووە**


# گۆڕانی کەشوهەوا لەنێوان ئابووری و پەروەردەدا

ئاشکرایە لای ژینگەدۆستانی جیهان بەگشتی کە ئەمڕۆ زیاتر باس لە ڕۆشنبیری و پەروەردەوە و هۆشیاریی ژینگەیی دەکرێت، بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی ژینگەدۆست و پارێزەری بەرژەوەندیی گشتی و خاوەن بەها و بایەخ بە ژینگە و گەشەپێدان، چونکە ئامانجی پەروەردەی ژینگەیی، بەرچاوڕوونکردنی مرۆڤەکانە لە سرووشتی ئاڵۆزی ژینگە، کە لە کارلێکردنی نێوان لایەنە بایۆلۆژی و فیزیکی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی ژینگەوە سەرچاوەی گرتووە و، لە هەوڵی دروستکردنی ڕۆشنبیرییەکی نیشتمانی و جیهانییە لە بارەی گرنگیی ژینگە لە بواری گەشەپێدان و، لە خەمی بەشدارپێکردنی هەموو ناسنامەکانی خەڵکیشدایە بە شێوازێکی بەرپرسیارانە و کاریگەر لە دارشتنی ئەو بڕیارانەی کە پەیوەستن بە ژینگەی ئەو کەسانەوە.

بۆیە پەروەردەی ژینگەیی هەمیشە لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی زانیاریی ئەوتۆیە لە بارەی پرۆژەی جێگرەوە بۆ ئەوانی پێشوو، بە شێوەیەك کە ئەو پرۆژانە ئاسەواری زیانبەخش لەسەر ژینگەوە بە جێ نەهێڵن، بۆیە بەرپرسان لە پەروەردە و فێرکردن پێویستە بەردەوام هۆکاری پێویست ئامادە بکەن، بۆ ئاستە جیاجیاکانی خوێندن و پەیوەندیی نێوان ئەو هۆکارە بایۆلۆژی و فیزیکی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەش ڕوون بکەنەوە کە کۆنترۆڵی ژینگە دەکەن، هەروەها پێویستە گشت پرسەکانی پەیوەست بە ژینگەوە بخەنە بەر باس و لێکۆڵینەوە و ئەزموونی مەیدانی، هەموو ئەمانەش بە مەبەستی پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی ڕەفتار و چالاکییەکان بۆ پاراستن و چاککردنی ژینگەیە هەتا ئەو کاتەی زۆربەی مرۆڤەکان ئازادانە و هۆشیارانە جۆرێك لە خۆکۆنترۆڵکردنیان تێدا دەڕوێت بۆ ئەوەی ژینگەپارێز بن.

لێرەوە باشتر لە هاوکێشە و پرسی بەرژەوەندییە ئابوورییە تەنگەکانی وڵاتان و کۆمپانیاکان دەگەین، کە هەتا ڕۆشنبیری و پەروەردەوە و هۆشیاریی ژینگەیی گەشە نەکات، بەرژەوەندییە ئابوورییە تەنگەکان و قازانجە ماددی و داراییەکان لەسەر حیسابی ژینگە و زیانگەیاندن بە کەشوهەوا بەردەوام دەبن.

بۆیە بەپێی ئاژانسی هەواڵی فەرەنسا لە کۆبوونەوەکەی مانگی ڕابردووی ئەمساڵ لە نیودەلی، بینیمان و بیستمان کە وەزیرانی ژینگەی وڵاتانی (گرووپی ٢٠) شکستیان هێنا لە



## عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵانی نووسیوە

گەیشتن بە ڕێککەوتن لەبارەی قەیرانی کەشوهەوا و دانانی سنوورێك بۆ بەرزترین بڕی دەرهاویشتە گەرمکارەکان لەسەر ئاستی جیهان هەتا ساڵی ٢٠٢٥، هەروەها شکستیشیان هێنا لە بارەی گەیشتن بە ڕێککەوتن بۆ بەکارهێنانی بڕی وزەی نوێبووەوە بۆ سێ ئەوەندەی بڕی ئێستای.

لە لێدوانێکدا وەزیری ژینگەی فەرەنسا گوتی: «هەست بە نائومێدییەکی گەورە دەکەم، کە نەمانتوانی بگەینە ڕێککەوتن لە بارەی وزەی نوێبووەوە و کەمکردنەوەی بەکارهێنانی سووتەمەنیی زیانبەخش بەتایبەت خەڵوزی بەردین»، هەروەها گوتی: «گفتوگۆکانمان لەگەڵ سعودیە و چین و ڕووسیا لە بارەی کەشوهەواوە زۆر ئاڵۆز بوو».

شایانی باسە هەتا ئێستا دەوڵەتانی (گرووپی ٢٠ ) ناگەنە ڕێککەوتن لە بارەی خاڵە سەرەکییەکانی پەیوەست بە قەیرانی گۆڕانی کەشوهەواوە، لەبەر ئەوەی هەر دەوڵەتێکیان لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی خێرای خۆیەوە چارەسەر دەخاتە ڕوو، ئامادەش نین نە قەبارەی چالاکییە گەرمکارەکانیان کەم بکەنەوە، نە یارمەتیی دەوڵەتە زیانلێکەوتووەکانیش بدەن بە دارایی پێویست و تەکنۆلۆژیای نوێ، لە کاتێکدا زۆرێك لە دەوڵەتانی زیانلێکەوتوو هۆکاری سەرەکیی گەرمبوونی گۆی زەوی نین، بەڵکو قوربانیی دەستی کار و چالاکییەکانی ئەوانن.

بۆیە لە ڕاستیدا دەتوانرێت بگوترێت کە دەرئەنجامە مەترسیدارەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر گەلانی هەژار بە هۆی خۆشگوزەرانیی لە ڕاددەبەدەری وڵاتانی دەوڵەمەندە، وەك لە پێگەی ئەلیکترۆنی (یونیەن کۆنسێرند ساینتیست)دا هاتووە، کە وڵاتانی چین و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا و هیندستان و ڕووسیا و ژاپۆن لە پێشەوەی ئەو وڵاتانەن کە بڕی هەرە زۆری گازی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن دەخەنە هەواوە و دەبنە هۆکاری سەرەکیی گەرمبوونی بەرگەهەوای گۆی زەوی و گۆڕانی کەشوهەوا.

هەموو ئەم ململانێیەی نێوان وڵاتانی گەورە و کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان دەرئەنجامن بۆ نەبوون، یان کەمیی ڕۆشنبیری و پەروەردەوە و هۆشیاریی ژینگەیی و بنەماکانی ئاکار و ڕەوشتی کار، بۆیە کۆبوونەوە بەردەوامەکانی ساڵانەی وڵاتان لە بارەی ژینگەوە تا ئێستا هیچ ئەنجامێکی بەرچاوی لە ڕووی کەمکردنەوەی هۆکار و زیانەکانەوە نەبووە.



## بەهار ڕەفیق فەتحوڵڵا:

# پێشتر بە چەک شەڕیان لەگەڵ دەکردین، ئێستاش شەڕی تۆزی سپیمان لەگەڵ دەکەن

**بەهار ڕەفیق فەتحوڵڵا، توێژەری دەروونی لە چاکسازیی ئافرەتان و نەوجەوانان و ئەندامی لێژنەی ئاشتەوایی، لە دیدارێکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە پاڵنەر و فاکتەرەکانی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان دەکات، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر لە نێو ئافرەتان و نەوجەوانان لە هەڵکشاندایە، کە بە هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە دەکرێت بەرەنگاریی ماددەی هۆشبەر ببینەوە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

**بەداخەوە لە ئێستادا ڕۆژانە کەیسی ماددەی هۆشبەرمان بۆ دێت، زۆربەی ئافرەتەکانیش لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە فێری ماددەی هۆشبەر کراون**

بەهار ڕەفیق سەبارەت بە هۆکاری بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر بە شێوەیەکی بەربڵاو لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەت ئافرەتان ئاماژە بەوە دەکات کە: «بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە ماوەی ڕابردوودا هەر بووە و ناتوانین بڵێین نەبووە، بەڵام بە ڕێژەیەکی زۆر کەم بوو، بەتایبەت لەناو ئافرەتاندا. ئەو کات بە چەند مانگێك کەیسێك هەبوو، بەداخەوە لە ئێستادا ڕۆژانە کەیسی ماددەی هۆشبەرمان بۆ دێت، زۆربەی ئافرەتەکانیش لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە فێری ماددەی هۆشبەر کراون، بەتایبەت ئەگەر بازرگان بێت، بۆ ئەوەی ئەویش ببێتە یەکێك لە خۆیان و مەوادەکان بپارێزێت و بۆیان بشارێتەوە، تەنانەت لە ناو زانکۆ و قوتابخانەکانیش ماددەی هۆشبەر بڵاو بووەتەوە، کەیسمان هەیە قوتابی قۆناغی ناوەندییە ماددەی هۆشبەری بەکارهێناوە».

ئەو توێژەرە دەروونییەوە لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «بەشێکی زۆری کەیسەکانی ناو زیندان کە

لێی دەکۆڵینەوە، دەبینین ماددەی هۆشبەر پاڵنەری ئەنجامدانی تاوانەکەی بووە، بۆ نموونە تاوانەکە دزییە، بەڵام کە لێی دەکۆڵیتەوە، دەبینین هۆکارەکەی ئالوودەبوونە بە ماددەی هۆشبەر، هەروەها چەندین تاوانی کوشتنمان هەبووە، پاڵنەرەکەی ماددەی هۆشبەر بووە، دەتوانم بڵێم ماددەی هۆشبەر تێکەڵ بە هەموو تاوانەکانی دیکە بووە، بەداخەوە خەریکە دەبێتە دیاردەیەکی مەترسیدار لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگە».

سەبارەت بە لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی ماددەی هۆشبەر بەهار ڕەفیق جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ماددەی هۆشبەر بووە بە هۆکارێك لە هۆکارەکانی تێکچوونی شیرازەی خێزان» و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «من وەکو ئەندام لە لیژنەی ئاشتەوایی دەرکم بەوە کردووە کە ماددەی هۆشبەر خزاوەتە نێو ئاشتەوایی خێزان و شیرازەی خێزانەکانی خستووەتە ژێر مەترسیی هەڵوەشانەوەی ژیانی هاوسەری، کەیس هەبووە ئافرەتەکە بە هۆی لێدان و توندوتیژییەوە سکاڵای لەسەر هاوسەرەکەی تۆمار کردووە، بە ماددەی حەوتی خێزانی، بەڵام کە لێکۆڵینەوە لە کرۆکی بابەتەکە دەکەین، دەبینین پیاوەکە تووشی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بووە و ماڵ و منداڵی ئیهمال کردووە و خەرجی نەکێشاون، سەرەنجام بە هۆی ئەوەوە دەمەقاڵە و شەڕ و توندوتیژی لە نێوان دوو هاوسەرەکە پەیدا دەبێت و دەست لە ژنەکەی و لە منداڵەکانی بەرز دەکاتەوە، یان ڕەفتاری نامۆ و نادروست ئەنجام دەدەن، نموونەی زینای مەحارم و دەستدرێژکردنە سەر ئەندامانی خێزان، بۆ نموونە باوك بۆ سەر کچەکەی، برا بۆ سەر خوشکەکەی، خەزوور بۆ سەر بووکەکەی، ئەو ڕەفتارانەش سەر بۆ دادگا و جیابوونەوە دەکێشن، بە پێچەوانەوەش هەندێکجار ئافرەتەکە لە ڕێی هاوڕێکانی، یان هاوسەرەکەی فێر دەکرێت و ئیستیغلال دەکرێت، لەو حاڵەتەدا ناتوانێ کۆنتڕۆڵی ماڵ و منداڵەکانی بکات. جاری وابووە پیاوەکە سکاڵای لەسەر ژنەکەی تۆمار کردووە و دەڵێت ژنەکەم چوونە دەرەوەی نارِوونی هەیە و هەست دەکەم خیانەتم لێ دەکات، بەڵام کە لێکۆڵینەوە دەکەین، دەبینین لەگەڵ پیاو نییە، بەڵکو تێکەڵی ماددەی هۆشبەر بووە».

بەهار ڕەفیق لەبارەی هۆکار و پاڵنەرەکانی زۆربوونی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر گوتی: «هۆکارەکان زۆرن، هۆکارمان هەیە پەیوەستە بە لایەنی ئابووری، هەمانە پەیوەستە بە لایەنی پەروەردەیی، بەڵام سەرەکیترین هۆکار سەردەمی عەولەمەیەکی سەقەتی تەکنەلۆژیایە، کەیسمان هەبووە تەقەی لە باوکی کردووە، کە لێمان پرسی چەکەکەت لە کوێ بوو، گوتی: بە ئۆنلاین کڕیومە، بەیانی داوام کرد، عەسر بە تاکسییەك بۆیان هێنام، تەنانەت ئەو هەموو پەیجی ئۆنلاینەی جل کڕین و میکیاج کڕین نیوەیان دەرگایەکە بۆ ئاسانکاریی ئەنجامدانی تاوان و ئالوودەبوون بە شتی خراپ. زۆر جار بە بیانووی دەرمانی لاوازبوونەوە ئافرەتانی قەڵەو ئیستیغلال کراون و بە ناوی لاواز بوون ئەو دەرمانەیان پێداون و لە ئاکامدا ئافرەتەکە ئالوودەی ماددەی هۆشبەر بووە». گوتیشی: «کرانەوەی سنوورەکان بە ڕووی وڵاتانی دراوسێ فاکتەرێکی دیکەی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەرە، لە سەردەمی زوودا لەلایەن ناحەزانمان شەڕمان بە شمشێر لەگەڵ دەکرا، دواتر بوو بە چەك، لە ئێستاشدا شەڕی تۆزی سپیمان لەگەڵ دەکەن کە لە هەموو شەڕەکان مەترسیدارترە، چونکە زۆر بە ئاسانی بڵاو دەبێتەوە، بەداخەوە بەهۆی شەڕی داعش و سەرهەڵدانی کۆڤید ١٩ و کۆمەڵێ گرفتی ئابووری کە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتەوە، بێکاری لە نێو چینی گەنجان دروست بوو، کە گەنجیش بێکار بوو نائومێد و دەستبەتاڵ دەبێت، کە نائومێدیش بوو تێکەڵ بە هاوڕێ و ئامرازی خراپ دەبێت، ڕاستە لەگەڵ کرانەوەی دونیا و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا ژیانی تاکەکان گۆڕا و شارستانیەت و بینای بەرز دروست کران، ئۆتۆمبێلی ئاخیر مۆدێلمان بۆ هات، بەڵام هۆشیاریمان بەپێی پێویست نەبوو، تاوەکو تەعامول لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا بکەین. ئەگەر ئەم مۆبایلە زیرەکە بە نموونە وەربگرین، دەبینین چەند خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکات، هێندەش زەرەر لە تاکەکان دەدات، جاران کە منداڵەکانمان دەچوونە دەرەوە، ترسمان هەبوو و ماڵەوەمان بە پارێزراوترین جێگە دەزانی، کەچی ئێستا من بەشبەحاڵی خۆم ئەگەر منداڵەکەم لە ماڵەوە بێت و دەرگا دابخات، زیاتر ترسم هەیە لەوەی لە دەرەوە بێت، چونکە کە لە ماڵەوە بێت و مۆبایلە زیرەکەکەی بەدەستەوە بێت، کارەساتە، لەلایەکی دیکەوە دوو چین گەنج لە کۆمەڵگە بوونیان هەیە، چینێك دەرفەتی کار و دامەزراندنی بۆ فەراهەم بووە و بووتە خاوەنی هەموو شتێك، چینەکەی دیکەی هەمان گەنج و هەمان بڕوانامەی هەیە، بەڵام بێکارە و لە دەرفەتی کار و دامەزراندن بێبەشە، ئەوانەش گەنج تووشی حاڵەتێکی نائارامیی دەروونی دەکات، لە ئاکامدا زۆرجار ئەو کەسانە ئیستیغلال دەکرێن و سەرەتا بە خۆڕایی مەوادەکەیان پێ دەدەن، تاوەکو ئالوودە دەبن، لە دواییدا کڕنۆشیان پێ دەبەن، گەنجیش کە ئالوودە بوو و پارەی نەبوو، زۆر بە ئاسانی دزی دەکات، چونکە ئالوودەبوون کەسایەتیی مرۆڤ لەناو دەبات و کەسەکە دەخاتە سەر ئەژنۆ و کڕنۆشی پێ دەبات».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا حکومەت کەمتەرخەمی کردووە؟ گوتی: «ناتوانین بڵێین حکومەت کەمتەرخەمی کردووە، چونکە ئەو مەوادە لە هەموو وڵاتێکدا بە ڕێژەی جیاواز بوونی هەیە، جگە لەوەش حکومەت بەپێی توانای خۆی کاری لەسەر کردووە، پێویستترین چارەسەر بۆ ئەو دۆخە بڵاوکردنەوەی هۆشیارییە لە ناوەندەکانی خوێندن و لە مینبەری مزگەوتەکان و هاوکات دەبێت لێکەوتە خراپەکانی لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە نیشانی کۆمەڵگە بدرێت، مادام بووە بە دیاردە، با نەترسین و دەستی بخەینە سەر.

**لە ناو زانکۆ و قوتابخانەکانیش ماددەی هۆشبەر بڵاو بووەتەوە، کەیسمان هەیە قوتابی قۆناغی ناوەندییە ماددەی هۆشبەری بەکارهێناوە**

**بەشێکی زۆری کەیسەکانی ناو زیندان کە لێی دەکۆڵینەوە، دەبینین ماددەی هۆشبەر پاڵنەری ئەنجامدانی تاوانەکەی بووە**

**چەندین تاوانی کوشتنمان هەبووە، پاڵنەرەکەی ماددەی هۆشبەر بووە**

**ماددەی هۆشبەر تێکەڵ بە هەموو تاوانەکانی دیکە بووە، بەداخەوە خەریکە دەبێتە دیاردەیەکی مەترسیدار لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگە**

**کرانەوەی سنوورەکان بە ڕووی وڵاتانی دراوسێ فاکتەرێکی دیکەی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەرە**



# یاسا ڕێگە بە خوێندنی ئەو منداڵانە نادات کە لەگەڵ دایکیان لەناو چاکسازییەکانن

# ٣١٧ ئافرەت لە چاكسازییەكانی هەرێمی كوردستان، یان حوكم دراون، یان راگیراون، لە ئاكامدا ٦٧ منداڵ لەگەڵ دایكیان لە چاكسازییەكانی هەرێمی كوردستان دەمێننەوە


**بە گوێرەی رێككەوتننامە نێودەوڵەتییەكانی تایبەت بە پاراستنی مافەكانی منداڵ، دابینكردنی ژینگەیەكی تەندروست تایبەت بە منداڵان بە پێویست زانراوە. جاڕنامەی جیهانیی مافی منداڵان كە لەلایەن رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكانەوە دەرچووە و لە ٥٤ مادده پێكهاتووە، لە یەكەم ماددەدا باس لە مافی خوێندن دەكات. لە كاتێكدا لە ئێسادا ٦٧ منداڵ لە ناو چاكسازییەكانی هەرێمی كوردستاندا هەن، ئەو منداڵانە لە هەموو مافە سەرەتاییەكانیان بێبەشن، تەنانەت بەپێی یاسا مافی چوونە قوتابخانەشیان نییە. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان زیاتر ئەو پرسە گرنگە تاوتوێ دەكەن.**

**گوڵان: كۆمەڵایەتی**

بەپێی ئاماری فەرمانگەی یاسایی و مافەكانی مرۆڤ لە دەستەی سەربەخۆیی مافەكانی مرۆڤ لە هەرێمی كوردستان، تاوەكو كۆتایی مانگی حوزەیران، ٣١٧ ئافرەت لە زیندانی چاكسازییەكانی هەرێمی كوردستان حوكمدراون یان راگیراون، لە ئاكامدا ٦٧منداڵ لەگەڵ دایكیان لە زیندانی چاكسازییەكانی هەرێمی كوردستان دەمێننەوە، كە ٣٠ منداڵی كوڕ و ٣٧ منداڵی كچن.


لەو بارەیەوە تەیب عەبدولعەزیز بەڕێوەبەری چاكسازیی ئافرەتان و منداڵانی هەولێر دەڵێت: «ئەو منداڵانەی لەگەڵ دایكیانن، كێشەیەكە و بەردەوام ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، بۆ هۆكارەكانی ئەمەش زۆر جار لەگەڵ دادوەرەكان، یان لەگەڵ ناوەندەكان كارمان لەسەر كردووە، كە هەركەسێك تاوانبارە و دەگیرێت، لەلای خۆتانەوە هەوڵ بدەن منداڵەكانیان تەسلیمی كەسوكاریان بكرێت، بەڵام ڕێژەیەكی زۆریان كەسوكاریان نییە، ناچار دێنە ناو چاكسازییەكەوە، ئێمەش لە ڕێگەی خۆمانەوە بەردەوام هەوڵ دەدەین، كۆمەڵە منداڵێكیشمان ڕەوانەی خانەی بێسەرپەرشتان كردووە. هەتا ئێستا لەو ٣٤ منداڵە نزیكەی ١٢ منداڵمان ڕەوانەی خانەی بێسەرپەرشتان كردووە، ئەوەش بەزۆر ناكرێت و دەبێت قەناعەتێك بۆ ئەو دایكە دروست بكەین، بەوەی چاكسازی بۆ منداڵ ژینگەیەكی تەندروست نییە، تەنانەت ئێمە بە یاساش ناتوانین ئەو منداڵانە بخەینە بەر خوێندن، خوێندن لەناو چاكسازییەكەماندا تەنیا بۆ تاوانبارەكانە، ئەو منداڵانەش كە لەگەڵ دایكیانن تاوانبار نین، ئێمە ناتوانین هەلی خوێندنیان بۆ دەستەبەر بكەین، بەڵام لە هەوڵداین لەگەڵ دایكەكان منداڵەكان ڕەوانەی خانەی بێسەرپەرشتان بكەن، هەروەها لە ڕێكەی داواكاری گشتی لە هەوڵداین تاوەكو بە یاسا كارەكان ڕێك بخەین، بەپێی

**لەو ٣٤ منداڵە نزیكەی ١٢ منداڵمان ڕەوانەی خانەی بێسەرپەرشتان كردووە، ئەوەش بەزۆر ناكرێت و دەبێت قەناعەتێک بۆ ئەو دایكە دروست بكەین، بەوەی چاكسازی بۆ منداڵ ژینگەیەكی تەندروست نییە**



تەیب عەبدولعەزیز:

**خوێندن لەناو چاکسازییەکەماندا تەنیا بۆ تاوانبارەکانە، ئەو منداڵانەش کە لەگەڵ دایکیانن تاوانبار نین، ئێمە ناتوانین هەلی خوێندنیان بۆ دەستەبەر بکەین**



ڕوان بابان:

**ئەو منداڵانەی کە لە زیندان لەدایک دەبن، وادەزانن زیندان ماڵی هەمیشەییانە**

یاسا ئەو منداڵانەی لە خوار تەمەنی سێ ساڵن، دەتوانن لەگەڵ دایکیان بن، بۆ ئەوانەش دایەنگەیەکمان دروست کردووە، لەگەڵ مامۆستا کە ڕۆژانە بەیانیان تا نیوەڕۆ لە دایەنگە بن، لە ڕووی دەروونییەوە توێژەرمان هەیە و مامۆستاکان بەردەوام هاوکاریانن، ئەوەی کە بەلای ئێمەوە گرنگە خوێندنەکەیە کە بە ڕاستی یاسا ڕێگە نادات کە بتوانین بیانخەینە بەر خوێندن، هەرچەندە ڕەنگە لەو ٦٧منداڵە ١٠یان شموولی خوێندن بکەن».

وەك بەڕێوەبەری چاکسازیی ئافرەتان و منداڵان باسی کرد، منداڵی بیانیشیان هەیە و ئەوانیش بەپێی یاسای عێراقی ناتوانن لە خوێندن سوودمەند بن».

ڕوان بابان توێژەری کۆمەڵایەتییە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بە گشتی ئەو منداڵانەی کە لە زیندان لەدایك دەبن، وادەزانن زیندان ماڵی هەمیشەییانە. کاتێ منداڵێك لەگەڵ دایکی دەخرێتە زیندان، هەموو پاکی و بێگەردییەکەی لێ زەوت دەکرێت و لە جێگای ئەوە کۆمەڵێك یادەوەری لە لا دروست دەبێت کە لە هەستی منداڵی بێبەشی دەکات، بە شێوەیەك گرێی دەروونی لە لا دروست دەبێت کە کاریگەرییەکەی تا هەتایە لەسەری دەمێنێتەوە.» گوتیشی: «زۆربەی بیردۆزە پەروەردەیی و دەروونییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە منداڵانی ناو زیندان کە لەگەڵ دایکیانن، جگە لەوەی گرێی دەروونی لە ناخی منداڵەکان دروست دەکەن، دەبنە هۆکاری ئەوەی کە وا لە ڕووی عەقڵییەوە گەشە نەکەن و نەتوانن کۆنترۆڵی هەستە سەرەتاییەکانیان بکەن و تووشی شەڕانگێزی و تووڕەییەکی بەردەوام دەبنەوە و هەموو ئەو سیفاتانەی کە لە کەسێکی دەروون تەندروست لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە دروست دەبێت، واتە کاتێك منداڵ ژیانی منداڵییەکەی لە زیندان بەسەر دەبات، ئەوە وای لێ دەکات بەراورد لەگەڵ منداڵێکی ئاسایی زۆر لاواز بێت. لە ڕووی عەقڵی و دەروونی و تەنانەت تەندروستیشەوە گرفتی دەبێت، بۆیە چاکبوونەوەی جەستەیی و دەروونیی منداڵەکان پێویستی بە دووبارە شیاندنەوەو تێکەڵکردنەوەی ئەم منداڵانە لەگەل منداڵانی ئاسایی هەیە، کە لە ژینگەیەکی تەندروستدا دەژین، بۆ ئەوەی تەندروستیی منداڵەکە و ڕێزگرتن لە خۆی و شکۆمەندییەکەی بەرز بکاتەوە».

ئەو توێژەری کۆمەڵایەتییە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ژینگەی زیندان بە سرووشتی کۆمەڵایەتی مرۆڤی دەستبەسەر کراو لەناو ژوورەکاندا سنووردار دەکات، بەتایبەتی ژنانی منداڵدار، کە لەوانەیە بە هۆی دۆخ و شوێنی زیندانەوە قەرەباڵغ بێت، بارودۆخەکە بۆ دایکانی سزدراو زۆر سەختە، جا دووگیان بن، یان دوای منداڵبوون، بە هۆی تایبەتمەندیی جۆری چاودێریی تەندروستی و دەروونیی پێویست بۆ ژنان لەو بارودۆخەدا، هەروەها حاڵەتێکی دەروونییە و خزمەتگوزارییە پزیشکی و دەروونییەکان لە زیندانەکاندا، هەر جۆرێك بێت، لەوانەیە چارەسەرێك نیشان نەدات، ئەوەش بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوانەی دەرەوە بەراورد ناکرێت».

ئیدریس محەمەد، ڕێنماییکاری دەروونییە و باسی ئەوە دەکات کە «پێویستە سەرەتا تەمەنی ئەو منداڵە دیاری بکرێت و تایبەتمەندییەکانی لە بەر چاو بگرن. لە ناو چاکسازییەکانیش دەکرێت ژیانێکی باشتریان هەبێت، خۆی چاکسازی واتە چاکسازی بۆ ئافرەتە دەکرێت بۆ ئەوەی ئەو دواتر بێتەوە ناو کۆمەڵگە، منداڵەکانیش لە تەمەنی ساواییەوە تا ١٢ ساڵن، لە ڕاستیدا بردنی ئەو منداڵانە لەگەڵ دایکیان بۆ چاکسازی نەك خراپ نییە، بگرە باشترە لەوەی لە دەرەوە بن، ئەگەر تا ڕادەیەك ژینگەکەی چاکسازی باش بێت یان لانی کەم کەمێك لە ماڵەوە بچێت، ئەگەرچی ئەوە جۆرێکە لە ناچاری بەڵام بۆ تەمەنی منداڵی پێویستە، چونکە بڵێیت و نەڵێیت، منداڵەکانی ناو چاکسازی کە لەگەڵ دایکیانن، لە هەر شوێنێکی دیکە زۆر باشترە، چونکە لە گەورەترین فەراغدا دەژین، ئەویش فەراغی دەروونی و سۆزی و جەستەیی دایکیەتی، کەواتە پێویستە ئەو منداڵە لەگەڵ دایکیدا بێت، چونکە قۆناغی منداڵی یەکەم سەرچاوەی پەیوەندیکردنی منداڵ بە دایك و باوکیەتی، بەتایبەتی دایکی، چونکە پێویستی

بە خۆشەویستی و دانبرانی ئەو هەیە».

ئەو ڕێنماییکاری دەروونییە هەر سەبارەت بەو منداڵانەی لەگەڵ دایکیان لە زیندان، یان لە ناوەندێکی چاکسازین دەڵێت: «ئەگەر ئێمە ئەو منداڵە ببەینە شوێنی منداڵان، یان نەوجەوانان، یان بێسەرپەرشتان و لە دایکی دووری بخەینەوە، ئەوا زیاتر غەدر لەو منداڵە دەکرێت، بەتایبەتی لە ڕووی دەروونی و پەروەردەییەوە، چونکە ئەو منداڵە لە ڕووی پەروەردەییەوە بە پلە یەك پێویستی بە دایکیەتی، بۆیە تاکو بکرێت، نابێت لە دایکی داببرێت، بەتایبەتی قۆناغی منداڵی، بەڵام کە دەچێتە ئەو قۆناغانەی کە پێویستی بە قوتابخانەیە، دەبێت هاوکاری و ئاسانکاری بۆ بکرێت. هەروەها چاکسازی دەبێت لە هەموو لایەنێکەوە چاکسازی بێت، نەك تەنیا بۆ ئافرەتەکە، بەڵکو دەبێت منداڵەکەش بگرێتەوە. کەواتە لەسەریانە بۆ ئەوەی پەروەردەکە بە باشی بڕوات و، لایەنە دەروونییەکەی منداڵەکە کەم تا زۆر بە جێگیری بڕوات، پێویستە لەو چاکسازییە دەرفەتی خوێندنی بۆ بڕەخسێت، بەوەش فەراغێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ منداڵەکە پڕ دەکرێتەوە، کە خوێندن و تێکەڵبوونە و هاوڕێ گرتنە». گوتیشی: «زۆرجار بەهۆی ژینگە گۆڕین منداڵەکە تووشی سەدمە و زەبرە دەروونییەکان دەبێت، بۆیە پێویستە منداڵ لە دایکی دانەبڕێت، بەڵام لە ژینگەی خراپ ناکرێت منداڵ بکرێتە قوربانی و باجی تاوانی دایکی بدات، لەو حاڵەتەش هیچ کەس ناتوانێت فەراغە دەروونییەکانی منداڵەکە پڕ بکاتەوە، بەپێی بۆچوونە زانستییە دەروونییەکان هیچ سۆز و خۆشەویستییەك قەرەبووی خۆشەویستیی دایك بۆ منداڵەکەی ناکاتەوە، بۆیە پێویستە لەناو چاکسازیدا منداڵ لە دایکی دانەبڕێ و لە هەلی خوێندن و چوونە قوتابخانەش بێبەش نەکرێت».

هەر لەمبارەیەوە پشتیوان ساڵح سەرپەرشتیاری هاوڕێی ڕەخنەگر، ئاماژە بەوەدەکات کە: «مانەوەی منداڵ لە چاکسازی و زیندان بە دڵنیاییەوە لەڕووی دەروونی و پەروەردەییەوە لێکەوتە و کاریگەری زۆر خراپی دەبێت، دیارە بەپێی قۆناغەکانی تەمەنیش کاریگەرییەکان پێوانە دەکرێن، منداڵ هەتا یەك دوو ساڵی تەمەنی جیاکردنەوەی لە دایکی ئەستەمە، ئەم قۆناغە پێویستی بە سۆزی دایکە جا ئەو دایکە لە هەر بارودۆخێك بێت دەتوانێ ئەو سۆز و میهرەبانییەی کە پێویستە بە منداڵەکانی بدات، بەڵام بۆ قۆناغەکانی تر کاریگەرییەکان قوڵتر دەبنەوە، چونکە مرۆڤ هەر قۆناغێکی تەمەنی بە ناکامڵی بەڕێبکات کاریگەری نەرێنی دەکەوێتە سەر قۆناغەکانی دواتری، کەسایەتی مرۆڤیش لە قۆناغی منداڵییەوە دروست دەبێت».

گوتیشی: «دونیای منداڵ دونیایەکی ئازادە و منداڵ هێمای بێ تاوانی و ڕاستگۆیی و پاکییە ، ناکرێ منداڵ بخرێتە هیچ جۆرە زیندانێك ، چونکە ماڵ یەکەمین قوتابخانەی گەشە و پەروەردەیی منداڵە، خێزانیش یەکەمین دامەزراوەی پەروەردەیە کەمنداڵ تێیدا پەروەردە بێت و کەسایەتی دروست بێت، بۆیە کاتێك منداڵ لە زیندانە لەم قوتابخانەیە بەدوورە و پەیوەندی بەهێزی خێزانی نییە، لەوانەیە هاوڕێ و هاوتەمەنی نەبێت و بەپێی پێویست یاری نەکات و ئەویش وەك دایکی زیندانییەکی گۆشەگیر بێت، ئەمەش کاریگەری خراپ دەخاتە سەر گەشەی دەروونی و گەشەی جەستەیی منداڵ، چونکە ئامانج لەپەروەردەی منداڵ ئەوەیە هاوکاریان بین بۆ ئەوەی بەدروستی گەشە بکەن و بەجوانی پێ بگەن و بەباشی ڕەفتار بکەن، ئەمانەش لە زیندان بەدی نایەت، جان جاك ڕۆسۆش دەڵێ واز هێنان لە ئازادی وازهێنانە لەژیان».

ئەو سەرپەرشتیارە لە درێژەی قسەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات:» ئەم بابەتە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی تەواوی کاریگەرییەکانی دەستنیشان بکرێن و چارەسەرییان بۆ بدۆزرێتەوە، هیوام وایە لایەنی پەیوەندیدار کاری جدی لەسەر بکەن. چونکە خۆشترین و کاریگەرترین قۆناغی تەمەن ژیانی منداڵییە، منداڵ بەبێ تاوانی بەژیانی زیندان ڕابێت بەدڵنیاییەوە کاریگەری خراپی لە داهاتوودا دەبێت کە وەها بەئاسانی باس ناکرێن».



ئیدریس محەمەد:

**منداڵەکانی ناو چاکسازی کە لەگەڵ دایکیانن، لە هەر شوێنێکی دیکە زۆر باشترە، چونکە لە گەورەترین فەراغدا دەژین**



پشتیوان ساڵح:

**ماڵ یەکەمین قوتابخانەی گەشە و پەروەروەردەیی منداڵە، خێزانیش یەکەمین دامەزراوەی پەروەردەیە کەمنداڵ تێیدا پەروەردە ببێت و کەسایەتی دروست بێت**

## خەندە کەمال:

# پێویستە خانمان بێنە مەیدانی کار و متمانەیان بە خۆیان هەبێت

لەسەر ئاستی جیهان بە شێوەیەکی گشتی بە هۆی سەختیی گوزەران ئاسان نییە پیاو بتوانێت بە تەنیا ماڵ بەڕێوە ببات و بژێوی ژیانی خێزانێک دەستەبەر بکات، لەو حاڵەتەشدا زۆرجار ئافرەت دەبێتە هاوکار و یارمەتیدەرێکی باش بۆ هاوژینەکەی بێ ئەوەی ئەرکی دایکایەتی خۆی فەرامۆش بکات. خەندە کەمال، خانمە کابانێکی گەنج و دایکێکی پڕ ئەزموونە ئەو توانی بە شەونخونی و پێداگیری لە کارکردن ببێتە خاوەن خانووی خۆی و لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باسی چۆنیەتی تێکەڵبوونی خۆی بە بازاڕی کار دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



خەندە کەمال، خانمێکی دانیشتووی شاری سلێمانی و دەرچووی زانکۆیە لە بەشی دەروونناسی و دایکی چوار منداڵە. وەك خۆی باسی دەکات سەرەڕای هەوڵەکانی لە هیچ دامەزراوەیەکی حکوومی و ناحکوومی دانەمەزراوە. لە ئاخافتنێکیدا بۆ گۆڤاری گوڵان بەمجۆرە باسی ژیانی تایبەتی خۆی دەکات: «نزیکەی دە ساڵە بەشی دەروونناسی زانکۆی سلێمانیم تەواو کردووە، بەڵام لە هەلی دامەزراندن تا ئێستا سوودمەند نەبووم، خێزاندارم و دایکی چوار منداڵی وردم، هاوسەرەکەم فەرمانبەرە و مووچەکەی زۆر کەمە، بەتایبەتی کە بە هۆی قەیرانی دواکەوتن و نەدانی مووچە قەرزار بووین، ئەوەش ناچاری کردم بیر لە کارکردن بکەمەوە، بۆ ئەوەی بتوانم هاوکاریی هاوسەرەکەم بکەم، گومانی تێدا نییە هەر کەسێك کە خاوەنی خانوو و جێگەی خوی نەبێت، هەتا کۆتایی هەوڵ دەدات کە ببێتە خاوەنی بستێك زەوی، منیش لەو ڕوانگەوە و بەو ئامانجە بڕیاری کارکردنم دا، کە زانکۆم تەواو کرد، بەڵێنم بە هاوسەرەکەم دا و وتم: کەناسی ئەکەم و شەوانە و ڕۆژانە کۆڵان و شەقامەکانی شار پاك دەکەمەوە، تا ببینە خاوەنی بستێك زەوی، یان خانووی خۆمان، سوپاس بۆ خوا بە نانکردن و بە چێشتلێنان بەڵێنەکەی خۆمم بردە سەر و شەو و ڕۆژم خستە سەر یەك و بە ماندووبوون و بێ پشوودان کارم کرد، هەتا بووین بە خاوەنی هەیکەلێك لە دەرەوەی شار، قەناعەتیشم بەوە هەیە، مرۆڤ بە پارەی حەڵاڵ درەنگتر بە ئاواتەکانی دەگات، بەڵام بە پشتیوانی خوای گەورە هەموو شت باش دەبێت، ئەمڕۆ خانووم لە دەرەوەی شارە، سبەی دێمە نزیکی شار و دوو سبەی دێمە قەراخی شار و سێ سبەی دێمە ناو شار، کورد گوتەنی کەس لە پڕێ نەبووە بە کوڕێ».

ئەو باسی کرد وەکو دایکێك کە منداڵەکانی وردن، کارەکەی ماندووبوونی زۆرە، بەڵام سوپاسی خوا دەکات و دەڵێت: «گەیشتن بە ئامانج و خەونەکان وات لێ دەکەن کەمتر هەست بە ماندووبوون بکەیت».

خەندە کەمال، سەرەتا کە بڕیاری کارکردن دەدات، بیر لەوە دەکاتەوە کە چ کارێك بکات و چۆن تێکەڵ بە بازاڕی کار بێت، هاوکات کارەکەی لەماڵەوە بێت و ئاگای لە منداڵەکانیشی بێت. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «یەکەم جار دەستم بە نانکردن کرد، لە بەر ئەوە بوو، کە تاکە شتێك بوو زانیم زوو ساخ دەبێتەوە، بۆیە ماوەی شەش مانگ نانی هەورامیم کرد، هەرچەندە نانکردن بەڕاستی زەحمەتە و ماندووبوونی زۆری دەوێ، دواتر لە پاڵ نانکردن، دەستم کرد بە کاری دروستکردنی خواردن و چێشتلێنان». لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا لە کارەکانت کەس هاوکاریت دەکات؟ گوتی: «تەنیا خوای گەورە پشتیوانمە، ئەویش بەسە بۆم، تا بتوانم بە تەنیا خۆم کارەکانم بکەم». باسی ئەوەشی کرد، کە هاوسەرەکەی فەرمانبەرە، بەڵام «مووچەکەی بەش ناکات، بەتایبەتی بۆ کەسێك کە خاوەن خێزان بێت و شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی نەبێت، ئەرکی ژیان قورس دەبێت و بە تاك لایەنە بژێوی ژیان دابین ناکرێت».

کاتێك پرسیارمان کرد، لە سەرەتادا چۆن کڕیارەکانت بە کارەکەت ئاشنا کردووە؟ لە وەڵامدا گوتی: «پەیجم دانا و ژمارەی مۆبایل و ئەو خواردنانەی ڕۆژانە دام دەنا، هاوکارم بوون، بەڕاستی سۆشیال میدیا ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو بۆ ئەوەی کڕیاری چێشت و خواردەمەنییەکانم زیاد بکەن».

ئەو خاتوونە سەبارەت بە پشتیوانی، یان ڕێگریی خێزانەکەی بۆ کارەکەی دەڵێت: «زۆر پشتگیرییان کردم، بەتایبەت خوشکەکەم، هاوسەرەکەشم پاڵپشتمە تا ڕاددەیەکی باش، بەڵام زۆر هاوکارم نییە، لەبەر ئەوەی ئەویش سەرقاڵی کاری خۆیەتی». گوتیشی: «هەر کەسێك هەر کارێك بکات، ئەگەر متمانەی بە خۆی نەبێت، ناتوانێت سەرکەوتوو بێت». گوتیشی: «پێویستە گوڵان هانی خانمان بدات، بۆ ئەوەی بێنە ناو مەیدانی کار و متمانەیان بە خۆیان هەبێت».

کاتێك پرسیاری لێ کرا، ئایا داهات و ئابووریی سەربەخۆ بۆ خانمان تا چەند لە گرفتەکان دەیپارێزێت؟ گوتی: «من قسە لەسەر پاراستن ناکەم، چونکە ئەمە قسەی زۆر هەڵدەگرێت، پاشان مەرج نییە کارەکە بیپارێزێت، هەندێك ئافرەت کە نەزانن چون مامەڵە لەگەڵ ئەو داهاتە دەکەن کە دەستیان دەکەوێت، تووشی توندوتیژیشیان دەکات، بەڵام گیرفانی خۆت بێ منەتە، چاوەڕێی دەستی کەس نیت، چەندەش هیلاك بیت، کە داهاتێکت هەبوو بۆ خوت، وادەزانی، دونیا هی خۆتە، چونکە دەتوانی هاوکاریی هاوسەرت بکەیت و هاوکاریی کەسانێکیش بکەیت کە پێویستیان بە هاوکاری و یارمەتی هەیە».

سەبارەت بە پڕۆژەی بۆ داهاتوو گوتی: «هەتا منداڵەکانم ئاوا ورد بن، بیر لە پڕۆژەی دی ناکەمەوە، بە پشتیوانیی خوای گەورە هەر کەمێك منداڵەکانم گەورە ببن، دەبمە خاوەن جێگا و پڕۆژە و براندی خۆم، ئەو کات چەندین خاتوونی دیکەش دەبنە خاوەن کار و داهاتی خۆیان لای من، چونکە داهاتی خۆمم هەیە، حەز دەکەم هەموو خانمێك کە باری داراییان خراپە، ببنە خاوەنکار».

خەندە کەمال لە کۆتایی قسەکانیدا بەم جۆرە پەیامی خۆی ئاراستەی خانمان کرد: «دەستی هەر ئافرەتێك ماچ دەکەم، کە کاسبیی حەڵاڵ بکات، خوا تاقەت و وزەی زیاتریان بداتێ و ڕزقیان فراوان بکات، داوایان لێ دەکەم، هەرگیز نەڵێن ماندووین و چاوەڕێی دەستخۆشی و ماندوونەبوونییش لە کەس نەکەن، لە کارکردن پشت سارد نەکەنەوە بە پشتیوانی خوا بە خەون و ئامانجی خۆیان دەگەن».

**نزیکەی دە ساڵە بەشی دەروونناسی زانکۆی سلێمانیم تەواو کردووە، بەڵام لە هەلی دامەزراندن تا ئێستا سوودمەند نەبووم**

**هاوسەرەکەم فەرمانبەرە و مووچەکەی زۆر کەمە، بەتایبەتی کە بە هۆی قەیرانی دواکەوتن و نەدانی مووچە قەرزار بووین، ئەوەش ناچاری کردم بیر لە کارکردن بکەمەوە**

**بەڵێنم بە هاوسەرەکەم دا و وتم: کەناسی ئەکەم و شەوانە و ڕۆژانە کۆڵان و شەقامەکانی شار پاك دەکەمەوە، تا ببینە خاوەنی بستێك زەوی، یان خانووی خۆمان**

**سوپاس بۆ خوا بە نانکردن و بە چێشتلێنان بەڵێنەکەی خۆمم بردە سەر و شەو و ڕۆژم خستە سەر یەك و بێ ماندووبوون و بێ پشوودان کارم کرد، هەتا بووین بە خاوەنی هەیکەلێك لە دەرەوەی شار**

## حەمە ساڵح فەرهادی:

# شاعیر و نووسەری بواری منداڵانمان بەپێی پێویست نییە

**نووسەری دیاری کوردستان (حەمە ساڵح فەرهادی) ساڵانێکە لە بواری منداڵان دەنووسێت خاوەنی چەندین کتێبە لە چەندین گۆڤاری منداڵان،وەکو دەستەی نووسەران و سەرنووسەر کاری کردوە لەم بوارەدا خزمەتێکی زۆری منداڵانی کوردستانی کردوە، بۆیە وەکو ماڵپەری کوردستان تیڤی پێمان باش بوو لە نزیکەوە بە چەند پرسیارێك بەسەری بکەینەوە.**

هەڤپەیڤین:
کامەران حاجی ئەلیاس

(٢-٢)



*** ئەو بنەماییە سەرەکییانە چین،کە پێویستە لە نووسینی ئەدەبی منداڵان دەبێ ڕەچاو بکرێت؟**

- هەندێك بنەمای سەرەکی هەن، پێویستە لە نووسینی ئەدەبی منداڵاندارەچاو بکرێت لە مانە:

١- بابەتەکە بە زمانێکی پاراو و منداڵانە بنووسرێت و ڕێنووسەکەی لەگەڵ ڕێنووسەکەی کتێبەکانی میتۆدی خوێندنی قوتابخانەکان بگونجێت،وشەکان لە فەرهەنگی منداڵەوە هەڵقوڵابێ،کورت بێت درێژداری تێدا نەبێت،بابەتەکان لە هەرجۆرێك بن، دەبێ بەشێوەیەکی پەروەردەییانە بخرێتە بەرچاو.

٢-ئامۆژگارییەکان،ئەگەر هەبێ،ڕاستەوخۆ و لە شێوەی ئەمر و نەهیدا نەبێت،ڕەچاوی ئەو بەهایانەی تێدا بکرێت، کە بوونەتە بنەما لە ئەدەبی منداڵاندا،بایەخ بە سایکۆلۆجییەتی منداڵ بدرێت،داب ونەریتی ڕەسەنی کوردەواری و جیهانی بە منداڵان ئاشانا بکات.

٣- متمانە بە خۆکردن لای منداڵ بەهێز بکات،مێژوو و شوێنەوار و ناودارانی و ڵات بە منداڵان بناسێنێت، بەتایبەتی ئەو ناودارنەی خزمەتێکی بەرچاوی منداڵانیان کردوە،بەها ڕۆحییەکان لای منداڵ خۆشەویست بکات،بایەخێکی تەواو بە منداڵە بەهرەدارەکان بدات و بەهەرمیان بڵاوبکرێتەوە، گەورەو بچووکی پیتەکانی لەگەڵ تەمەنی مەنداڵ بگونجێت.

٤- بابەتەکان نەتەوەیی وجیهانی بێت بەڵام نەخرێتە ناو قاڵبی حزبایەتییەوە،بایەخدان بە باتەکانی خۆ خافڵاندن و زاخاوی مێشك و کات و بەسەربردن،دوورکەوتنەوە لەو بابەتانەی کە گیانی دووبەرەکی و شەڕخوازی تاوان لە ناخی منداڵدا زیاد بکات.

٥-باشتر وایە لاپەڕەکانی بڵاوکراوەکان ڕەنگاوڕەنگ و وێنەدار بن، نرخی چاپەمەنییەکان گونجاو بێت و زۆربەی منداڵان بتوانن سودی لێوەربگرن.

*** نووسەرانی تێکستەکانی ئەدەبی مەنداڵان (هۆنراوە،چیرۆك، ئۆپەرێت،شانۆگەری..) لە کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- دیارە تێکستەکانی ئەدەبی منداڵان،بە تایبەتی ئەو ژانرە ئەدەبییەی کەباست کردوە (هۆنراوە،چیرۆك، ئۆپەرێت، شانۆگەری)، وەکو هەموو تێکستە گشتییەکانی دیکەی ئەدەبی کوردی، هەموویان لەیەك ئاستدا نین، تێکستی باش و سەرکەوتووی منداڵانمان هەیە، هەروەکو بە پێچەوانەشەوە تێکستی ئاست نزمیشمان هەیە، تەنانەت، لەم چوار جۆرە تێکستەشدا،هۆنراوە،چیرۆك،پێش ئۆپەرێت،شانۆگەری کەوتوون و ئەم دووانەی کۆتایی هێندە ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، ناتوانین بڵێین ئەو بڕیارە ڕەهایە و بۆ بڕیاری وردتر،پێویستە بابەتەکانی هەرنووسەر و شاعیرێکی بواری منداڵان بە جیا هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

بەگشتی ئێمە شاعیر و نووسەری بواری منداڵانمان بەپێی ژمارە منداڵانمان نییە، تەنانەت ژمارەیان لە ژمارەی ئەو شاعیر و نووسەرانەش کەمترە کە کار بۆ ئەدەب بەگشتی دەکەن.

ئەگەر دەزگایەکی بە توانای فەرمی هەبێت و بایەخ بە بەرهەمی سەرکەوتووی تایبەت بە منداڵان بدات و کێشەکانی چاپکردن و بڵاوکردنەوەیان لە ئەستۆ بگرێت، ئەدەبی منداڵان هەنگاوێکی دیکە دەچێتە پێش.

*** لەوماوەیەدا چەند نووسەرێکی منداڵ لە کوردستان بەرهەمەکانیان لەچوارچێوەی نامیلەکە بڵاوکردەوە، پێتان وایە ئەگەرنووسەر منداڵ بێت بۆ منداڵ بنووسێت کاریگەری زیاترە لەوەی گەورە بنووسێت؟**

- ئەگەر داتایەکی ورد و ڕاست هەبێت سەبارەت بەو کەسانەی کە بۆ مندڵان دەنووسن،چ گەورە بن یان منداڵ،بەدیار دەکەوێت کە ژمارەی ئەو کەسانەی بەسەرکەوتووی بۆ منداڵ دەنووسن زۆرکەمە ! چونکە بەپێی بەندی یەکەمی مافەکانی منداڵان، کە پێناسەکراوە(منداڵ ئەو مرۆڤەیە کە تەمەنی لە ١٨ ساڵ تێنەپەریبێت).

کەواتە بەپێی ئەو پێناسەیە، زیاتر لە چواریەکی دانیشتووان منداڵان و پێویستیان بە ژمارەیەکی زۆر لە ئێستا زیاترە هەیە کە کار بۆبکەن.دەمێنێتەوە ئەوەی ئایا گەورە بۆ منداڵ بنووسێت باشترە، یان منداڵ بۆ خۆیان بنووسن.دەتوانین بڵێین،ئەگەر ئەو ژمارە پێویستەمان لە منداڵی بەهرەمەند و بەتوانا هەبێت، باشترە منداڵ بووسێت،بەڵام ئایا ئەو ژمارە پێویستەمان هەیە؟ بێگومان نەخێر.

هەندێك کەس وا دەزانێ نووسین بۆ منداڵ کارێکی ئاسانە! بەڵام وانییە زۆر زەحمەتترە لە نووسین بۆ گەورە، بەرپرسیارییەتیشی زیاترە.بەپێی ئەزموونی بەندە لەو ڕووەوە، زۆر جار هەست دەکرێت، کەئەو نووسینانەی بەناوی منداڵان بڵاو دەکرێنەوە، دەستی گەورەشی تێدایە. تەنانەت وەکوو ئەزموون لەوماوە زۆرەی کە لە گۆڤاری (هەنگ ) دا کارم کردووە، زۆرجار باوکێك یان دایکێك، چەند بابەتێکی منداڵانی هێناوەو گوایە هەر بابەتێك یەکێك لە منداڵەکانی نووسیویەتی!

لێرەدا ئەمە دەبێتە مایەی پرسیار،کەئەو ماڵە چۆن لەیەك کاتدا ئەو هەموو نووسەرەی منداڵەی لێ هەڵکەوتووە؟! پێویستە بوار بە منداڵ بدرێت کە ئەوەی دەیەوێ بینووسێت لەو ڕووەوە هان بدرێت و هەوڵ بدرێت پەرە بە بەهرەکانی بدرێت، بەڵام چاودێریش بکرێت، لەگەڵ ئەمەش دا ناتوانین نووسینی گەورە بۆ منداڵان فەرامۆش بکرین وبەهەند وەرینەگرین، بە تایبەتی ئەو نووسەرانەی کە توانیویانە بە سەرکەوتوویی بچنە ناوجیهانی منداڵانەوە.لەلایەکی دیکەوە، گەورە بەرپرسیارە لە زۆربەی شتەکانی تایبەت بە منداڵ «ناوی، پەروەردەی، خوێندنی، ژیانی، جل وبەرگی،پێداویستیەکانی و چەندین شتی دیکەش، چی تێدایە ئەگەر بتوانێت بەرپرسیارییەتی نووسینیشی بۆ بخاتە ئەستۆی خۆی.

*** سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان تاچەند لە خزمەت پەروەردەی منداڵان دایە؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە، منداڵ وپەروەردەی دروست،واتە ئایندەیەکی گەش و ڕووناك.بەداخەوە ئێمە سیستەمی پەروەردەمان بەو شێوەیە نیە کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم بگونجێت.

ئەگەر بەراوردێك لە نێوان ئێستاو(٢٥-٣٠) ساڵ لەمەوپێش بکەین، پێشکەوتنێکی ئەو تۆ نابینین، چ لە ڕووی بینایی قوتابخانە و چی لەڕووی بەرنامەکانی خوێندن و چ لە ڕووی ژمارەی مامۆستایان و چ لەڕووی کردنەوەی خولی بەردەوام و شیاندن بۆ مامۆستایان و کارمەندانی کەرتی پەروەردە و چ دانانی بەرپرسانی پەروەردە لەسەر بنەمای ئەزموون و لێهاتوو‌ییان، ئێستا دوو دەوامی لە بینایەی قوتابخانەکاندا زۆرە و ژمارەی قوتابیانی هەرپۆلێکیش زۆر لە پێویست زیاترە، چەند ساڵە وەکوو پێویست مامۆستا دانەمەزراون و جێی ئەوانەی خانەنشین دەکرێن بە مامۆستای تازە دامەزراو پڕ ناکرێنەوە. لەگەڵ ئەمەشدا دەبینین قوتابخانە ئەهلییەکان بەردەوام لە زیاد بووندان، ئەمەش هەر بۆ منداڵە دەسترۆیشتووەکانە،نەك بۆ هەمووان.

بەڕای من پێویستە پێداچوونەوەیەکی خێرا بۆ چاکسازی لە کەرتی پەروەدەدا بکرێت و بتوانێت لەگەڵ ڕەوتی خێرای سەردەم دا بگونجێت.بەداخەوە لە ئێستادا ژمارەی نەخوێندەوارمان لە پێشان زیاترە.

*** چۆن منداڵان رابهێنن لە خوێندنەوە، ڕۆڵی قوتابخانە و خێزان دەبێ چۆن بێت؟**

- قەیرانی کەم خوێندنەوە قەیرانێکی گشتییە و تەنیا تایبەت نییە بە منداڵان.ئێستا بە هۆی زۆری ژمارەی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان و ئینتەرنێت و فەیسبووك و لقوپۆپەکانی و هەموو هونەرە تازەکانی ئەم بوارەوە،کە منداڵان بەتەواوی خوویان پێوە گرتووەوبووەتە بەشێك لە ژیانی ڕۆژانەیاندا،ئاگایان لە خوێندنەوە نەماوە. سەرەرایی ئەمە منداڵ ئەگەر لە خێزانێك بێت کە گەورەکانی کتێب نەخوێننەوە، دەبێ چاوەڕێی چی لێبکرێت؟!

بەداخەوە زۆربەی گەورەکان ئامادەن دەیان جۆری دیاری بۆ منداڵەکانیان بکرن،کەهەندێکیان زیانیشیان پێدەگەێنێت، وەکو یاری چەك و تەقەمەنی و جۆرەکانی تر، بەڵام بیر لەوە ناکەنەوە کە جارێك کتێبێك،یان گۆڤارێکی منداڵانەیان بە دیاری بۆ ببنەوە و لەسەر خۆشەویستی کتێب خوێندنەوە رایان بهێنن.

بەداخەوە زۆربەی گەورەکان ئامادەن دەیان جۆری دیاری بۆ منداڵەکانیان بکرن،کەهەندێکیان زیانیشیان پێدەگەێنێت، وەکو یاری چەك وتەقەمەنی و جۆرەکانی تر، بەلام بیر لەوە ناکەنەوە کە جارێک کتێبێک،یان گۆڤارێکی منداڵانەیان بە دیاری بۆ ببنەوە و لەسەر خۆشەویستی کتێب خوێندنەوە رایان بهێنن

پێویستە بوار بە منداڵ بدرێت کە ئەوەی دەیەوێ بینووسێت لەو ڕووەوە هان بدرێت و هەوڵ بدرێت پەرە بە بەهرەکانی بدرێت، بەڵام چاودێریش بکرێت

## سێلینا گۆمێز:

# تەندروستی بۆ مرۆڤ گرنگترە لە جوانی



سێلینا گۆمێز لە پەخشێکی ڕاستەوخۆدا دەرکەوت بۆ وەڵامدانەوەی ئەو ڕەخنە و تێبینیانەی بەم دواییە ئاڕاستەی کراون سەبارەت بە زیادبوونی کێشی و رایگەیاند ئەویش هەست دەکات کە کێشی لەشی زیاد بووە، بەڵام ئەمەش بۆ ئەو دەرمانە دەگەڕێتەوە کە بەم دواییە بەکاری دەهێنێت.

سیلینا ئەوەی ئاشکرا کرد ڕوونیکردەوە کە ناچارە دەرمانی لوپوس بەکاربهێنێت ئەمەش دەبێتە هۆی زیاد بوونی کێشی لەشی و جەختی لەوە کردەوە کە تەندروستی بۆ مرۆڤ گرنگترین سەروەتە.

سێلینا گۆمێز هۆکاری زیادبوونی کێشی بە پەیامێکی پاڵپشتی بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە بە کاتە سەختەکان یان نەخۆشییەکی سەختدا تێدەپەڕن بڵاوکردەوە و تێیدا دەڵێت «تەنها ویستم ئەو کەسانە دڵخۆش بکەم کە هەست بە هەر جۆرە شەرمەزارییەک بکات سەبارەت بەو شتانەی کە بەسەریاندا تێدەپەڕێت و چیرۆکی ڕاستەقینەی پشتەوەی دەزانێت، تەنها دەمەوێت بزانیت کە تۆ جوان و نایابیت.» «بەڵێ ڕۆژانێک هەیە هەست دەکەم هیچ شتێک ڕاست نییە، بەڵام پێم باشە تەندروست بم و ئاگاداری خۆم و دەرمانەکانم بم».

لە درێژەی قسەکانیدا وتی «کاتێک دەرمانەکانم دەخۆم جەستەم ئاوێکی زۆر هەڵدەگرێت و لەگەڵ دەرچوونیدا تا ڕادەیەک کێشم دادەبەزێت» پاشان وتارەکەی ئاراستەی لایەنگران و ڕەخنەگران کرد و وتی «خۆشم دەوێیت و سوپاس بۆ ئێوە پشتگیری و تێگەیشتن، و ئەگەر تۆ بەو شێوەیە نیت، ئەوا دوور بکەوەرەوە چونکە ڕاشکاوانە من باوەڕم بە چەواشەکردنی خەڵک نییە لەسەر بنەمای دەرکەوتنیان

ئەو خانمە ئەکتەر و گۆرانیبێژە ئەمریکییە بەردەوام بوو لە قسەکردن لەسەر قەناعەتەکانی سەبارەت بە وێنەی جەستە کە هەندێک کەس پێیان وایە دەبێت ئایدیاڵ بێت و وتی «من نابمە مۆدێل» پێموایە مۆدێلەکان جوان نایابن، بەڵام نا دەیانەوێت یان چاوەڕێی ئەوە دەکەن کە لەوان بچین".

**سەرچاوە: البوابة**

# دوای ٤٠ ساڵ لە گۆرانی وتن سێلین دیۆن لە کۆتایی کاروانەکەی نزیک دەبێتەوە

دوای ئەوەی سێلین دیۆن کۆنسێرتەکانی لەم ساڵ و ساڵی داهاتوو بەهۆی ناجێگیریی باری تەندروستی هەڵوەشاندەوە، زۆر لە چاودێران و ڕەخنەگران باس لەوە دەکەن ئایا گۆرانیبێژی نێودەوڵەتی سێلین دیۆن کۆتایی بە ژیانی هونەریی خۆی هێنا؟
بەپێی هەندێک ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی سەرچاوەکانی نزیک لە سیلین دیۆن خراپی باری تەندروستی ئەو خانمەیان ئاشکرا کردووە، هەروەها ئاماژە بە تێکچوونی زیاتری دۆخی تەندروستیی دەکەن ئەمەش ڕێگرە بۆ ئەوەی بتوانێت وەک جاران کۆنسێرت ئەنجام بدات.
سەرچاوەکان ئاماژەیان بەوە کردووە، سێلین دیۆن دەتوانێت بجولێت، بەڵام بەدەست ئازارێکی زۆرەوە دەناڵێنێت لە تەواوی جەستەیدا، هەرچەندە لەژێر چاودێری پزیشکی تیمێکی پزیشکی شارەزادایە ، بەڵام هێشتا باری تەندروستی تێکدەچێت و هەست بە باشی ناکات.
سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە بەدەست نەخۆشییەک دەناڵێنێت، کە چارەسەری ئەستەمەو سەرەڕای هەوڵەکانی چاودێری پزیشکی هیچ چارەسەرێکی نییە و ڕەنگە جارێکی تر نەگەڕێتەوە بۆ سەر تەختی شانۆ.
سێلین دیۆن مانگێک لەمەوبەر هەڵوەشاندنەوەی نزیکەی ٤٠ کۆنسێرتی ڕاگەیاند کە بڕیار بوو لە ئەوروپا تا مانگی نیسانی ٢٠٢٤ ئەنجامیان بدات.
ئەم خانمە هونەرمەندە کە زیاتر بە گۆرانی فیلمی تایتانیک ناسراوە و ناوبانگێکی زۆری دەرکردووە تووشی نەخۆشییەکی دەگمەن هاتووە کە دەبێتە هۆی ڕەقبوونی ماسوولکەکانی لەش و ئازارێکی زۆری لەگەڵدایە لە هەمان کاتدا ئەندامەکانی لەش لە کار دەخات و بەردەوام بارودۆخی تێکدەچێت.

**سەرچاوە: النهار**



سیما تەکیەخام بۆ گوڵان:

# منداڵان داهاتووی نیشتمانن پێویستە گرنگیی زیاتریان پێ بدرێت لە هونەردا



سیما تەکیەخام خەڵکی شارە جوان و دڵرفێنەکەی مەریوانە، ئاهەنگساز و ژەنیاری تار و سێتارە، لە زانکۆی هونەریی تاران موزیکی بە شێوازی ئاکادیمی خوێندووە و شارەزاییەکی زۆری لەو بوارەدا هەیە، لە گرووپێکی موزیکی سەرکەوتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شانبەشانی کۆمەڵە کچێکی دیکەی شارەکەی لە ڕێگەی گۆرانی و موزیکەوە خزمەت بە هونەری ڕەسەنی کوردی دەکەن، گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە.

سەرەتا باسی لە دوایین کارە هونەرییەکانی کرد و گوتی: «خزمەتکردن بە منداڵان لە ڕێگەی هونەرەوە هەمیشە یەکێك بووە لە ئاواتەکانم، بۆیە دوایین بەرهەمم پارچە موزیکێکە بە ناوی (سۆنەمۆنە) تێکست و موزیکەکەی و ژەندنی سازەکانی، کاری خۆم بووە و وتنیشی کوڕێکی بچکۆلە و ئێسك سووکی مەریوانییە بە ناو نیروان سۆهرابی.»

هەر سەبارەت بەم بەرهەمە نوێیەی سیما تەکیەخام دەڵێت: «ئەمە یەکەم جارە بەرهەمێکم تایبەت بێت بە منداڵان، ئەمەش جێگەی خۆشحاڵیمە و هەوڵ دەدەم لە داهاتووشدا بەردەو بم، بەڵام لە بواری فێرکاریی موزیك بە منداڵان پێشتر ئەزموونی زۆرم هەبووە».

دەربارەی گرنگیی ئەو بەرهەمەش سیما دەڵێت: «بە داخەوە پێشتر بابەتی گۆرانی و موزیك بۆ منداڵان گرنگیی پێنەدرواە، بەڵام بەخۆشاڵییەوە لە ئێستادا کەسانێك خەریکن هەوڵی بۆ دەدەن، ئەمەش کارێکی پێویستە، چونکە منداڵان داهاتووی نیشتمان و کۆمەڵگەی ئێمەن و زۆر گرینگە کە ژینگەیەکی جوانیان بۆ ئامادە بکەین، بە جۆرێك کە زیاتر ئاشنا و شارەزا و ئاوێتەی مۆسیقا بن، بێگومان لە داهاتوودا ئاستی مۆسیقای کۆمەڵگەکەمان گەشاوەتر دەبێت».

سیما دەربارەی ڕەوشی هونەری کوردی دەڵێت: «بە هۆی کاریگەریی هەر پارچەیەك بە کەلتورێکی جیاوازەوە، پێشکەوتنی هەر پارچەیەکی کوردستان جیاوازە لەگەڵ پارچەکانی دیکە، بەپێی بارودۆخی هەر پارچەیەك، لە کۆمەڵگای کوردیدا زۆر باس لە گرنگیی هونەر دەکرێت، بەڵام زۆر باس لە ئاستەنگەکانی بەردەم هونەرمەندان ناکرێت، ئایا هونەرمەندان چۆن ژیانی ئاسایی خۆیان دەگوزەرێنن، بەرهەمەکانیان چۆن بڵاو دەکەنەوە، بۆیە پێویستە ماندووبوون و کۆڵنەدانی هونەرمەندان لەبەرچاو بگیرێت، چونکە سەرەڕای ئاستەنگەکان بەردەوامن لە کارەکانیان، هیوادارم بتوانین ئەم هونەرە بە نەوەکانی داهاتوومان بناسێنین».

سەبارەت بە فۆلکلۆری کوردیش سیما بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بنکەی ئەو هونەرەی من کاری لەسەر دەکەم،بریتییە لە فۆلکلۆری کوردی، کە سەرچاوەیەکی سەرەکی و گرنگی هونەری کوردییە، ئێمەی کورد خاوەن فۆلکلۆرێکی دەوڵەمەندین و، پێویستە هونەرمەندان سوود لەو دەوڵەمەندییە وەربگرن و پشتگوێی نەخەن، بەڵام ئەگەر تەنیا پشت بە فۆلکلۆر ببەسترێت و بەکاری بهێنن و هیچ ئیزافەیەکی نەخەنە سەر، ئەوا دوای ماوەیەك دەشێوێندرێت، چونکە بە سەدان هونەرمەند هەیە کە یەك گۆرانییان دووبارە کردووەتەوە و، هەر یەکێکیش گۆڕانکارییەکی تێدا کردووە و ئەو ئامێرانەی کە تێیدا بەکار هاتوون جیاواز و پێشکەوتووترن، تەنانەت تێڕوانینی جەماوەریش بۆ گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان گۆڕانکاریی بەسەر دا دێت.»

سیما تەکیەخام دواتر تیشکی خستە سەر پێگەی ئافرەت لە بواری هونەریدا و لەو بارەیەوە گوتی: «سەرەڕای ئاستەنگەکانی بەردەمی، بەڵام ئافرەتی کورد توانیویەتی بەردەوام لە بواری هونەری کوردیدا پێگەی هەبێت، گرفتەکان پەیوەندییان بە کۆمەڵگەی کوردییەوە هەیە، کە ئەمەش وای کردووە ئافرەت بە دوودڵییەوە بێتە نێو هونەرەوە، بۆیە پێویستە ئافرەتانی هونەرمەندی کورد کۆڵ نەدەن و بە ڕێگەی هونەرەکەی دەنگی خۆیان بگەیەنن وەك ئافرەتێك، لە هەمان کاتدا خزمەتیش بە هونەری کوردی بگەیەنێت، من خۆم سوودی زۆرم لە ئەزموونی خانمە هونەرمەندان وەرگرتووە و بەردەوام گوێ لە گۆرانییەکانیان دەگرم بەتایبەتی مەریەم خان، ئایشەشان، مەرزییە فەریقی، لەیلا فەریقی و چەندین خانمە هونەرمەندی دیکە.










**نێرگز جەلال :**

**یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی ئافرەتانی هەولێر**

# دەمەوێت بگەم
# بە لووتکە و بناسرێم

یانەی ئافرەتانی هەولێر یەکێکە لەو یانانەی پارێزگای هەولێر کە گرنگی بە وەرزشیی ئافرەتان دەدات بە سەرجەم یارییە وەرزشەکانەوە، ماوەی چەند ساڵێکە یانەکە گرنگیی زۆر بە یاریی باڵەی لاوان دەدات لە ئاستی کچان، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانن بەم تیپە کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکەن لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکەی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق (نێرگز جەلال)ە، کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٥ی پارێزگای هەولێرە و قوتابی پۆلی ١٢ی ئامادەییە، پاشەڕۆژێکی باش چاوەڕوانیەتی لە داهاتوودا، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵدا ئەنجام دا.

دیمانە: کارزان کانەبی

***چۆن بوو وەرزشی تۆپی باڵەت هەڵبژارد؟**
-من لە سەرەتاوە بە وەرزشی کاراتێ دەستم پێکرد و ئێستاش یاریی باڵەش دەکەم، لە هەردوو یارییەکە بەردەوامم، واتە لە یەك کاتدا دوو وەرزش ئەنجام دەدەم.

***دوو وەرزش ئەنجام دەدەی لە یەك کاتدا، هەست ناکەی هەردوو وەرزشەکە قورسە بۆ ئافرەتان؟**
- بۆیاریی باڵە بە لای من وەکو کچە وەرزشکارێك، یارییەکی ئاسانە و تا ڕادەیەك لە سەرخۆیە، بەتایبەتی بۆ کچان پێکانی کەمترە، کاراتێ ئەویش قورسە و پێکانی تێدایە.

***بۆچی لە ئێستادا یاریی باڵە لە ئاستی پێویستدا نییە؟**
- ئەوە دەگەڕێنمەوە بۆ بەرپرسانی وەرزشی کە خول و پاڵەوانێتییەکانیان کەمتر کردووەتەوە و گرنگییەکی زۆر بەم وەرزشە نادەن.

***هۆکاری چییە ئەم یارییە لە ئاستی کچاندا پێشوازیی باشی لێ نەکراوە لە شارەکانی کوردستان؟**
- لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە جیاوازیی زۆری هەیە لە هەموو ڕوویەکەوە.

*** ئاستی یاریی باڵە چۆن دەبینی لە کوردستان**
- یارییەکی زۆر پێشکەوتووە و یاریزانی زۆر باش و بە توانامان هەیە، بەڵام خول و پاڵەوانێتی کەمە لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان و ناتوانن دەربکەون بەپێی پێویست.

*** چی بکرێت باشە بۆ هێنانە پێشەوەی کچانی وەرزشکاری ئەم یارییە؟**
- بەپێی کات دەتوانرێت هاوکاریی ئەم کچە وەرزشکارانە بکرێت و خولی بەردەوام هەبێت و هانی ئافرەتانی وەرزشکار بدرێت بۆ هاتنیان بۆ ناو ئەم وەرزشە.

***بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێکی لاو؟**
- دەمەوێت ئاستێکی باشتر پێشکەش بکەم، پەنا بەخوا ئەویش بە یارمەتیی کاپتن بێستون و هەوڵ وماندوو بوونی خۆم، دەتوانم بگەمە ئاستێکی باشتر.

***یانەی ئافرەتانی هەولێر بە چ شێوازێك هاوکاریتان دەکات؟**
- یارمەتیی یانەکەمان بە پێی پێویست نییە چ لە ڕووی یاری و تۆپ، هەروەها کەلوپەلی وەرزشی یان هۆڵی وەرزشی کە مەشقەکانمانی تێدا ئەنجام بدەین.

***گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینیت؟**
- بێگومان هەموو وەرزشێك گرفتی خۆی هەیە و پەنا بەخوا ئەو گرفتانەشمان چارەسەر دەکرێن بۆ ئەوەی بتوانین خزمەتی زیاتر بکەین.

*** خەونی وەرزشیت چییە وەکو کچە یاریزانێك؟**
-من وەکو هەر کچە وەرزشکارێك دەمەوێت بگەم بە لووتکە و بناسرێم و سەرکەوتووبم لەو بوارەی هەوڵی بۆ دەدەم.

***خانەوادەکەت تا چەند هاوکارتن بۆ وەرزشکردن؟**
-بێگومان پشتگیریی باشم دەکەن.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**
-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خەمخۆرییەی بۆ وەرزشکاران هەیەتی.



# نێیمار یاری بەپارە دەکات

لە کۆتاییدا نیمار پاریس سانت جێرمان و ئەوروپا جێدەهێڵێت و هاوشانی دەیان ئەستێرەی دیکەی جیهانی پەیوەندی بە خولی سعوودییەوە دەکات. یانەی پاریس سانت جێرمان بە کەمتر لە ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ رازیبووە دەستبەرداری نیمار بێت و ئەستێرە بەرازیلییەکە بۆ دواجار یانە فەرەنسییەکە جێدەهێڵت.

بەپێی پێگەی فوت مێرکاتۆ نێیمار بۆ ماوەی دوو وەرز گرێبەست لەگەڵ هیلالی سعوودی بە مووچەی ساڵانەی ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ مۆردەکات.

نێیمار تەنیا وەکو یاریزان پەیوەندی بە خولی سعوودییەوە ناکات، بەڵکو لە پاڵیدا چەندین دیاری و شایستەی دارایی وەردەگرێت.

نێیمار هاوشێوەی کریستیانۆ رۆناڵدۆ فرۆکەیەکی تایبەتی بۆ دابین دەکرێت و لە خزمەتی گەشتەکانیدا دەبێت و سەرجەم خەرجییەکانیش لەسەر یانەی هیلال هەژمار دەکرێت.

نێیمار هاوشێوەی کریستیانۆ و جۆرجینای خۆشەویستی رێگەی پێدراوە لەگەڵ برۆنا بیانکاردی خۆشەویستی لە سعوودیە بژین ئەگەرچی ئەو وڵاتە رێگە نادات جگە لە هاوسەرەکان بەیەکەوە بژین، بەڵام ئەو یاسایە نێیمار ناگرێتەوە.

نیمار ڤێلایەکی گەورەی پێدەدرێت و لە لایەن دەیان خزمەتکارەوە ڤێلایەکە سەرپەشتی دەکرێت و دەخرێتە خزمەت یاریزانە بەرازیلییەکە.

بەپێی برگەیەکی گرێبەستی نێوان نێیمار و هیلال هێرشبەرە بەرازیلییەکە بەرامبەر هەر بردنەوەیەکی هیلال ٨٠ هەزار یۆرۆ وەردەگرێت.

جگە لەوەش نێیمار دەبێتە باڵوێزی وڵاتی سعوودیە و بەرانبەر هەر پۆستێکی لە سۆشیال میدیا، کە ئاماژە بێت بۆ وڵاتی سعوودیە نێیمار نیو ملیۆن دۆلار دەچێتە سەر هەژماری بانکییەکەی.

نێیمار لە ماوەیەکی کەمدا دەبێتە ملیاردێر بەهۆی ئەوەی بەپێی شایستە داراییەکان و خەڵاتەکانی سعوودیە نێیمار ساڵانە ٤٠٠ بۆ ٥٠٠ ملیۆن یۆرۆ قازانج دەکات.





# بۆسکێتس ستایشی خولی ئەمریکا دەکات

سێرجیۆ بۆسکێتس یاریزانی یانەی ئەنتەر میامی ئەمریکی پێیوایە خولی ئەمریکا سەرنجی ژمارەیەکی زۆری ئەستێرەکان رادەکێشیت هێزێکی زۆریشی دەبێت بەهۆی بوونی لیۆنێل میسی لە خولەکە.

مێسی لە هاوینی ئەمساڵدا پەیوەندی بە یانەی ئەنتەر میامی ئەمریکی کرد، لە کاتێکدا هەوڵی زۆر لە لایەن یانەکانی خولی سعودیە هەبوو بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ ئەو یاریزانە.

هاوینی ئەمساڵ هەریەکە لە سێرجیۆ بۆسکێتس و جۆردی ئەلبا پەیوەندییان بە هەمان یانە کرد، کە داڤید بێکهامی ئەفسانەی ئینگلیزی خاوەندارییی بەشێک لە پشکەکانی یانەکە دەکات.

بۆسکێتس، کە پێشتر ساڵانێکی بەرچاو لەگەڵ مێسی لە بەرشلۆنە یارییکردووە پێیوایە، کە سەرکەوتنەکانی یانەکەی لە خولەکەدا و بوونی مێسی لە ریزەکانیدا هێز و کەسایەتیی زۆر بە خولەکە دەبەخشێت و دەڵێت: لێرە هەموو شتێک لە کەشە ئەوروپییەکە جیاوازە، بەڵام هەموو شت باش ئامادەکراوە ئاستی خولەکە بە بوونی لیۆنێل مێسی و چەندین یاریزانی دیکەی ئەستێرە زیاتر بەرەو پێشەوە دەچێت ئەو یاریزانانەی لە ئەوروپا ئاستی باشیان هەبووە و لێرە بەردەوام دەبن خولەکە دەبەنە ئاستێکی دیکەوە.

قسەکانی بۆسکێتس وەک وەڵامێک بۆ قسەکانی کریستیانۆ رۆناڵدۆ لە میدیای جیهانیدا لێکدەدرێتەوە کاتێک پێشتر گوتبووی خولی سعودیە زۆر لە خولی ئەمریکا بەهێزترە.

پێشبینیکراوە لە ماوەی داهاتوودا چەند یاریزانێکی دیکەش پاش ساڵانیک یارییکردن لە خولەکانی ئەوروپا پەیوەندی بە یانەکانی خولی ئەمریکا بکەن.



# کیپا بووە گۆڵپارێزی ڕیاڵ مەدرید

ڕیاڵ مەدرید بە فەرمی کیپای وەکو گۆڵپارێزی نوێی یانەکەی ناساند، کە شوێنی تیبۆ کۆرتوا دەگرێتەوە، ئەم گۆڵپارێزە.
ڕیاڵ مەدرید لە بارەگای یانەکەی کیپای وەکو گۆڵپارێزی یانەکەی ناساند، کە ئەم گۆڵپارێزە بە خواستن بۆ وەرزێک پەیوەندی بە یانەی ڕیال مەدرید کرد و شوێنی تیبۆ کۆرتوا دەگرێتەوە.
کیپا دوای تێپەڕاندنی پشکنینە پزیشکییەکان بەفەرمی گرێبەستەکەی مۆرکرد و لەگەڵ ڕیاڵ مەدرید دەست بە وەرزی نوێ دەکات و درێسی ژمارە ٢٥ دەپۆشێت.
کیپا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند خێزانەکەی زۆر دڵخۆشە پەیوەندییان بە ڕیال مەدرید کردووە، دەشڵێت: زۆر دڵخۆشم، بۆ من و خێزانەکەم و هاوڕێیەکان و خۆشەویستانم ڕۆژێکی زۆر تایبەتە، شانازییەکی گەورەیە، کە یاری بۆ ڕیاڵ مەدرید دەکەم.
ئێستا یەکێک لە خۆشترین ساتەکانمە لە کاروانی یاریکردنم، ئامادەم ڕووبەڕووی هەر جۆرە ڕکابەرییەک ببمەوە، بە هەموو توانام کاردەکەم بۆ سەرخستنی تیپەکە، نامەوێت ئەم دەرفەتە بە ئاسانی لە دەست بدەم، لە تۆپی پێ ناتوانرێت پێشبینی ڕووداوەکان بکرێت، من ئامادەم بەهەموو توانام پارێزگاری لە ڕیاڵ مەدرید بکەم.
کیپا گوتیشی: بەڕاستی هەڵبژاردنی ڕیاڵ مەدرید بڕیارێکی قورس نەبوو، زۆر بە خێرایی گواستنەوەم بۆ ئێرە ڕوویدا و دڵنیام زۆر بەهێزتر لەو کاتەی دەستم بە یاریی تۆپی پێ کرد بە زۆر دۆخی جیاواز تێپەڕبوومە، بەڵام هەمیشە هەوڵمداوە بە باشترین شێوە یاری بکەم ڕیاڵ مەدرید پاشای خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپایە هەموومان لەگەڵ ئەم دەستەواژەیە هاوڕایـن، بێگومان حەز دەکەم بۆ ماوەیەکی درێژ لەگەڵ ڕیاڵ مەدرید بمێنمەوە، بەڵام نازانم لە داهاتوو چی ڕوودەدات متمانەی تەواوم بەخۆم هەیە و هیوادارم نازناوەکان لێرە ببەمەوە.



# نەورۆز دەستی بە هێنانی یاریزانان کردووە

یانەی وەرزشیی نەورۆزی شاری سلێمانی ئەم وەرزە لەگەڵ تەواوبوونی یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی عێراقی، وەکو تاکە نوێنەری یانەی شارەکە بۆ وەرزی نوێی خولەکە دەستی بە هێنانی یاریزانان کردووە، بۆ ئەم مەبەستەش دەستەی کارگێڕیی یانەی نەورۆز دەیەوێت تیپی تۆپی پێی بەشدار لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی بۆ وەرزی تازە تیپێکی بەهێز و ژمارەیەکی دیار بێت، بۆیە دوای مانەوەی (وەلی کەریم)ی ڕاهێنەری یانەکە لە پۆستی ڕاهێنەرایەتی بۆ وەرزی تازە، لە ئێستادا یانەکە چەندین یاریزانی بە ئامانج گرتوە بۆ ئەوەی لە وەرزی تازە بەم یاریزانانە شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکات، لەم ناوەشدا یانەکە بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ هەریەك لە یاریزانان (دانەر جەلال لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی، ستار یاسین لە یانەی زاخۆ، کۆمەلان دۆنو لە وڵاتی تۆگۆ، ئیبراهیم تۆمیوا لە وڵاتی نەیجیریا، لامین ساماتا لە وڵاتی گامبیا، مستەفا عەبدولجەلیل و مورتەزا هەدیب لە یانەی نەجەف، دیاری یاخی یاریزانی هێڵی بەرگریی یانەکە گرێبەستەکەی تازە کردەوە)، جگە لە هێنانی ئەم یاریزانانە هەریەك لە یاریزانانی شاری هەولێر (کۆسرەت بایز و نیاز محەمەد) بە فەرمی ریزی یانەکەیان جێهێشتووە، کارگێڕیی یانەکەش لە پلانیدایە قسە لەگەڵ چەندین یاریزانی یانەکەی و دەرەوەی یانەکەش بکات، بۆ ئەوەی بتوانێ پێکهاتەیەکی تۆکمە دروست بکات بۆ وەرزی تازەی خولی نایابی یانەکانی عێراقی.

# هەڵەبجەی شەهید و تەناهی پلێتی پلەیەکی کوردستانیان بەدەست هێنا

یارییەکانی خولی پلە دووی یانەکانی کوردستان لە قۆناغی کۆتایی دوای ئەنجامدانی پێنج گەڕ لە خولەکە، بە بەشداریی هەریەك لە یانەکانی (هەڵەبجەی شەهید، تەناهی، پەروەردە، بەختیاری، مەخموور، شیلادزێ) یارییەکانی بەڕێوە چوو، لە دوایین گەڕی خولەکەشدا کە قۆناغی یەکلاکەرەوە بوو لە نێوان یانە بەشداربووەکان، یانەی هەڵەبجەی شەهید بە سەرکەوتنی بەسەر یانەی پەروەردەدا بە تاکە گۆڵێك کە لە دوایین خولەکەکانی یارییەکەدا تۆمارکرا، خۆی گەیاندە ڕیزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، یانەی تەناهی دوای ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ یانەی شیلادزێ توانی بە تاکە گۆڵێك یارییەکە بباتەوە، بە هەمان شێوە خۆی گەیاندە ڕیزی یانە پلە یەکەکان، هەرچی یانەی بەختیاریی شاری سلێمانیش بوو، لە دەرەوەی یاریگای خۆی گۆڵبارانی یانەی مەخمووری کرد بە ئەنجامی (٤-٢) گۆڵ یارییەکەی بردەوە، لە یاریی پاشکۆشدا ڕووبەڕووی یانەی ڕواندز دەبێتەوە براوەی ئەم یارییەش دەگاتە ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، ریزبەندی کۆتایی قۆناغی کۆتایش بەم شێوەیە بوو.

١- هەڵەبجەی شەهید١٠خاڵ
٢- تەناهی ٩خاڵ
٣- بەختیاری ٨خاڵ
٤- پەروەردە ٨خاڵ
٥- شیلادزێ ٤خاڵ
٦- مەخموور٣خاڵ



# هەولێر پاڵەوانێتیی نێودەوڵەتیی بۆکسێن لە باوەش دەگرێ

بەمەبەستی زیاتر گرینگیدان بە یارییەکانی بۆکسێن و دروستکردنی هەماهەنگی لە نێوان یاریزانانی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ، یانەی وەرزشیی زانکۆی جیهان لەگەڵ رێکخراوی (کوبو) لە کوردستان پاڵەوانێتی بۆکسێنی نێودەوڵەتی لە هەولێری پایتەختی کوردستان لە کۆتایی ئەم مانگە بەرێوە دەبرێت، وا بڕیارە یاریزانانی کوردستان و وڵاتانی عێراق و ئێران و تورکیا و جۆرجیا و سووریا بەشداری لەم پاڵەوانێتیە پرۆفشناڵەدا بەشداری بکەن، لەم بارەشەوە ئەندازیار (بورهان سابیر) سکرتێری یانەی وەرزشی زانکۆی جیهان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامانجی ئێمە زیاتر نزیککردنەوەی یاریزانانی نێوان وڵاتانەکانە لە شاری هەولێری پایتەختی کوردستان و خزمەتکردنی زیاتری ئەم یارییە و بەیەکەوە کۆبوونەوەی یاریزانان، بۆ ئەوەی بتوانن زانیاریی وەرزشی لە سەر ئەم یارییە لە نێوانیان ئاڵوگۆڕ بکرێت، بڕیاریشە لە ٣٠ی ئەم مانگە لە هۆڵی داخراوی یانەی وەرزشیی زانکۆی جیهان یارییەکان بەڕێوە بچێت و ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام دەبێت»، لە بارەی بەشداریی یاریزانانیش ئەندازیار بورهان گوتی: «زیاتر لە ٢٤یاریزانانی شەش وڵات ڕکابەری دەکەن لەسەر بەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوەی پاڵەوانێتییەکە، ئامادەکاریی زۆرمان کردووە بۆ ئەوەی بتوانین بە جوانترین شێوە پێشوازی لەم پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییە بکەین و بتوانین هەماهەنگیی زیاتر لە بواری وەرزشدا لەگەڵ سەرجەم فراکسیۆنە وەرزشییەکانی وڵاتان دروست بکەین، ئامانجی ئێمە خزمەتکردنی زیاتری بواری وەرزشە بە هەموو جۆرەکانییەوە، بەرنامەی دیکەشمان دەبێت بۆ وەرزش لە یانەی زانکۆی جیهان، بۆ ئەوەی بتوانین چەندین چالاکیی وەرزشیی جۆراوجۆر ئەنجام بدەین و خزمەتی وەرزش بکەین لە شاری هەولێر.





# زیپکە لە کاتی سووڕی مانگانە

هەڵبەزین و دابەزینی ئاستی هۆرمۆنەکانی ئیسترۆجین و پرۆجێستیرۆن بە درێژایی ڕۆژەکانی دەوری دەستپێکی سووڕی مانگانەی ئافرەت، لەگەڵ هۆرمۆنی تێستۆستیرۆن کە بە ڕێژەیەکی کەم لە لەشی ئافرەتدا هەیە، هاندەرن بۆ زیاد دەردانی چەوریی پێست، کە هۆکارە بۆ داخستنی کونەکانی پێست و سەرهەڵدانی زیپکە کە بە زیپکەی هۆرمۆنی Hormonal acne ناسراوە بە شێوەی کیسی بەئازار یان نیمچە گرێی قووڵ، کە ئازاری توندتریان هەیە بەراورد بە زیپکەی ئاسایی.

زۆربەی ئافرەتان تووشی زیپکەی هۆرمۆنی دەبنەوە کە زیاتر لە بەشی خوارەوەی دەموچاودا بەدی دەکرێن، واتە ڕوومەت، هێڵی شەویلاك و چەناگە، دەوری دەم، مل، هەروەها شان و پشت. ئایا زیپکەی هۆرمۆنی تا چەند بەردەوام دەبێت؟ سووڕی مانگانە لە ئافرەتێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازی هەیە، بۆیە کاتی سەرهەڵدان و کاتی چاکبوونەوەی زیپکەکاندا جیاوازیی هەیە، بۆنموونە لەوانەیە کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ تا چەند هەفتەیەك بمێننەوە، واتە بەشێوەی جیاواز تووشی ئافرەتان دەبێت.

هەنگاوەکانی خۆپاراستن و چارەسەرکردن: کەمکردنەوەی ئاستی سترێس، خەوی دروست، خۆراکی هاوسەنگ و جۆراوجۆر، بەکارهێنانی کەمادەی گەرم یان سارد، دوورکەوتنەوە لە فشاردان و گوشین و دەستکاریکردنی زیپکەکان، هەروەها بەکارهێنانی ئەو ئاوێتانەی دەموچاو کە ترشی سالیسیلیك Salicylic acid لەخۆ دەگرن.

# هۆکارە هاندەرەکانی تووشبوون به شێرپەنجەی مەمک لە ئافرەتدا

شـێرپەنجەی مەمـك Breast cancer كاتێـك ڕوو دەدات كـە خانەكانی مەمـك بـە شـێوەیەكی نـا ئاسـیی دابـەش دەبـن و گەشـە دەكـەن و گـرێ پێـك دەهێنـن، لەوانەشـە كـە خانـە شـێرپەنجەییەكان بـۆ شـوێنەكانی دیكـەی لـەش بـڵاو ببنـەوە. شێرپەنجەی مەمك زیاتر لـە كەناڵەكانی دروستكردنی شیردا سەر هەڵدەدات. هـۆكارە هاندەرەكانی تووشـبوون: بەتەمەنداچـوون بۆنموونـە لـە تەمەنـی ٤٠ سـاڵی بەسـەرەوەدا ئەگـەری شـێرپەنجەی مەمـك بـەرز دەبێتـەوە، بۆماوەیـی یـان مێـژووی خێزانـی Family history بـۆ تووشـبوون بـە شـێرپەنجەی مەمـك، بەركەوتنـی ناوچـەی سـینگ بـە تیشـك لـە ئەنجامـی چارەسـەری تیشـكی Radiotherapy لـە تەمەنـی منداڵـی یـان نەوجەوانیـدا، ئەلكهـول، دواكەوتنـی كاتـی وەسـتانی یەكجارەكیـی سووڕی مانگانـە بـۆ پـاش تەمەنـی ٥٥ سـاڵی، دەسـتپێكی یەكـەم سووڕی مانگانـە لـە تەمەنـی بچووكتـر لـە ١٢ سـاڵ، منداڵبـوون بـۆ یەكـەم جـار پـاش تەمەنـی ٣٠ سـاڵی، كێشـی زیـاد و قەڵـەوی، بەكارهێنانـی هۆرمۆنـی جێگـرەوە HRT لـە تەمەنـی وەسـتانی یەكجارەكیـی سـووڕی مانگانـەدا، هەروەهـا دووگیـان نەبـوون، واتـە ئافـرەت كـە تەنانـەت بـۆ یەكجاریـش لـە ژیانیـدا دووگیـان نەبووبێـت.

# بەهای خۆراکیی هەنجیر

هەنجیـر Figs دەوڵەمەنـدە بـە ڕیشـاڵ، مـاددەی دژەئۆكسـان، ڤیتامینەكانـی K، B6، B2، B1، لەگـەڵ كانزاكانـی كۆپـەر، كالسـیۆم، مەگنسـیۆم، ئاسـن، پۆتاسـیۆم، زینـك. هەنجیـری فرێـش ڕێژەیەكـی كەمـی شـەكر لەخـۆ دەگرێـت بـە ڕێـژەی ١٦ گـرام شـەكر لـە هەر ١٠٠ گرام هەنجیردا، بەڵام هەنجیری وشك بڕێكی زیاتری شـەكر لەخۆ دەگرێت بە ڕێژەی ٤٨ گرام شـەكر لـە هـەر ١٠٠ گـرام هەنجیـری وشـكدا. بەگشـتی بەهـای خۆراكیـی هەنجیـری سـوور و ڕەش لـە بەهـای خۆراكیـی هەنجیـری كاڵدا زیاترە، بـەوەی كـە ڕێژەیەكـی بەرزتـر لـە مـاددە دژەئۆكسـانەكان لەخۆ دەگرن لەگـەڵ ڕێـژەی بەرزتـری كانزاكانـی مەگنسـیۆم، كالسـیۆم، فۆسفۆر،پۆتاسـیۆم. سـوودە تەندروسـتییەكانی هەنجیـر: باشـتركردنی تەندروسـتیی كۆئەندامـی هـەرس بەتایبەتـی خۆپاراسـتن لـە قەبـزی و هاندانـی گەشـەی بەكتریـای سـوودبەخش لـە ڕیخۆڵـەدا، ڕێكخسـتنی پەسـتانی خوێـن و كۆنترۆڵكردنـی ئاسـتی چەورییەكانـی خوێـن كـە هانـدەرن بـۆ پاراسـتنی تەندروسـتی دڵ و بۆرییەكانی خوێن، ڕێكخسـتنی ئاسـتی شـەكری خوێن بـە مەرجێك بـە بـڕی كـەم بخورێـت، خۆپاراسـتن لـە ئەگـەری توشـبوون بـە چەنـد جۆرێكـی شـێرپەنجە، بەتایبەتـی شـێرپەنجەی جگـەر و كۆڵـۆن و شـێرپەنجەی مەمـك لـە ئافرەتـدا، هەروەهـا پاراسـتنی تەندروسـتیی پێسـت.



# شەکری میوە هاندەرە بۆ قەڵەوی

شەکری فرکتۆز Fructose چیژێکی زۆر شیرینی هەیە، بە ڕێژەی جیاواز لە گەلێك میوەدا هەیە، هەروەها لە هەنگوین، شەکری مێز کە لە شەکرەکانی فرکتۆز و گلوکۆز پێك هاتووە، لەگەڵ چەند جۆرێکی سەوزەدا. فرکتۆز هاندەرە بۆ زیاتر خواردن، هەروەها ئاستی سووتاندنی وزە لەکاتی حەسانەوەدا کەم دەکاتەوە. لە ئەنجامەکانی نوێترین لێکۆڵینەوە لە کۆلێژی پزیشکیی زانکۆی کۆلۆرادۆ هاتووە کە فرکتۆز کە بە شەکری سرووشتیی میوە Fruit sugar ناسراوە، ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی لە سەرتاسەری جیهاندا. لە لێکۆڵینەوەکەدا ئاماژە بەمەش کراوە کە زیاد خواردنی میوەی شیرین کە ڕێژەی بەرزی فرکتۆز لەخۆ دەگرن، جگە لە زیادبوونی کێشی لەش، هاندەرە بۆ زیادبوونی ئەگەری پەیدابوونی بەرگریی خانەکانی لەش دژ بە هۆرمۆنی ئینسولین و زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم، گرفتی هۆرمۆنی، کزکردنی فرمانە (مەعریفییەکانی) مێشك، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، هەروەها زیادبوونی ڕێژەی چەوریی جگەر Fatty liver.

ئەو جۆرانەی میوە کە ڕێژەیەکی بەرزی فرکتۆز لەخۆدەگرن بریتین لە: ترێ، سێو، شووتی، مۆز، گێلاس، مانگۆ، هەرمێ، کاڵەك، مۆز، ئاڤۆکادۆ، ئەناناس، پرتەقال، لەگەڵ لالەنگی.





# نیشانە سەرەتاییەکانی شیزۆفرینیا

شیزۆفرینیا یان سکایزۆفرینیا Schizophrenia نەخۆشییەکی دەروونیی سەختە و بریتییە لە دابڕانی تەواو لە (واقیع) Reality. گۆڕانی نائاسی لە ژیاندا لەگەڵ تەواوکردنی قۆناغی نەوجەوانی و چوونە ناو تەمەنی پێگەیشتن، لەوانەیە کە سەرەتا بێت بۆ سەرهەڵدانی نیشانە زووەکانی شیزۆفرینیا. بەگشتی، سرووشتی تەندروستیی دەروونی هەر کەسێك لە تەمەنی بیستەکاندا دەردەکەوێت. نیشانە زووەکانی شیزۆفرینیا لە کوڕدا لە تەمەنێکی زووتر لە کچی تووشبوو دەردەکەون. نیشانەکان سەرەتا بە هێمنی و سووکی دەست پێدەکەن، پاشان بەرە بەرە لە ماوەی چەند مانگێك تا چەند ساڵێك توندتر دەبن. نیشانە سەرەتا و وریاکەرەوەکانی شیزۆفرینیا بریتین لە: گۆڕان لە شێوەی بیرکردنەوەدا، گۆڕانی ڕەفتار و پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا، کاردانەوەی توند بەرانبەر ڕەخنەگرتن، هەڵبەزین و دابەزینی مەزاج، زوو تووڕەبوون، ترس و گومان لە دەوروبەر، خەمۆکی، فەرامۆشکردنی پاکوخاوێنیی کەسی، کزبوون و پچڕانی کتوپڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ خێزان و کەسانی دیکەدا هاوکات لەگەڵ دوورکەوتنەوە لە گفتوگۆ و پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان، خۆجیاکردنەوە و سەرقاڵبوون بە جیهانێکی تایبەت، کەمبوونەوەی تەرکیز و کارامەیی لە کارەکاندا، نەمانی پاڵنەر بۆ هیچ شتێك، فەرامۆشکردنی بەرپرساریەتی بەرانبەر بە ماڵ و خوێندن و پیشە، بیرکردنەوەکان زیاتر لە واقیع دووردەکەونەوە، لەگەڵ هێنانەوەی بیانوی نالۆجیك لەکاتی پابەند نەبوون بە کارەکان.




# هەنگاوەکانی هاندانی چاکبوونەوەی شکانی ئێسک



بۆ تاودانی زوو چاکبوونەوەی شکانی ئێسك Fracture، پێویستە کە ئەم هەنگاوانە پەیڕەو بکرێن:

- خۆراکی هاوسەنگ و جۆراوجۆر کە بڕێکی باشی پرۆتین لەخۆبگرێت، واتە بڕی ڕۆژانە کەمتر نەبێت لە ١,٥-١ گرام بۆ هەر کیلۆگرامێك کێشی لەش، بۆنموونە سینگی مریشك و شیرەمەنی و پاقلەمەنی، لەگەڵ سەوزە و میوەی ڕەنگاوڕەنگ کە بڕی پێویست لە مادده دژەئۆکسانەکان و ئەم کانزا و ڤیتامینانە لەخۆبگرن: کانزاکانی کالسیۆم، مەگنسیۆم، بۆرۆن، کۆپەر، مەنگەنیز، سیلیکۆن، نیکل، سیلینیۆم، سترۆنیۆم، فۆسفۆر، پۆتاسیۆم، زینك، لەگەڵ ڤیتامینەکانی K2، D، E، C، هەروەها بەکارهێنانی یاریدەدەری خۆراکیی وەکو کەپسولی ڤیتامین و کانزا بە چاودێریی دکتۆر.
- مەشقی وەرزشی بە ڕێنمایی دکتۆر.
- دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی دەرمانی بروفین و ئەسپرین کە چاکبوونەوەی ئێسکی شکاو دوا دەخەن، هەروەها دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان و خواردنەوە ئەلکهولییەکان.
- پابەندبوون بە چارەسەری پزیشکی، لەگەڵ کەمکردنەوەی: خوێ، خواردنەوەی شلەمەنییە شیرینکراوەکان و شلەمەنییە کافائینییەکانی وەکو قاوە و چای، لەگەڵ کۆلا و شلەمەنییە گازدارەکانی دیکە.




# گشت شاشەیەک بکە بە وایت بۆردی دیجیتالی

ساڵیانی ساڵ لەبەری وایت بۆرد (تەختەی سپی) بلاك بۆرد (تەختە رەشە) لە قوتابخانە و فێرگە و زانكۆكاندا دەبینرا. بەدوای پێشكەوتنی تەكنەلۆژیای دیجیتالی، وایت بۆردی زیرەك شوێنی وایت بۆردی ئاسایی گرتەوە.

وایت بۆردی زیرەك بریتییە لە شاشەیەكی مەزن كە بەكارهێنەر بەهۆی قەڵەمێكی زیرەك لەسەری دەنووسێ و زانیارییەكان بە ئاسانی پاك دەبنەوە راستەوخۆ زانیاری نوێ سەبارەت بە ڕونكردنەوەی بابەتەكە لە ئینتەرنێتەوە وەردەگیرین و لەسەر شاشەكە دەبیندرێن.

ئامێری GoTouch هەموو شاشەیەك دەكات بە وایت بۆردی زیرەك، وەك: تەلەڤزیۆن، كۆمپیوتەر، تەبلێت بەگشتی هەرچی شاشە بێت بەهۆی ئەو ئامێرەوە دەكرێت بە وایت بۆردی زیرەك.

ئامێری ناوبراو كێشی كەمە و بچووكە لە تەبلێت یا تیڤی یا كۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێ و بەهۆی قەڵەمێكی تایبەتەوە بەكارهێنەر دەتوانێ لەسەر ئەو شاشانە بنووسێ و خەزنیش بكات. ئامێری ناوبراو بۆ ناو پۆلەكانی فێركردن، كۆنفرانسی ڤیدیۆی... تاد سوودی لێوەردەگیرێت.

# مێزێكی تایبەتی كۆمپیوتەر بە دیزاینێكی ناوازە



مێزەكانی گەیمی كۆمپیوتەر زۆر جیاوازن لە مێزێكی ئاسایی دیسكتۆپ، بۆ نموونە مێزی جۆری Orb X كە هی كۆمپانیای Cooler masterە لە ڕیزی مێزە تایبەتەكان دێت. مێزەكە بۆ فێنك كردنەوەی كۆمپیوتەرە دیسكتۆپە گەورەكان شێوازی تایبەتی خۆی هەیە. مێزەكە لە كورسییەكی جڵدی سروشتی دروستكراوە و دادێتەوە. پشت و سەر و ژێر پێی هەموویان بە ویستی بەكارهێنەر ڕێكدەخرێن. بەكارهێنەر دەتوانێت لەكاتی درێژ بوون یا دانیشتن یاری بكات.

كاتێك بەكارهێنەر بە ڕێكی دادەنیشێ، سەرەوەی مێزەكە كە زۆرتر وەك ئامێرێكی بۆشایی ئاسمان دەچێت دێتە پێشەوە تا شاشەكە نزیك چاوی بەكارهێنەرەكە دەكاتەوە. مێزی ناوبراو دەتوانێت مۆنیتۆرێكی قەوارە ٣٤ ئینجی یا سێ مۆنیتۆری چەماوەی ٢٧ ئینجی یا هەر شاشەیەكی دیكە كە كێشی لە ١٩ كیلۆ تێنەپەڕێ ڕابگرێ. لەسەرەوەی دوو بڵندگۆی لەسەرە. بەشی فێنك كەرەوەی هەیە تا كورسیەكە هەمیشە بە فێنكی بمێنێتەوە.



# خێراترین ڕاوتەر لەجیهاندا

ژمارە پێوانەییەکان لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا زۆر بە جێگیری نامێننەوە، ئەوەی ئەمڕۆ لە ڕیزی ئامێرێکی پێشکەوتوو دێت، ساڵی داهاتوو دەبێتە ئەرشیف و مێژوو. چەند ساڵ لەمەوبەر خێراترین ڕاوتەری بڵاوکردنەوەی ئینتەرنێت خێراییەکەی لە ٨ گیگا تێپەڕی نەدەکرد، بەڵام کۆمپانیای شیائومی ڕاوتەری ١٠ گیگابایتی بەرهەم هێناوە.

ڕاوتەری خێرای شیائومی سێ کەناڵی بێ وایەری (٢,٤، ٥,٢, ٥,٨) گیگا هێرتزیە. کەناڵی ٢,٤ گیگاهێرتزی لە حاڵەتی نۆرماڵیدا خێراییەکەی دەگاتە ١٣٧٦ میگابایت لە چرکەیەکدا. کەناڵەکانی دیکە دەگەنە ٥٧٦٤ میگابایت لە چرکەیەکدا.

بەهۆیەوە دەکرێت ئاست بەرزترین فیلمە 4Kیەکان سەیر بکرێن.

سێ دوگمەی هەیە لەگەڵ ٩ گلۆپی LED. هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی لە ڕاوتەرێکی پێشکەوتوودا هەن لەو ڕاوتەرەدا هەن جگە لەو خێراییە زۆرە.



# ئامێرێک بۆ چاودێری تەندروستی

لەو کاتەوە تەکنەلۆژیای دیجیتالی پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە دی، ئامێرەکانی تایبەت بە تەندروستی و لەشساغی مرۆڤ کاراتر و وردبیناتەتر بەرهەم هاتن. ئێستا گەلێك ئامێر هەن هاوکاری نەخۆش و پزیشکان دەکەن و هەر لە ماڵەوە دەکرێت زۆر پشکنینەکانی پزیشکی پێ ئەنجام بدەی. ئامێری OHealth یەکێك لەو ئامێرانەیە. ئەم ئامێرە لەلایەن کۆمپانیای ئۆپۆوە بەرهەمهاتووە. کارو ئەرکەکانی ئامێرەکە زۆر گرنگن وەك، پێوانەی ڕێژەی ئۆکسیجینی خوێن، لێدانی دڵ و گەرمی لەش، ئەنجامدانی هێڵکاری دڵ، گوێگرتن لە لێدانی دڵ و کارکردی سییەکان و چاودێری خەو... هەندێك ئەرکی گرنگی دیکەش.

کێشی ئامێرەکە بچووکە تەنیا ٩٥ گرامە و وەك هێلکەیەك دەچێت. داتا بەدەستهاتووەکان کۆدەکاتەوە و بۆ پزیشك یا نەخۆشخانیە تایبەتی بەرێ دەکات.



# ڕکابەرێکی جیدی بۆ مۆبای

کۆمپانیای oppo کە یەکێکە لە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی مۆبایل، ساڵی ڕابردوو یەکەم مۆبایلی چەماوەی خۆی خستە بازاڕ، مۆبایلەکە سەرنج ڕاکێش بوو، بەڵام چونکە بارستایی زۆر بوو لەگەڵ کێشی زۆر، ئەمەش وای کرد زۆر جێگای بایەخ پێدان نەبێت.

ئەمساڵ جارێکی دیکە کۆمپانیای ناوبراو مۆبایلێکی نوێی بەرهەم هێنا کە بە جۆری Oppo Find N2 ناسراوە دیزاینێکی ناوازە و سەرنجڕاکێشی هەیە و ڕکابەرێکی جیدییە بۆ مۆبایل گەلەکسی زێد فلیپی سامسۆنگ.

مۆبایلی ناوبراو لەکاتی داخرانی دا بارستاییەکەی ١٤,٦ ملمە. و کاتێکیش دەکرێتەوە بارستاییەکەی دەگاتە ٧,٤ ملم. کێشی تەنیا ٢٣٣ گرامە، کێشی کەمترە لە ئایفۆن ١٤.

دوو ڕەنگی هەیە ڕەش و سپی. بەشی لاولاوەکەی واتە ئەو بەشەی کە دەچەمێتەوە لە ١٠٠ پارچە پێکهاتووە وا دەکات مەودای نێوان بەشە چەماوەکان هەست پێنەکرێت. دوو شاشەی هەیە، شاشەی دەرەوەی ٥,٥٤



# چاویلکەی واقیعی مەجازی بۆخۆی سینەمایەکی گەورەیە

دەیەیەك لەمەوبەر بە زەین و خەیاڵی کەسدا نەدەهات کە سینەمایەکی گەورە لە جامی چاویلکەیەکدا کۆبکرێتەوە.

چاویلکەی جۆری TCL RayNeo X2 هەمان ئەو سینەما بچووکەیە لە جامی چاویلکەدا. TCL ئەم بەرهەمە نوێیەی خۆی لە پێشانگای ساڵانەی CESدا خستەڕوو. تەنکۆڵەی چاویلکەکە لە جۆری Snapdragon XR2ە. ڕامەگەی ٦ گیگابایتە و داتاگەکەی ١٢٨ گیگابایتە. لە بواری دیزاینەوە هەروەك چاویلکەیەکی ئاسایی دەچێت. هەردوو شاشەکەی لە جۆری microLED تەواو ڕەنگین بە کوالیتی ڕووناکی ١٠٠٠ نێت. چاولکەکە کامێرایەکی ١٦ گیگابایتی لەسەرە کە دەتوانێت بە کوالیتی فوول ئیچ دی ڤیدیۆ تۆمار بکات.

دوو بڵندگۆی بچووکی هەیە، هەستەوەری ناوخۆی وەکو ژیروسکوپ، ئاراستە نوێن، زەخت و بەرزایی هەیە. بەشێك لە ئەرکەکانی چاویلکەکە ئەوانەن: پەیوەندی بە هاوکارە دیجیتالییەکان، وەك، گوگل ئاسیسێنت و سێری و ئەلکیسا، نیشاندان نەخشە لەسەر شاخە، وەرگێڕان زمان و چەندین تایبەتمەندی دیکە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

ئازیزێك دەپرسێت، دەکرێت Apple IDی خۆم لە مۆبایلێکی دیکەشدا بکەمەوە؟

بەڵێ بەڕێز دەکرێت Apple IDی خۆت بکەیەوە، بەڵام ئەگەر بێتو ئەو مۆبایلەی کە نیازت هەیە ئەپڵ ئایدی لێ بکەیەوە هی خۆت نەبێ، بۆ نموونە هی هاوڕێکەت بێ، ئەوە لەوکاتەدا ئەو دەتوانی سەیری وێنە و فیلم و داتا کەسییەکانی ئەو بکەی، پێچەوانەش ئەویش هەر دەتوانی، ئەپڵ ئایدی ڕێك وەك ئەوە وایە لە یەك مۆبایل سوود وەربگرن. ڕەنگە پرسیار بێتە پێش کە چەند apple IDمان هەبێ؟ ئەگەر ئامێرەکانی وەك ئایپاد، ئای ماك و ئایفۆن هی خۆت بن، دەکرێ بۆ گشت ئەو ئامێرانە تەنیا یەك ئاپڵ ئایدیت هەبێت. بۆیە ئەپڵ ئایدیەکەت هاوبەش بکەی.



## ــــــــــــــــــــله چەماوەکەی سامسۆنگ

ئینجە و شاشەی ناوەوەی ٧ ئینجە. کامێراکەی ٥٠ میگاپیکسلە. سیستەمی دژە لەرزینی هەیە. سیستەمی شەحنکردنەوەی خێرای هەیە لە ماوەی تەنیا دە خولەك ٣٧٪ شەحن دەبێتەوە و بە ٤٢ خولەك بەتەواوی شەحن دەبێتەوە. لە بواری سەختە ئامرازەوە سێ جۆری هەیە: ١٢ گیگابایت ڕام ٢٥٦ میمۆری و ١٦ گیگابایت ڕام و ٢٥٦ گیگابایت میمۆری و هەروەها ١٦ گیگابایت ڕام و ٥١٢ میمۆری و لە بواری نەرمە ئامرازەوە سیستەمی بەگەڕخەری ئەندرۆید ١٣ی لەسەرە.






## ماڵپەڕێک بۆ دروستکردنی ماڵپەڕ

ئەگەر حەز دەکەی ماڵپەڕی تایبەت بەخۆت هەبێ و هیچ شارەزاییەکی ئەوتۆت لە دروستکردنی ماڵپەڕدا نییە. لەکاتێکی وادا پێویستە سوود لە ماڵپەڕی Hocoos.com وەربگری کە تایبەتە بە دروستکردنی ماڵپەڕ. ماڵپەڕی ناوبراو بە سوود وەرگرتن لە زیرەکی دەستکرد دەتوانێ ماڵپەڕێکی تایبەت بەکار و پیشەی خۆتان بۆ دروست بکا، ئێوە دەتوانی بە ویستی خۆتان فۆنت و ڕەنگ و چوارچێوەکەی دیاری بکەی و ماڵپەڕەکە بەپێی ئەو داتا و زانیارییانەتان ماڵپەڕێکی جوانتان بۆ دروست دەکا. لەو ماڵپەڕەدا هیچ پێویستت بە زانیاری کۆد نووسی نییە. لە ماڵپەڕەکەدا دیزاینی ئامادەکراو هەیە و دەتوانی بە ویستی خۆت گۆڕانکاری لەو دیزاینانەدا بکەی.

## کۆنترۆڵی کۆمپیوتەر لە ڕێگای دوورەوە

گەلێك جاران پێویست دەکات کۆمپیوتەرەکەت لە ڕێگای دوورەوە بکەیەوە، یان کەسێکی دیکە بتوانێت دەستی لە ڕێگای دوورەوە دەستی بە کۆمپیوتەرەکەت رابگا. بەتایبەتی ئەو کەسانەی شارەزای بواری چاککردنەوەی کۆمپیوتەرن. بۆ نموونە لە کۆمپیوتەرەکەتدا گرفتێك هەیە، بەڵام نازانی چارەی بکەی، دەکرێت وا بکەی شارەزاکە لە دوورەوە کۆمپیوتەرەکەت کۆنترۆڵ بکا، ئەویش بە سوود وەرگرتن لە پرۆگرامی AnyDesk، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانی لەو سەری دونیاوە کۆنترۆی کۆمپیوتەرەکەت بکەی. خێرایی پرۆگرامەکە زۆر باشە. لە باری سیکۆرێتی و ئەمنییەتەوە پرۆگرامەکە زۆر بەهێزە. بەکارهێنانی زۆر ئاسانە و پێویستی بە شارەزاییەکی ئەوتۆ نییە. بۆ بەکارهێنانی پرۆگرامی ناوبراو پێویست ناکات ئینتەرنێتکی زۆر خێرات هەبێت.





# کراسێکی ناسک و شاکارێک بۆ ڕۆژی نیشان و مارەبڕین هەڵبژێرە



کراسی ماربڕین و نیشانکردن یەکێکە لەو جلانەی کە بە ئەستەم و نیگەرانییەوە لەلایەن کچانەوە هەڵدەبژێدرین، چونکە لەو سەر و بەندەدا دوودڵ دەبن لە هەڵبژاردنی کەرەستە و شێوازی ماکیاژ و جلەکانیان، پسپۆران لە براندەکانی جیهان لە پێشبڕکێدان بۆ بەدەستهێنانی جوانترین کراسەکانی ڕۆژی مارەبڕین، لەوانە: زوهێر موراد، ئێللی سەعب، زیاد ناکید، فیندی و میدی و داستی ڕۆس، هەموو ئەوانە لەسەر شێوازەکانی جلی مارەیی ناکۆکن، بەڵام شێوە ستانداردەکەیان پاراستووە و تەنیا گۆڕانکاریی خۆیان تیایدا دەکەن. دوا مۆدەکانی ئەو جلە بریتییە لە: جلی نەرم، کە لەسەر کەمەرەوە گەورە و کراوە ببێتەوە بە دوگمە و، بەشی پێشەوەی بە مووروو و مەرجان و ئێکسسوارەکان بڕازێنرێتەوە، هەروەها لە قوماشی نەرم بێت و ئەگەر بە دەست ئامادەکرابێت زیاتر ناوازەتر دەبێت. هەڵبژاردنی شێوەی قەبارەی کراسەکان بەپێی خواستی کەسەکانە، هەندێك حەز بە کراسی بەدی و تەسك دەکەن، هەندێکی دیکەش بە کراسی کراوە و فراوانیان گرتووە، لەبارەی ڕەنگەکەوە دیزاینەران بەشدار نابن لەو هەڵبژاردنە، بەڵکو بۆ خواست و حەزی خانمانیان هێشتووەتەوە، کە چ ڕەنگێك بۆ کراسەکەیان لە ڕۆژی مارەیی هەڵدەبژێرن.







# زاڵبوون بەسەر قەرەباڵغیی کەرەستەکانی دیکۆری ماڵدا

هەندێ جار هەست دەکەیت کە دیکۆری ماڵەکەت قەرباڵغە و کردنەوەی بۆشایی نێوان کەرەستە و دیکۆرەکەت پێویستە، ڕەنگە لەلایەن خۆتەوە ئەو کارە ئەستەم بێت، بەڵام پسپۆرانی دیکۆر چەندین ڕێنمایی بۆ ئەو مەبەستە دەدەن، دەتوانی سوودیان لێ وەربگریت: سەرەتا لە کەرەستە گەورەکان دەست پێبکە، بە تایبەت ئەوانەی نێوانیان هەیە، باشترە نێوانەکانیان پڕ نەبێتەوە، چونکە پڕکردنەوەیان دیکۆرێکی قەرەباڵغت بۆ دروست دەکات، کەرەستە کۆنەکان کە پێت وایە بە نرخن، باشترە شوێنی گرنگ نەگرێت، بەڵکو لە ژووری و شوێنی هەڵگرتنیان دابنێت، کاتێك کەرەستەیەکی تازە دەکڕێت، هەوڵ بدە کەرەستە کۆنەکە بفرۆشیتەوە یان پێشکەشی کەسێکی دیکەی بکەیت، ئەو جلانەی بەکاریان ناهێنیت، چاکترە فرێیان بدەیت، سەیری دیکۆری ماڵەکەت بکە، گەر زانیت کەرەستەیەك زیانی لە دیکۆرەکەت دەدات لەو شوێنەی لابدە. هەندێ کەرەستەی بەکارهێنانی درێژخایەن هەن، وەك مایکرۆ، ئوتوو، کیسگی کارەبا، کەرەستەکانی پاککردنەوە، نابێت بەردەوام لەبەر چاوان بن، بەڵکو شوێنی دیکەیان بۆ بکەوە و لە کاتی کارکردن بەکاریان بهێنە.



# پارێزگاری لە نەرمونیانیی پێستی دەست و قاچ بکە

لە وەرزی هاویندا چەندین گرفتی جۆراوجۆر بۆ پێستی ڕوخسار و سەر دەست و ژێر پێی خانمان دەردەکەون، ئەوەش بەهۆی خەریکبوونیان بە کاروباری ماڵ و پاککردنەوە و شووشتنەوە، کە هەندێ جار پێستیان لە ناکاوێك لە کەشێکی گەرمەوە بۆ سارد یان بە پێچەوانەوە تووشی چەندین کێشە و گرفتی پێست دەبنەوە، وەك قلێشان و شەقبوونی پێستی دەست و قاچ، کاتێك بەم حاڵەتە دەگەیت، هەست بە ناشیرینی و شێواویی دەست و قاچت دەکەیت، بەمەش نەرمونیانییان لە دەست دەدەیت، هۆکارەکانی گەیشتن بەو ئاستە زۆرن، لەوانە: لەپێکردنی سەندڵ و پێڵاوی کراوە کە تووشی پلەی گەرمی و هەوا و تیشکی خۆر دەبیت، یان لە کاتی تەڕکردن و شووشتنی ماڵ و خۆشووشتندا، مانەوە لە کەشی گەرما، کە وا لە پێست دەکات وشکیی پێوە دیار بێت و پاشانیش شەق بوون ڕوو بدات، هەروەها مانەوەی زۆر و وەستان کار دەکاتە سەر شێواندنی قاچەکانت، سەبارەت بە دەستەکانیش، بەکارهێنانی ماددەکانی پاککەرەوە و بەرکەوتنی بە کەرەستەکانی خواردن دروستکردن وەك ڕۆن، ئاوی لیمۆ و چەندانی دیکە، بەمەش کاریگەری لەسەر نەرمونیانیی پێستی دەست دەبێت.









# جێریکان کەرەستەی بچووکی سووتەمەنی هەڵگرتن

جێریکان بە Jerrycan، کە بە جلیکان ناو دەبرێت، لە هەندێك زمانی دیکەدا پێی دەڵێن (بیدۆن)، جێریکان کۆنتەینەرێکی کانزاییە (ستیل) بەکاردێت بۆ هەڵگرتن و گواستنەوەی شلە سووتەمەنییەکان، کە توانای هەڵگرتنی ٢٠ لیتری هەیە، جێریکان لە ساڵی ١٩٣٠ لە ئەڵمانیا دیزاین کراوە بۆ بواری سەربازی، بۆ هەڵگرتن و گواستنەوەی سووتەمەنی. لە مرۆدا گەشە بە دیزاینەکەی دراوە و کە هەندێك جار لە پلاستیك دروست دەکرێن و بۆ هەڵگرتنی ئاو و سووتەمەنی بەکار دێن، جێریکان بە چەند ڕەنگێك بەرهەم دەهێنرێت، ئەویش بۆ جیاکردنەوەی ئاو و شلە سووتەمەنییەکانە لە یەکتری، بە تایبەتی لە کاتی هەڵگرتنی چەند سووتەمەنییەکی جیاواز لە یەك.

# ناشتنی زبڵ و خاشاك بۆ ژینگەیەکی تەندرووست

گرنگیدان بە ژینگە و پاکڕاگرتنی هەوا و ڕێژەی ئۆکسجین و ڕێگرتن لە پاشماوەکان، ڕۆژانە زیاتر لە ٢٥ تەن زبڵ و خاشاك دەبردرێتە شوێنێکی دیاریکراو لەسەر ڕێگەی موسڵ- کانی قرژاڵە، زۆربوونی زبڵ و خاشاك وای کردووە کە ژینگەیەکی نا تەندرووست بەرپا بکات، بۆیە هەنگاوەکانی ڕێگری لە پیسبوونی ژینگە وەك ئەرکێکی سەرەکیی دەستی پێکردووە، گرنگترینیان لێدانی بیرە نێو زبڵ و پاشماوەکانی زبڵخانەی کانی قرژاڵە، بە ئامانجی دەرچوونی گازی میپانی قەتیسماو لە نێو زبڵ و پاشماوەکانی زبڵخانەی کانی قرژاڵە کە شەش بیر ئامادە دەکرێت، شارەوانی لە هەنگاوەکانی خزمەتگوزاری و ڕەخساندنی ژینگەیەکی تەندروست بەردەوامە و چەندین پلانی نوێی دیکە دەخاتە بەرنامەی کارەوە، بەمەبەستی گرنگیدانی زیاتر بە زبڵخانەی کانی قرژاڵە، هەروەها پاراستنی ژینگەی ناوچەکە و کەمکردنەوەی بۆنی نەخوزراو و دووکەڵ و ئاگر لە نێو زبڵ و پاشماوەکاندا. بۆ ئەو مەبەستەش بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری و ژینگەپارێزی هەولێر هەڵسان بە لێدانی شەش بیر بە ئامانجی دەرچوونی گازی میپانی قەتیسماو لە ناو زبڵ و پاشماوەکان، هاوکات لە داهاتووشدا چەندین پلانی دیکەی ژینگەیی بۆ زبڵخانەی ناوبراو لەلایەن سەرۆکایەتی شارەوانییەکان دەخرێنە بواری جێ بەجێکردنەوە.










# بەهێزترین پاککەرەوەی بایۆلۆجیی زیندوو

گەدەیەك کە میکرۆب کاریگەریی لەسەر نییە، توانای وردکردنی ئێسکەکانی هەیە، بوونەوەرێك کە ئامادەیە بە بێبەزەییانە تەرمی مرۆڤ بخوات، هەڵۆگەلێك کە دوای خواردنی گۆشتی گەنیو نەخۆش دەکەون و هیچ زیانێکیان پێ ناگات، تەنانەت ئەگەر تەرمی ئاژەڵێکی تووشبووی نەخۆشیش بێت، ئەم هەڵۆیانە بریتین لە بەکاربەری زبڵ و گۆشتی گەنیو، واتە لە پاشماوەی گەنیوی ئاژەڵەکان دەخوات، ئەم جۆرە باڵندەیە پێی دەوترێت کۆکەرەوە یان پاککەرەوە، چونکە بەشدارە لە پاککردنەوەی ژینگە. کۆئەندامی هەرسکردنی هەڵۆکان دوو کەرەستە بەکار دەهێنن، یەکەمیان بریتییە لە pH ی ترشی هەرس کە یارمەتی هاڕین و شیبوونەوە دەدات، تەنانەت ئەگەر گۆشتێك بخۆن کە ئاسنی تێدا بێت، ئاسنەکە شی دەبێتەوە، بەڵام ژەهراویبوونی ئاسن مەترسی بۆ باڵندەکان هەیە و گەورەترین مەترسییە ڕووبەڕووی هەڵۆکان دەبێتەوە، هەڵۆکان کاریگەری بەکتریا ژەهراوییان نابێت، ٤٠٪ی ئەو بەکتریایانە کە لە ناو گەدەدا لەناو ناچن، لە کۆئەندامی هەرسدا دەمێننەوە بەبێ ئەوەی هیچ کارێك بکەن، یان هیچ کاریگەرییەك دروست بکەن.



# پەرستگای کایلاسای سەرسوڕهێنەر

باڵەخانە و شوێنە کۆنەکان پێشتر دروست کراون، لە ئێستادا هەندێکیان بوونەتە شاکارێکی ئەندازیاریی سەیر و بە کارە سەرسوڕهێنەرەکانی تەلارسازیی نایاب دادەنرێن، وەك پەرستگای (کایلاسایە) کە لە ماوەی سەدەی هەشتەمدا نەخشێنراوە و دەکەوێتە شاری ماهاراشترا لە هیندستان، جارێکی دیکە دروست ناکرێتەوە! پێکهاتەیەکی یەکپارچەیە کە لە یەك پارچە بەردی بازاڵتی ڕەق لە سەرەوە بۆ خوارەوە هەڵکەنراوە. بە هەڵکەندنی نزیکەی ٢٠٠ هەزار بۆ ٤٠٠ هەزار تۆن بەرد.



# قژێکی ناوازە و ئارایشتکردنی ئەستەمە




کچانی هۆزی (مبالانتو) لە وڵاتی نامیبیا گیراوەیەك بەکاردەهێنن بۆ بەهێزکردنی قژیان، کە قژیان بەشێوەیەکی بەرچاو بەهێز و درێژ دەکات، بەڵام ئەم نهێنییە بە هیچ کەس ناڵێن و ڕێگە نادەن کەسانی دەرەوەی هۆزەکە بزانن، هەر بۆیە چەندین ئارایشتکار و پسپۆڕانی قژ لە دوای بەدەستهێنانی ئەو زانیارییانەن کە کچانی ئەو وڵاتی پەیڕەوی دەکەن بۆ بەدەستهێنانی قژی درێژ چەندین جار هەوڵیان داوە لە ڕێگەی کچانی ئەو شوێنەوە بگەن بە هەنگاوەکانیان، بەڵام بێ ئەنجام بوون.

## یاسا




لە ماوەی ژیانی هاوسەرێتیدا ئەگەر ژنێك ئاڵتونەکانی فرۆشت بۆ مێردەکەی بۆ دانەوەی قەرز یان پڕکردنەوەی پێداویستی ژیانیان یان هەر مەبەستێك، ئەو ژنە دەتوانێ داوای ئاڵتونەکان یان نرخی ئاڵتونەکە بکاتەوە کاتێك گەیشتنە ئەوەی جیا ببنەوە، قەراری تەمیزیش هەیە لەو بارەیەوە کە: بڕیاری دادگای تەمیزی ئیتحادی، ژمارە : ٣٤٩٠، ساڵی ٢٠٠٨، کاتێك ژن ئاڵتونەکانی خوی دەفرۆشێت بۆ پیاوەکەی لەکاتی ژیانی هاوسەریدا، بۆ هەر مەبەستێك، دواتر پیاوەکە ئەبێ ئاڵتونەکانی بۆ بکڕێتەوە ژنەکە و دەتوانێت داوای ئاڵتونەکان بکات، یان قیمەتەکەی بەپێی یاسا و شەرعیش داوا بکات.

## کاریکاتێر



ئەم کاریکاتێرە باس لەوانە دەکات کە زگیان تێرە و هەست بە زگی برسی ناکەن، وەك پەندە کوردییەکە دەڵێ: زگی تێر ئاگای لە زگی برسی نییە.

## دیمەنە سەیرەکان



ماری (بایسۆن) لە جوانترین جۆرەکانی مارە لە جیهاندا، بە تایبەت کاتێك خۆی لوول دەدات، یان دەچەمێتەوە، دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی دەبێت.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لەلایەنی پیشەییەوە هەوڵی خۆگونجاندن بدە، کارێك مەکە کێشە بۆ خۆت دروست بکەیت، بەتایبەتی لەم چەند ڕۆژەدا، چونکە کاتێکی باش نییە و کێشەکان قوول دەبنەوە، لەلایەنی سۆزدارییەوە سەرەڕای هەموو کێشەکان کاتێکی خۆش لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەسەر دەبەیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

دەتوانیت بەسەر تەواوی کێشەکاندا زاڵبیت، وا بیر دەکەیتەوە کە دەتوانیت یارمەتی کەسانی چواردەورت بدەیت، ئەمەش بیرۆکەیەکی باشە و پەیوەندیت لەگەڵ کەسانی چواردەورت بەهێز دەکات.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

هەوڵ مەدە کێشەکانت بۆ کەسانێك باس بکەیت کە متمانەی تەواوت پێیان نییە، دەکرێت ئەوان هۆکاربن بۆ ئەوەی زیاتر بکەویتە کێشەوە، لەلایەنی سۆزدارییەوە ئەگەر ڕاستگۆ نەبیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت، ئەنجامی پەیوەندییەکەتان نەرێنی دەبێت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

بەهۆی کێشە چاوەڕوان نەکراوەکانەوە تووشی سترێس و دڵەڕاوکێ دەبیت، خۆت ئامادە بکە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی گرفتەکان ببیتەوە، لەلایەنی سۆزدارییەوە داوا لە خۆشەویستەکەت مەکە نهێنییەکانت بۆ بپارێزێت، ئەگەر خۆت نەیپارێزیت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ڕوبەڕووبونەوەی بەربەستەکان زیاتر ماندووت دەکات، بەڵام وا دەکات زیاتر متمانەت بە خۆت هەبێت و لە هەنگاونان بۆ داهاتوو نەترسیت، مامەڵەکردن لەگەڵ خۆشەویستەکەت ئاسان نابێت، هەوڵ بدە لێی تێبگەیت و لەسەر شتی بچووك کێشە دروست مەکە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

کێشە داراییەکانت چارەسەر دەبن، لەلایەنی پیشەییەوە کارێکی نوێ تاقی دەکەیتەوە و کەمێك لە ڕۆتین دوور دەکەویتەوە، لەلایەنی سۆزدارییەوە خۆشەویستەکەت بە ڕەفتارەکانی نیگەرانت دەکات، هەوڵ بدە قسەی دڵی خۆت بکەیت.

## بۆ زانیاریت

# ئۆنیریکا Onirica گەشتێکە لە ناو خەونێکدا



زانایان ڕێگەی نوێیان دۆزیوەتەوە بۆ دووبارە دروستکردنەوەی وێنەیەك کە کەسێك دەیبینێت یان خەونی پێوە دەبینێت، تەنیا بە سەیرکردنی چالاکییەکانی مێشکی کەسەکە، بەڵام چی ئەگەر لە داهاتوودا بتوانین هونەر و بینراوەکان دروست بکەین، تەنیا بە بیرکردنەوە لێیان؟ جوزێپی لۆ شیاڤۆ، هونەرمەند و شارەزا لە هونەری دیجیتاڵی و سیستمی ژێرسوور و زیرەکیی دەستکرد، مۆدێلێکی زیرەکیی دەستکردی بەکارهێناوە «image to text» بۆ دروستکردنی نوسینی دەنگی دیمەنە ڤیدیۆییەکان، شیاڤۆ ئامانجی دروستکردنی پردێکە لە نێوان هونەر و زانستدا بە بەکارهێنانی هونەری دیجیتاڵی.

## فیلم

### خۆشەویستی لە یەکەم ماچەوە
### Love at First Kiss




فیلمێکی ڕۆمانسی و کۆمێدییە، باس لە کەسێك دەکات بە ناوی خافێر کە سەیری داهاتووی ژیانی دەکات، دواتر هەست بە خۆشەویستیی کەسێك لە نێو ژیانی تایبەتیدا دەکات، ئەو کچەی کە بە دڵیەتی هاوڕێی کەسێکی نزیکی خۆیەتی، بەمەش تووشیی گرفت لە گەیشتن بەو کەسە دەبێتەوە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٣٦ خولەکە، لە دەرهێنانی ئالودا ڕویز دی ئازوایە، لە نوسینی سێرگی گالارادۆ، فیلمەکە بە زمانی ئیسپانییە، لە مانگی ٣ی ئەمساڵ بەرهەم هاتووە و لە ئێستادا نمایش دەکرێت، لە نواندنی سوسانا ئەبایتوا، سیلیڤیا ئەلۆنسۆ، ئەلڤارۆ سێڤانتس، گۆرکا ئۆتکسوا، پیلار کاسترۆ.



## پەند و وتە

زانای باڵندە و داهێنەری موزەخانە (سپێنسەر فۆلێرتۆن بایرد) لە ساڵی ١٨٢٣ لە شاری بەنسەلڤانیا لە ئەمریکا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٨٨٧ لە ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی کەوتن دەڵێت: «لە کەوتن و شکست مەترسە، چونکە هەندێ جار کەوتنەکان باشترن لەوەی وەك خۆی بمێنێتەوە بەبێ گەیشتن بە ئامانج».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا دوو کەس لەسەر شەقامێك درێژ بوون، هەروەها دیمەنەکە پێچەوانە دەردەکەوێت، هەوڵدە ڕاست و دروستیی وێنەکە بزانیت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

هەوڵ بدە بە هێمنی ڕووبەڕووی بەربەستەکان ببیتەوە، کاتێکی گونجاو نییە بۆ ئەوەی ڕەخنە لە خۆشەویستەکەت بگریت، لەم کاتەدا پێویستی بە پاڵپشتی تۆ هەیە و بە تەنیا جێی مەهێڵە، سەرنجت لەسەر ئامانجی ڕاستەقینەت لامەدە، چونکە زۆر نزیکتریت لەوەی بیری لێ دەکەیتەوە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

وریای مامەڵەکردنت بە، هەروەها زیاتر گرنگی بە کێشە پیشەییەکانت بدە نەك تایبەتییەکان، چونکە دەستکردن بە کارێك بە هەڵە، هۆکارە بۆئەوەی ئەنجامێکی خراپی هەبێت و کاریگەری لەسەر ژیانی تایبەتیشت دروست بکات، لەلایەنی سۆزدارییەوە بیر لە گەشتێك بکەرەوە لەگەڵ خۆشەویستەکەت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لەلایەنی پیشەییەوە شتەکانت وا دەردەکەوێت بەو شێوەیە نەڕۆن بەڕێوە کە تۆ دەتەوێت و ئارەزوو دەکەیت وازبهێنیت، بەڵام خۆت مەدە بەدەستەوە بەم زووانە شتەکان ڕێڕەوی خۆیان وەردەگرن، لەلایەنی سۆزدارییەوە گوێگرێکی باشبە بۆ خۆشەویستەکەت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


ئەمڕۆ یەکێکە لەو ڕۆژانە هەست بە سترێسێکی زۆر دەکەیت تێیدا، باشترین هەوڵی خۆت بدە بۆ ئەوەی لەو دۆخە بێیتە دەرەوە، ئەم ماوەیە سەرکێشی مەکە و کارێك مەکە زیان بە خۆت و کەسانی دیکە بگەیەنیت، باشترە هەنگاوەکانت بە وریاییەوە بنێیت.


### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لەلایەنی پیشەییەوە بەرزکردنەوەی پلەکەت بەندە بەو هەوڵانەی دەیدەیت، کەمتر کاربکە، بەڵام بە ژیرانەتر کاربکە، کێشەکانت بە زوویی چارەسەر دەبن و دڵخۆش دەبیت، لەلایەنی تەندروستییەوە ئەگەر لە ئێستاوە سیستمی خۆراکیت ڕێك نەخەیت، خۆت ئامادە بکە بۆئەوەی ڕووبەڕووی گرفتی تەندروستی جدی ببیتەوە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

بینینی خۆشەویستەکەت یارمەتیت دەدات کێشەکانی ڕۆژانەت لەبیر بکەیت، لێکتێنەگەیشتن لە نێوان تۆ و خێزانەکەت هۆکارە بۆ ئەوەی نیگەران بیت، باشترە خۆت بگونجێنیت و جیاوازییەکان قووڵ نەکەیتەوە، تەندروستیت بەرەو باشی دەڕوات.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly
August 21, 2023 Issue,No.1377

# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و رێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە رێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626